گوڵان
www.gulan-media.com
پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فوئاد سـدیق
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@hotmail.com
٠٦٦ ٢٢٣٢٣٨٥
٠٦٦٢٢٣٠٣٠٠

■ جێگری سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
شوان تاڤینگ
Managing Editors
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ و دیزاین
لوقمان ڕەشیدی

■ بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان
ساڵح عومەر قادر
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com

■ فایلەکان
شەماڵ نووری: ئابووری
خەلیل بلەیی: هونەری
هاوژین عومەر: کۆمەڵایەتی
مەهدی حاجی ساڵح: ڕەنگاوڕەنگ
د.عادل حوسێن: تەندروستی
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

■ ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری
تەنیشت مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (پ.د.ک)



## ئەمریکییەکان پێیان وایە ئەگەر کێشەی نەوت چارەسەربکرێت، ئاستەنگەکانی بەردەم کێشەی ناوچە دابڕاوەکان نامێنن


د.تەلار ئەحمەد میرزا: هەموو دەرمانێک زیانی لابەلای هەیە


تەماتە لە شێرپەنجەی پرۆستات دوورت دەکاتەوە


بـۆرا: ئامادەم بە خێرایی لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق کاربکەم


بەهێزترین پەنجە

## لامیتا فەرنجیە: لەگەڵ دەرهێنەرێک کاردەکەم کە خۆشی بووێم



# چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا

# زامنی سەرکەوتنی سیاسیەتی ئۆبامایە لەعێراقدا



بایەخدانی ئیدارەی سەرۆک ئۆباما بەچارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق، هەنگاوێکی تازەی بیرکردنەوەی ستافی سەرەکی ئیدارەی ئۆبامایە بەرامبەر بەعێراق

بایەخدانی ئیدارەی سەرۆك ئۆباما بەچارەسەركردنی كێشە هەڵواسراوەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و حكومەتی فیدراڵی عێراق، هەنگاوێكی تازەی بیركردنەوەی ستافی سەرەكی ئیدارەی ئۆبامایە بەرامبەر بەعێراق، ئەم بیركردنەوەیەش بەو مانایەی لایەنی ئەمریكی رۆڵیكی كاریگەر و یەكلاكەرەوە لەچارەسەركردنی ئەو كێشە هەڵواسراوانە بگرێتە خۆی، مانای وایە وەك لەساڵی ٢٠٠٧ فەرید زەكەریا لەوتارێكدا لە نیوزیوك بڵاویكردەوە بارودۆخی عێراق (سەرلەنوێ بیركردنەوەیەكی تازەی دەوێت) ئەم بیركردنەوە تازەیەی بەر لەدووساڵ فەرید زەكەریا پێشنیاری كرد بۆ ئیدارەی سەرۆك بوش، بریتی بوو لە دووبارە پێناسە كردنەوەی چەمكی سەركەوتن و دووبارە چاوخشاندنەوە بەپرۆسەی پاشەكشەكردنی هێزەكانی ئەمریكا لەعێراقدا، ئەم بیركردنەوەی زەكەریا لەگەڵ ئەوەی تاڕادەیەكی زۆر بیركردنەوەیەكی تازە بوو بۆ چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ دۆسێی عێراق، بەوەی لەبری ئەوەی بیر لەوە بكاتەوە ئەمریكا لەعێراقدا سەركەوتوو بێت، دەبێت بیر لەوەبكاتەوە لەعێراقدا نەدۆڕێت، بۆیە پێشنیاری كردبوو، لەبری ئەوەی عێراق وەك یەك مەسەلەو یەك كێشە سەیربكرێت، باشترە وەك دوو كێشەی جیاواز مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت، ئەمەش بەو مانایەی لەبەشێكی عێراقدا كە هەرێمی كوردستانە تاڕادەیەكی زۆر سەركەوتنێكی گەورە بەدەستهاتووە، بۆیە دەبێت ئەم سەركەوتنە تێكەڵ بەناوچە ئاڵۆزەكانی عێراق نەكرێت، دەبێت ئەو بەشە وەك كۆریای باشوور مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت، بەڵام ئەوەی زەكەریا لەو وتارە گرنگەی تاڕادەیەك فەرامۆشی كردبوو، پەیوەندی بەو لایەنە گرنگە هەبوو، كە هەرێمی كوردستان ئەوكات و ئێستاش وەك هەرێمێكی دیفاكتۆ بارودۆخی هاوشێوەی كۆریای باشوور و تایوان هەرێمێكی دیفاكتۆ و دورگەیەكی سەقامگیرەو هەنگاو بەرەو دیموكراسی هەڵدەگرێت، ئەمەش چۆن هێڵی ٣٨ ی پانی بەسیمێك دوو دنیای جیاوازی دروستكردوو، خوار هێڵی ٣٨ وڵاتێكە نەك لەڕیزبەندی جیهانی یەكەم، بەڵكو ئێستا هەنگاو بەرەو ئەوە هەڵدەگرێت، G٨ بكاتە G٩، بەڵام كۆریای باكوور هەتا ئێستاش لەریزبەندی دەوڵەتانی سێیەمدایەو هەڕەشە لەهەموو مرۆڤایەتی دەكات، راستە هێڵی ٣٦ یش كە ئێستا هەرێمی كوردستان و ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی حكومەتی عێراق لێكجیادەكاتەوە، دیسان دوو جیهانی جیاوازی دروستكردووە، بەڵام نابێت ئەمریكییەكان ئەوەیان لەبیر بچێت، هێڵی ٣٦ لەنێوان هەرێمی كوردستان و ناوچەكانی دیكەی ژێر دەسەڵاتی حكومەتی عێراق، ئەو هێڵە ئامنە نابێت سەقامگیری لێبكەوێتەوە، هێڵی ٣٦ ئەو دوو ناوچەیە دروستناكات كە ئەگەر جیاوازیش لەنێوانیاندا هەبێت كاریگەریان لەسەر یەكتری نەبێت، یان بوونی هێزێكی گەورەی ئەمریكی وەك ئەو هێزەی هەتا ئێستاش لە كۆریای باشوور هەیە گرژی و ئاڵۆزییەكان بڕەوێنێتەوە، بەپێچەوانەوە درێژەدان بەهێڵی ٣٦ وەك سنووری نێوان هەرێمی كوردستان و بەغدا ئەم ئەگەرە مەترسیدارانەی لێدەخوێنرێتەوە:

١- مانەوەی هێڵی ٣٦ یان پێداگرتن لەسەر ئەوەی تەنها ٣ پارێزگا دەبێتە سنووری ئیداری حكومەتی هەرێمی كوردستان، ئەمە مانای ئەوەیە ٤٠٪ی هەموو خاكی كوردستانی عێراق لەهەرێمی كوردستان دادەبڕێت.

٢- مانەوەی ٤٠٪ی خاك و دانیشتوانی كوردستان لەدەرەوەی ئیدارەی حكومەتی هەرێمی كوردستان، واتە تەنها ٦٠٪ی كێشەی كورد چارەسەركراوە و ٤٠٪ی بەچارەسەرنەكراوی ماوەتەوە.

٣- ئەم مانەوەیە بەبێ چارەسەركردن، لەبری ئەوەی هێڵەكە بكاتە هێڵێكی ئامن، هێڵەكە دەكاتە بۆمبێكی تەوقیتكراو بۆئەوەی لەهەر بارودۆخێكدا بتەقێتەوە و ئاییندەی عێراق بەیەكپارچەیی خاكەكی و دەستێوەردانی هەرێمی بخاتە مەترسییەوە.

٤- رووداني ئەم حاڵەتە وەك هەردوو بیرمەندی ئەمریكی (دانیاڵ بایمەن و كینس پۆلاك) لەساڵی ٢٠٠٥ ئەمریكایان لێ ئاگاردار كردەوە، ئەگەر بارودۆخی لەمجۆرە بێتە ئاراوە ئەوا پریشكەكانی تەنها لەعێراقدا كۆتایی نایەت بەڵكو سەرجەم ناوچەكە دەگرێتەوە، لەبەرئەوەی پێكهاتەی ئیتنی و تائیفی لەعێراقدا پێكهاتەكەیە لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی عێراق تیكەڵاوی هەیە و هیچ كەسێكیش ناتوانێت سنوورەكانی عێراق بەتەواوەتی كۆنترۆڵ بكات، بۆیە بەكارهێنانی هێز یان زەمینە دروستبوون بۆ توندوتیژی كێشەكان ئاڵۆز دەكات و چارەسەری كێشەی عێراقی پێناكرێت، بۆیە باشترە بەهێزی نەرم بەپەنابردن بۆ چارەسەركردنی كێشەكان بەرێگەی دەستووری و دیالۆگ ئەو مەترسیانە لەسەر ئایندەی عێراق هەیە دەڕەوێنێتەوە.

٥- ئەم خاڵانە جیاوازیەكی دیكەمان پێدەڵێت، كە تارادەیەكی زۆر ئەو بۆچوونانە لاواز دەكات، كە هەرێمی كوردستان بەسنووری سەروو هێڵی ٣٦ پێناسەدەكەن، یان هەوڵدەدەن، هەرێمی كوردستان بەناوچە ئارامەكەی عێراق لەسەروو هێڵی ٣٦ وە پیشانی رای گشتی ئەمریكی و جیهان بدەن، ئەوا بۆ ئێستا پێویستە بەوجۆرە ئەم كێشەیە پیشانی رای گشتی ئەمریكاو جیهان بدرێت كە بەنەمانی هێڵی ٣٦ و چارەسەركردنی كێشەی ناوچە دابڕاوەكان و گۆڕینی سنووری وەهمی هێڵی ٣٦ بۆ سنووری جوگرافی و مێژوویی هەرێمی كوردستان لەچوارچێوەی عێراقدا، ئەوا ئەو گرێ سەرەتانییە چارەسەر دەكات كە لەسەرەتای دروستكردنی دەوڵەتی عێراقەوە، نەك تەنها كورد بەڵكو تەواوی پێكهاتەكانی عێراق بەكورد و عەرەب و تەواوی نەتەوەو ئایینە جیاوازكانی عێراق بەدەستییەوە دەناڵێنن.

٦- خوێندنەوەی ئێستای ئیدارەی ئۆباما، كە خودی جۆزێف بایدن رۆڵی سەرەكی تێدادەگێڕێت و هەوڵدەدات هەموو بۆشاییەكانی نێو سەرجەم ئەو چارەسەرانە پڕبكاتەوە كە بەدرێژایی ٦ ساڵ لەدوای رووخانی رژێمی عێراقەوە

**ئەم بیركردنەوە تازەیەی بەر لەدووساڵ فەرید زەكەریا پێشنیاری كرد بۆ ئیدارەی سەرۆك بوش، بریتی بوو لە دووبارە پێناسە كردنەوەی چەمكی سەركەوتن و دووبارە چاوخشاندنەوە بەپرۆسەی پاشەكشەكردنی هێزەكانی ئەمریكا لەعێراقدا**



**لەبەشێکی عێراقدا کە هەرێمی کوردستانە ئارادەیەکی زۆر سەرکەوتنێکی گەورە بەدەستهاتووە، بۆیە دەبێت ئەم سەرکەوتنە تێکەڵ بەناوچە ئاڵۆزەکانی عێراق نەکرێت، دەبێت ئەو بەشە وەک کۆریای باشوور مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت**

بۆ عێراقی دوای بەعس پێشنیارکراون، ئەم پڕکردنەوەیە رووە تایبەتمەند و جیاوازەکانی عێراق وەك خۆی دەخاتە سەرمێزی دانوستاندن و لەبەر رۆشنایی ئەو تایبەتمەندی و جیاوازیانە چارەسەر بۆ کێشەکان دیاریدەکات و دیسان هەر لەبەر رۆشنایی ئەو جیاوازی و تایبەتمەندیانە هەوڵ بۆ دروستکردنی ناسنامەی نیشتمانی عێراق دەدرێت، ئەو عێراقەی لەسەر بنەمای دەستوورێك ناسنامەی خۆی وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی و فرەیی و دیموکراتی پێناسە دەکاتەوە.

٧- کەواتە لەم خاڵانەی ئاماژەمان پێکرد، هەوڵەکانی ئەمجارەی ستافی ئیدارەی ئۆباما، کە بێگومان شەخسی سەرۆك ئۆباماش لەدەرەوەی پرۆسەکە نییە بۆ چەسپاندی هێڵی وەهمی ٣٦ و پێدانی موسوکین بۆ هێشتنەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی فاشیل، نەخێر هەوڵەکانی ئەمجارە بۆ بونیادنانەوەی عێراقە وەك دەوڵەتێك کە خاڵی بەهێزی خۆی لەتایبەتمەندی و جیاوازیەکانی تێکڕایی عێراقیەکاندا دەبینێت نەك تواندنەوە نەتەوەیەك لەناو نەتەوەیەکی دیکەدا.

**ماندەوەی ٤٠٪ی خاک و دانیشتوانی کوردستان لەدەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، واتە تەنها ٦٠٪ی کێشەی کورد چارەسەرکراوە و ٤٠٪ی بەچارەسەرنەکراوی ماوەتەوە**

٨- پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەمریکا چیدیکە بانگەواز بۆ ئەو سیاسەتە ناکاتەوە، بەوەی کێشەکانی عێراق کێشەی عێراقیەکانە و ئەوان دەستێوەردانی تێدا ناکەن؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا، وەك ئەوەی ستافی ئیدارەی ئەمریکی بەخودی سەرۆك ئۆباماشەوە سەرۆك وەزیرانی عێراقیان راگەیاندووە، ئەو سیاسەتە بەسەرچوو، ئەمەش نەك بەو مانایەی ئەمریکا خۆی کێشەکان بەبێ ئیرادەی عێراقیەکان چارەسەردەکات، نەخێر، رۆڵی سەرەکی چارەسەرکردنی کێشەکان هەر لەسەر دەستی عێراقییەکان و بەبوونی لێژنەیەکی باڵا لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا چارەسەردەکرێت، بەڵام بوونی ئەمریکا لەناو هاوکێشەکە بۆ نزیکردنەوەی بیربۆچوونە جیاوازەکان و هەروەها بۆ ناوبژیکردن و دۆزینەوەی رێگەی ناوەند لەو کێشانەی پێویستی بەکۆمپرۆمایز (تەوافق)ی نێوان هەولێر و بەغدا هەیە، دەبێتە فاکتەرێکی ئیجابی کە هەردوولا ئارامگریان لەدیالۆگ و دانوستانەکان زیاتربێت و لەو خاڵانەی رووبەڕووی دەرگای داخراو دەبنەوە دانیشتن و دانوستانەکان کۆتاییان نەیەت.

٩- لایەنێکی دیکەی ئیجابی لەم بیرکردنەوە تازەیەی ئیدارەی سەرۆك ئۆباما، دانپێدانێکی زمەنییە بەوەی کێشەکانی عێراق بەتەنها کێشەی عێراقییەکان نییە، بەڵکو دەستێوەردانی ئیقلیمیش لەئاڵۆزکردنی کێشەکاندا رۆڵی کاریگەر دەگێڕن، هەربۆیە دانان بەم راستیە یان لەبەرچاوگرتنی ئەو راستیانەی لەسەر ئەرزی واقیع بوونیان هەیە وەکو خۆی، چەند فاکتەرێکی گرنگ بۆ بەرەی دیموکراتی و عێراقی نوێ دروستدەکات:

أ- ئەم بیرکردنەوە نوێیە، سنووری تەواو بۆ هەموو ئەو دەوڵەتانە دادەنێت کە بەشێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ



**ئەم مانەوەیە بەبێ چارەسەرکردن، لەبری ئەوەی هێڵەکە بکاتە هێڵێکی ئامن، هێڵەکە دەکاتە بۆمبێکی تەوقیتکراو بۆئەوەی لەهەر بارودۆخێکدا بتەقێتەوە**

بەناوی پاراستنی یەکپارچەیی عێراق، بەرگریکردن لەم تائیفە دژی تائیفەیەکی دیکە سنووردار دەکات، ئەم سنووردانانە پێش ئەوەی بۆ ئەو دەوڵەتانە بێت کە ئەمریکا بەدوژمن یان دەوڵەتی تەوەرەی شەڕ ناوزەدیان دەکات، سنوور بۆ ئەو دەوڵەتانە دادەنێت کە خۆیان بەدۆست و هاوپەیمانی ئەمریکا دادەنێن، بەتایبەتی تورکیاو سعودیە.

ب- ئەم بیرکردنەوەیە ئەو توخمانەی پێشتر فاکتەری هاوسەنگی هاوکێشەی سیاسیی ناوچەکەبوون دەگۆڕێت و بەشێوەیەکی دیکە پۆڵین و پێناسەیان دەکاتەوە، ئەمەش بەسادەیی لەبری ئەوەی بەراورد بەوجۆرە بێت ئایا ئەمریکا لەنێوان کورد و تورکیا کامیان هەڵدەبژێریت، دەبێتە ئەوەی ئایا تورکیا لەنێوان پشتگیری بۆ دیموکراتیخواز و تیرۆریستان کامیان هەڵدەبژێریت، سعودیە دەخاتە گۆشەیەکەوە کە چیدیکە ناتوانێت بەناوی دروستکردنی هیلالی شیعەوە (لە ئێرانەوە بۆ باشووری لوبنان) مەرجەکانی خۆی لەرێگەی لۆبییەکانیەوە بەسەر سیاسەتی ئەمریکا لەناوچەکەدا فەرز بکات، ئەم هاوکێشە تازەیە سعودیە دەخاتە بەردەم بەپرسیارەتییێکی دیکە، بەوەی دەبێت سعودیە خۆی یەکلایی بکاتەوە ئایا لەنێوان سەقامگیری هەرێمی و ناسەقامگیری کامیان هەڵدەبژێرێت و پشتگیری کامیان دەکات، ئەم هەڵبژاردنە بۆ سعودیە لەهەر دەوڵەتێکی دیکە قورسترە، لەبەرئەوەی ناتوانێت بەبیانووی دروستبوونی هیلالی شیعی مانۆری سیاسیی لەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق ئەنجامدات، هۆکاری ئەمەش سادەیە، ئەمریکا مەترسی دروستبوونی هیلالی شیعی و گەمارۆدانی سعودیە لەتەنگەی هورمزەوە چارەسەردەکات، نەك لەبەغداوە.

ت- پێگەی کورد لەم هاوکێشەیە بە جۆرێکی دیکە پێناسەدەکرێتەوە، کورد لەم هاوکێشە تازەیە پێگەیەکی گەورەتر و کاریگەرتری پێدەدرێت، ئەمە نەك لەبەرئەوەی شوێنی جوگرافی کوردستان بۆ بازرگانی ستراتیژییە و نەخێر لەبەرئەوەی پێگەی کورد لەوەی پێیاندەگووت (کورد کلیلی سەقامگیری عێراقە) دەبێتە ئەوەی (کورد کلیلی بونیادی دیموکراتییە لەناوچەکەو رۆژهەڵاتی ناوین) ئەم پێگەیە تازەیەی کورد چیدکە بیرمەندانی ئەمریکی رووبەڕووی ئەو پرسیارە سەرسامییە ناکاتەوە بەوەی ئەمریکا ئەو پارانەی بۆ بونیادی دیموکراتی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرفی دەکات، بەرەی دژە دیموکراتی پێ بەهێز دەکات، بۆیە خۆبینینەوەی کورد لەچوارچێوەی بەرەی بونیادی دیموکراتی لەعێراق و رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، دەبێتە هۆکاری ئەوەی بەرژەوەندییەکانی کورد لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی جیهان بۆ بونیادی دیموکراتی لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکبگرێتەوە.

## داڕشتنەوەی سنووری جوگرافی و مێژوویی هەرێم و بەغداو هەڵگرتنی هێڵی وەهمی ٣٦



**خۆبینینەوەی کورد لەچوارچێوەی بەرەی بونیادی دیموکراتی لەعێراق و رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، دەبێتە هۆکاری ئەوەی بەرژەوەندییەکانی کورد لەگەڵ بەرژەوەنیدیەکانی جیهان بۆ بونیادی دیموکراتی لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەراست یەکبگرێتەوە**

ئەم هێڵانە کە لەجوگرافیادا بۆ زانینی کەشوهەوا لەسەر نەخشە دیاریکراون، ئەو هێڵە راستانەن کە لەژووری نەخشە کێشانی جوگرافیای مەناخیدا بەراستە کێشراون، ئامانج لەکێشانی ئەم هێڵانە بۆ زانینی کەشوهەوایە، واتە کاتێك دەڵێن هیڵی ئیستیوا بۆنموونە بەمیسردا تێدەپەڕێت، ئەمە واتە لەئەمریکای لاتینییەوە تادەگاتە باشووری ژاپۆن لەئۆقیانووسی ئارام کەشوهەوایان وەکو یەکە و چەند لەو هێڵە دووربکەینەوە کەشوهەوا گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئێمە نازانین پسپۆرانی جوگرافیای مەناخی ئەم هێڵانە لەو ژوورانەوە فێربوون کە دەوڵەتانی ئیمپریالیزم نەخشەی دەوڵەتەکانیان بەراستە دیاریکردووە، یان دەوڵەتە ئیمپریالیزمەکان سوودیان لەزانستی جوگرافیای مەناخی وەرگرتووە بۆ ئامانجەکانی خۆیان و دابەشکردنی دەسکەوتەکانی شەڕ، بەهەرحاڵ لێرەدا ئەمە باسی ئێمە نییە، ئەوەی مەبەستە، دیاریکردنی هێڵەکانی پانی بۆ جیاکردنەوە و سنووردانان، جۆرێکی دیکەی دابەشکردنی سنووری وڵاتانە بە راستەو دروستکردنی کێشەی زیاترە لەبری چارەسەرکردنی کێشەکان، لەدوای کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ دانانی هێڵی ٣٦ وەك ناوچەیەکی ئارام بۆ کورد بۆ ئەوەی لەدەستدرێژیەکانی رژێمی بەعس دووربخرێتەوە، وەك هەنگاوێکی باش سەیرکرا، بەڵام هەر ئەم هەنگاوە باشە ئێستا کۆمەڵێك گرفتی ئەوتۆی لەگەڵ خۆی هێناوە کە هەندێکجار ئەم گرفتانە هەڕەشە نەك لەئارامی و ئاسایشی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا دەکات، بەڵکو تەواوی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاش لەناوچەکە دەخاتە ژێر هەرەشەو مەترسییەوە، بۆیە لابردنی ئەم هێڵە وەهمییە و گەڕانەوە بۆ سنووری جوگرافی و مێژوویی هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی عێراقدا، دروست وەك لابردنی گرێیەکی سەرەتانییە لەناو مێشکی مرۆڤێکدا، با ورتر سەیری ئەم مەسەلەیە بکەین و بزانین ئەم گرێ سەرەتانییە چۆن نەخۆشەکە دەخاتە دووڕیانی دوومەترسییەوە، کە مەترسی هیچیان لەوی دیکەیان کەمتر نییە، هەر بۆ نموونە، ئەو گرێ سەرەتانییە دەهێڵرێتەوە و دەسکاری ناکرێت ئەوا حەتمیە نەخۆشەکە دەمرێت، نەشتەرگەریش بکرێت، ئەگەر زۆر بە ئەقڵانی و پسپۆری ئەو نەشتەرگەریە ئەنجامنەدرێت، ئەوا لەئەگەری بچووکترین هەڵە و کەموکورتی دیسان مەترسی مردنی نەخۆشەکە دەبێتە مەترسییەکی جیددی، لەحاڵەتی گۆڕینی ئەم هێڵە وەهمیە و گەڕانەوە بۆ سنووری جوگرافی و مێژوویی کوردستانیش (ئەمە واتە چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان بەکەرکویشەوە) ئەم هێڵە دەهێڵرێتەوە و دەسکاری ناکرێت، ئەوا کورد نەیشاردۆتەوە چارەسەرنەکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان و کەرکوك، هەرچۆنێك ئاکامەکەی تەواو بێت، ئەوا ئەو لێی بەرپرس نابێت و ئامادەشە قوربانی بەهەموو دەسکەوتەکانی بدات لەپێناوی ئەو ناوچانەدا، هەوڵیش بدرێت ئەمە بگۆڕێت مافەکان بۆ کورد بگەڕێتەوە، ئەوا دیسان گوشاری دەرەکی و دەستێوەردانی هەرێمی ئایندەی عێراق دەخاتە مەترسییەوە، کەواتە لێرەدا هەموو عێراقییەکان بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی لەبەردەم هەڵبژاردنی دوو رێگەچارەی سەختدان، یان دەبێت پێشوەختە بڕیاری مردنی عێراق وەك دەوڵەتێکی تەقلیدی یەکپارچە بدرێت، یان دەبێت دوایین هەوڵی لەگەڵ تاقیبکرێتەوە، کە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق ئەم بۆمبە تەوقیتکراوە نەتەقێتەوە. بۆ ئەم حاڵەتە جۆزێف بایدن جێگری سەرۆك ئەمریکا، رۆبەرت گیتس سەرۆکی ئەمریکا، هیلاری کلینتۆن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیە کە قاسمی موشتەرەك لەنێوان ئەو لایەنانە دروستبکەن، هەوڵەکانیش بۆ دروستکردنی ئەم قاسمە موشترەکە دوور لەچاوی میدیاکان بێت، لێرەدا بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێدەکەین:

١- دوورخستنەوەی دەستی دەرەکی، بەتایبەتی تورکیا، بۆیە دوای دەستبەکاربوونی ئیداری ئۆباما هەستدەکرێت، تورکیا راشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات، ئەو رێز لەدەستووری عێراق



گوڵان
ژمارە (٧٤٤)
٢٠٠٩/٨/١٠



دەگرێت، ئەوەی دەستووری عێراق بڕیاری لەسەربدات ئەوا تورکیاش ڕێزی لێدەگرێت، ئەم هەنگاوەی تورکیا تێگەیشتنی حکومەتی تورکیایە لەسیاسیەتی ئەمریکا لەعێراقدا، ئەمەش واتە:

أ- تورکیا ڕێز لەو قەوارە سیاسییەی کوردستان دەگرێت، کە دەستووری عێراق وەك هەرێمێکی فیدراڵی لەچوارچیوەی عێراقدا دانی پێداناوە.

ب- تورکیا ڕێز لەئاکامی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق دەگرێت.

دوورخستنەوەی تورکیا، یان تەنانەت ڕاگەیاندنی ئاشکرای حکومەتی تورکیا بگاتە ئەو ئاستەی بەئاشکرا ئەمە بڵێت، ئەمە بەهەنگاوی ڕاستی ئەمریکا دادەنرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق.

٢- یەکلایکردنەوەی هەڵوێستی هەرێمی کوردستان بەرامبەر نەوت و خاك. بەوەی ئایا کورد کە دوای کەرکوك دەکات مەبەستی داهاتەکانی کەکوك بۆئەوەی بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ سوودی لێوەربگرێت، یان مەسەلەکە مەسەلەی خاك و سنوورە و داوای مافی خۆی دەکات، بۆئەمەش کورد هاریکاری نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەمریکاش بووە بەمجۆرە:

أ- حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاشکاوانە ڕایگەیاندووە، کە نەك داهاتی نەوت و گازی کەرکوك، بەڵکو داهاتی نەوت و گازی هەولێر و سلێمانی و دهۆکیش، بەشێکە لەداهاتی نیشتمانی عێراق و دەبێت بەیەکسانی بەسەر هەموو عێراقیەکاندا دابەشبکرێت.

ب- پابەندبوونی کورد بەدەستووری عێراق و ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق، بەوەی ئەو کێشەیە لەچوارچێوەی دەستوور بەجێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بەئەنجامدانی ڕاپرسی یەکلاییکرێتەوە، دیسان هەنگاوی باش چۆتە پێشەوە و بۆ جیهانی دەرخست کورد ئامادەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەنگاوی پێویست هەڵبگرێت.

ت- پێشخستنی چارەسەرکردنی دۆسێی نەوت و گاز پێش چارەسەرکردنی تەواوی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان، ئەمە هەنگاوێکی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەوەی ئامادەیە لەچوارچێوەی عێراقدا کێشەکان چارەسەربکرێت.

٣- یەکلایکردنەوەی هەڵوێستی حکومەتی عێراق بەرامبەر ئەوەی ئایا ئامادەن هاوکاربن بۆ بونیادی عێراقی نوێ و سڕینەوەی ئاسەوارەکانی سیاسەتی تەعریب و شێواندنی دیموگرافیا و ئیداری پاریزگاکانی عێراق، یان درێژە بەهەمان سیاسەت دەدەن؟ بێگومان یەکلایکردنەوەی ئەم مەسەلەیە چارەنووسی عێراق دیاریدەکات، بۆیە فاکتەرەکانی دیکە حکومەتی عێراق ناچار دەکات خۆی لەبەرەی بونیادنانەوەی عێراقی نوێ و سڕینەوەی ئاسەوارەکانی سیاسیەتی بەعس پیشانبدات، هەروەك چۆن زەمینەسازی کرا و سەردانە سەرکەتووەکەی بەڕێز د.مالیکی بۆ هەرێمی کوردستان لێکەوتەوە.

## سەردانەکی د.مالیکی بۆ هەرێمی کوردستان، وەرچەرخانێکی نوێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر

سەردانەکەی د.نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان و کۆبوونەوەی لەگەڵ بەڕێزان مام جەلال سەرکۆماری عێراق و مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان، کۆبووەوەیەك بوو جارێکی دیکە بەرەی عێراقی نوێی لەسەر ئاستی هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکیەکان و تەحەددیەکانی ئاییندەو چارەسەرکردنی کێشەکان کۆکردەوە، بەڵام ئەمجارەیان (وەك وتەبێژی فەرمی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لەپەرلەمانی عێراق وردەکاریەکانی ئەو کۆبوونەوەیەی بەم ڕاپۆرتە ڕاگەیاندووە) ئاستی چارەسەرکردنی کێشەکان لەچارەسەرکردنی کێشەکانی عێراقەوە گۆڕدرا بۆ هەوڵی هەردوولا (حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق) بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی لەنێوان هەولێر و بەغدا هەن، لەمەش زیاتر لایەنی ئەمریکیش لەم مەسەلەیەدا نەك هەر هاریکار دەبن بەڵکو بەشێکیش دەبن لەپرۆسەی چارەسەرکردنەکە.

**لابردنی ئەم هێڵە وەهمییە و گەڕانەوە بۆ سنووری جوگرافی و مێژوویی هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی عێراقدا، دروست وەک لابردنی گرێیەکی سەرەتانییە لەناو مێشکی مرۆڤێکدا**



سەردانەكەی مالیكی شتی دیكەی لەپشتەوە بوو، ئەویش سەرلەنوێ باسكردنی پەیوەندیەكانی نێوان هەرێم و بەغدا بوو

**فریاد رەواندوزی (وتەبێژی فەرمی لیستی هاوپەیمانی كوردستان لەپەرلەمانی عێراق) بۆ گوڵان:**

# ئەمریكیەكان پێیان وایە ئەگەر كێشەی نەوت چارەسەربكرێت، ئاستەنگەكانی بەردەم كێشەی ناوچە دابڕاوەكان نامێنن

▪ ▪ ▪

سەردانی بەڕێز د.نوری مالیكی سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدراڵ بۆ هەرێمی كوردستان و كۆبوونەوەی لەگەڵ بەڕێزان مام جەلال سەرۆك كۆماری عێراق و مسعود بارزانی سەرۆكی كوردستان لەهاوینەهەوای دوكان، سەردانێكی ئاسایی نەبوو، بەڵكو ئەم سەردانە هەنگاوێك بوو بۆ ئاسایكردنەوەی تەمومژی پەیوەندییەكانی نێوان هەولێر و بەغدا و چارەسەركردنی ئەو كێشانەی بەهەڵواسراوی لەنێوان بەغداو هەولێر ماونەتەوە، بۆیە بەدواداچوون لەسەر ناوەرۆك و وردەكاریەكانی ئەم كۆبوونەوەیەو چۆنیەتی هەنگاوهەڵگرتن بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشانە تا ئەوپەڕی بۆ ئایندەی هەرێمی كوردستان و عێراق گرنگە، هەروەها گرنگە بۆ ئیدارەی سەرۆك ئۆباماش كە لەهەڵبژاردنەكانی ساڵی رابردوو بەڵێنی بەگەلی ئەمریكا دابوو هێزەكانی لەعێراق تا كۆتایی ساڵی ٢٠١١ بكێشێتەوە، كەواتە سەقفی زەمەنی بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی عێراق بەگشتی و كێشەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و بەغدا بەكێشەی ناوچە دابڕاوەكانیشەوە، دەبێت زۆر پێش ئەوكاتە بێت كە ئەمریكا هێزەكانی دەكێشێتەوە، بۆیە باكگراوندی سەردانەكەی د.مالیكی لەواشنتۆنەوە بۆ هەرێمی كوردستان دەستپێدەكات نەك لەبەغداوە بۆ هەرێمی كوردستان، ئەمەش وەك بەڕێز رەواندوزی لەم دیمانە ئاماژەی پێكردووە، بەڕێز مالیكی لەكاتی سەردانەكەیدا بۆ واشنتۆن لەلایەن بەڕێزان (سەرۆك ئۆباماو جۆزێف بایدن و خاتوو هیلاری كلینتۆن و رۆبەرت گیتس)ەوەپێی راگەینراوە ئەمریكا دەیەوێت كێشەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و حكومەتی فیدراڵی عێراق چارەسەربكرێت، هەربۆیە خاڵی گرنگی سەركەوتنی ئەم كۆبوونەوەیە بریتیە لەو لیژنەیەی تایبەت بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی نێوان هەرێم و بەغدا دادەمەزرێت، بۆ زیاتر بەدواداچوونی ئەم پرسە گرنگە، بەپێویستمان زانی وتووێژێكی تێروتەسەل لەگەڵ بەڕێز فریاد رەواندوزی وتەبێژی فەرمی لیستی هاوپەیمانی كوردستانی لەپەرلەمانی عێراق و رێكخەری سەردانەكەی د.مالیكی بۆ هەرێمی كوردستان لەسەر وردەكاریەكانی كۆبوونەوەكە و رۆڵی ئەمریكا لەم هاوكێشە تازەیە بكەین، ئەمەش دەقی دیمانەكەیە:

▪ ▪ ▪

جیاوازی ئەمجارە لەگەڵ جارەكانی دیكە ئەوەیە، كە پێشتر لیژنەی فراوان پێكدەهات بۆ چارەسەركردنی كێشەكان، بەڵام ئەمجارە كێشەكان لەنێوان حكومەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتی بەغدا هەولّی چارەسەركردنی دەدەرێت

*** بەڕێزتان وەک وتەبێژی هاوپەیمانی کوردستانی لەپەرلەمانی عێراق و ڕێکخەری سەردانەکەی بەڕێز د.مالکی سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان هاوڕێی سەردانەکەی سەرۆک وەزیران بوون، لەکۆبوونەوە سێ قۆڵییەکەی نێوان سەرۆک وەزیران و سەرکۆمار و سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئامادەبوون، پرسیاری ئێمە لەو خاڵەوە دەستپێدەکات، ئایا چۆن زەمینەی ئەم سەردانە هاتەئاراوە؟**

- ماوەیەک بوو سەرۆک وەزیرانی عێراق دەیویست سەردانی هەرێمی کوردستان بکات، سەردانەکەش لەسەر دوای بەڕێز مام جەلال بوو، بەڵام لە ناوەڕۆکدا جیاواز لەڕووخسار، سەردانەکەی مالیکی شتی دیکەی لەپشتەوە بوو، ئەویش سەرلەنوێ باسکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بوو، لەبەرئەوەی پێشتر لە ئاکامی ئەو کێشانەی هاتبوونە ئاراوە تارادەیەک ئەو پەیوەندیانە تەمومژاوی بووبن، بۆیە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە بۆ باسکردنی ئەم کێشانە بوو لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و گەورە بەرپرسانی هەرێم، پێش ئەوەی بێمە سەرباسی کۆبوونەوەکە، دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم، پێش ئەم کۆبوونەوەیە هەندێک زەمینەسازی کرابوو، دوای ئەوەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان کۆتایی پێهات و ئاکامە بەراییەکان دەرکەوتن، بەڕێز د.نوری مالکیی وەک دەستپێشخەریەک و هەروەها وەک مەسەلەیەکی پرۆتۆکۆلیش بە تەلەفون پیرۆزبایی لەبارزانی و تاڵەبانی کردبوو، لەم تەلەفونانەدا د.مالکی جەختی لەسەر دۆستایەتی نێوان هەردوولا کردبۆوە، هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردبۆوە کە پەیوەندییە سیاسییەکان و شەخسییەکان نابێت تێکەڵی یەکتری بکرێت، باسی لەگرنگی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا کردبوو، هەروەها پیرۆزبایی سەرکەوتنی لیستی کوردستانی لەهەردوو بەڕێزان تاڵەبانی و بارزانی کردبوو، پیرۆزبایشی لەبەڕێز کاک مسعود بارزانی کردبوو، بەبۆنەی هەڵبژادنەوەی بەسەرۆکی هەرێمی کوردستان، جیا لەمانەش زەمینەسازی پێشتریش هەبووە بۆ ئەم سەردانە، وەک ئەوەی چەند جارێک کۆبوونەوە لەگەڵ شاندی حزبی دەعوا کراوە (حزبەکەی بەڕێز نوری مالکیی) لەبەغدا شاندی حزبی دەعوا لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کۆبۆتەوە و لەهەولێریش لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبووبوونەوە، ئەمانە هەمووی زەمینە و کەشوهەوای سەردانەکەی خۆشتر کردبوو، بۆیە کە هاتە دوکان، لەگەڵ بەڕێزان کاک مسعود و مام جەلال کۆبۆوە دەتوانین بڵێین ئەو تەمومژەی پێشتر هەبوو ڕەویبۆوە.

*** ئێستا ئەگەر باسی کەشوهەواو تەوەرەکانی ناو کۆبونەوەکە بکەین، ئایا ناوەڕۆک و وردەکاریەکانی ئەو کۆبوونەوانە چۆن بوون؟**

- لەکۆبوونەوە فەرمیەکە باسی چەند تەوەرێکی گرنگ کرا:

١- تەوەری یەکەم باسی پەیوەندی دووقۆڵی نێوان هەردوولابوو، واتە حزبی دەعوا و پارتی و یەکێتی. هەروەها پەیوەندی نێوان ئیئتلافی عێراق و هاوپەیمانی کوردستانی بەشێوەیەکی گشتی. لەم خاڵەدا جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە پێویستە ئەم هاوپەیمانیەتیەی نێوان پارتی و یەکێتی لەگەڵ حزبی دەعوا لەلایەک، هەروەها هاوپەیمانی کوردستان و ئیئتلافی عێراقی لەلایەکی دیکە پتەوتر بکرێت و درێژەی زیاتری پێبدرێت، بەبەردی بناخەی ئەم بارودۆخە سیاسییە تازەیە و پرۆسەی سیاسیی عێراق و دامەزراندنەوەی عێراقی نوێ و عێراقی دەستووری و فیدراڵی دابنرێت، بۆیە هەردوولا تەئکیدیان لەسەر ئەوە کردەوە، ئەگەر ئاستەنگ یان گرێکوێرەیەکیش لەپەیوەندیەکاندا هەبێت نابێت کاریگەری لەسەر هاوپەیمانی ستراتیژی هەردوولادا هەبێت.

٢- تەوەری دووەم، تەوەری کێشە چارەسەرنەکراوەکانی نێوانمان بوو، ئەم تەوەرە ٣ خاڵی گرنگی تێدا باسکرا:

أ- مەسەلەی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان بەکەرکوکیشەوە، جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠.

ب- مەسەلەی نەوت و گاز.

ت- مەسەلەی پێشمەرگە.

گرنگترین خاڵ کە لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاری لەسەردرا ئەوەبوو، وێڕای ئاڵۆزی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان، وێڕای ئەو ئاستەنگانەی دێنە بەردەمی و وێڕای ئەوەی ئەم کێشەیە کاتێکی زۆری دەوێت، هەروەها کێشەی نەوت و گاز و کێشەی پێشمەرگەش، دەبێت چارەسەر بکرێن، هەروەها ئەمجارە چارەسەرکردنەکە لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا دەبێت، جیاوازی ئەمجارە لەگەڵ جارەکانی دیکە ئەوەیە، کە پێشتر لیژنەی فراوان پێکدەهات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام ئەمجارە کێشەکان لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا هەوڵی چارەسەرکردنی دەدرێت، ئەمیش بەرێگای (دانانی میکانیزمێکی گونجاو، کاتێکی دیاریکراویش بۆ هەریەک لەچارەسەرکردنی ئەو دۆسیانە دیاریبکرێت، هەروەها پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵا لەنێوان هەردوولا بۆئەوەی چاودێری جێبەجێکردنی هەنگاوەکان بکات). هەروەها جەخت لەسەر کاری ئەو لیژنەیەی کار لەسەر دۆسێی ناوچە دابڕاوەکان دەکات، ئەم لیژنەیە بەهێمنی دوور لەمیدیا کارەکانی خۆی جێبەجێ دەکات، ئەم لیژنەیە پێکهاتووە لەنوێنەرایەتی هەرێم کە دوو نوێنەرن لەسەر ئاستی بەرز، نوێنەری حکومەتی عێراق کە ئەوانیش دوو نوێنەرن یەکێکیان وەزیرێکی حکومەتی عێراقە دووەمیان یەکێکە لەراوێژکارەکانی سەرۆک وەزیران، نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان) ئەم لیژنەیە چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکانیان دابەشکردووە بەسەر ٣ ناوچەدا، ( ئاسان، مامناوەندی، هەندێک قورس) ئەم لیژنەیە لەناوچە ئاسانەکانەوە دەستی پێکردووە کاری باشیشیان کردووە و وا بڕیارە بەم نزیکانە دەستبەکارەکانیان بکەنەوە، هەروەها بۆ مەسەلەی نەوت و گاز و پێشمەرگەش، ئەو لیژنەیەشی

تەحەدی دووەم، بەردەوامبوونی کۆبوونەوەی کۆنەبەعسیەکانە لەهەندێک وڵات، کە دواین کۆبوونەوەیان لە ئەنقەرە و بەئامادەبوونی ئەمریکیەکان کردبوو، بەڵام ئەمریکیەکان ئەوەیان ڕوونکردۆتەوە کە ئەوان لەگەڵ ئەوەنین بەهیچ جۆرێک بەعس بگەڕێتەوە

باس لەهەڵبژاردنەکانی ئایندەکرا، ئەگەر لە ٢٠١٠/١/١٦ هەڵبژاردن بکرێت، بەشێوەیەک دەبێت ئەو هاوپەیمانیەی نێوان لیستی کوردستانی و ئیئتلاف، یان هەر هاوپەیمانیەکی دیکە بکرێت، دەبێت بمێنێتەوە

بۆ ئەم مەبەستە پێکدێت، وابڕیارە هەر بەشێکی ئەم کێشە بەجیا باسبکرێت و میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەری کێشەکە دیاریبکرێت، کاتی بۆ دیاری بکرێت، کارەکانی ئەم لیژنەیەش لەلایەن ئەو لیژنە ٣ قۆڵییەی کە لەنوێنەرانی هەرێم و حکومەتی عێراق و نەتەوەیەکگرتووەکان پێکهاتووە چاودێری دەکرێت.

٣- تەوەری سێیەمی کۆبوونەوەکە، باسکردنی ئەو هەڕەشە و تەحەددیانە بوو کە لەم قۆناخەدا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، ئەو هەڕەشە وتەحەددیانە لەسەر دووئاست باسکران:

أ- ئەو لایانانەی کە نایەنەوێت پرۆسەی سیاسیی، پرۆسەی عێراقی نوێ، بونیادنانەوەی عێراقی دەستووری و فیدراڵی و دیموکراتی سەرکەتوو بێت، ئەم لایانە لەگەڵ هەندێك لەدەوڵەتانی دراوسێ بوونەتە میحوەرێك و دەیانەوێت ئەم پرۆسەیە پەکبخەن.

ب- تەحەددی دووەم، بەردەوامبوونی کۆبوونەوەی کۆنەبەعسیەکانە لەهەندێك وڵات، کە دوایین کۆبوونەوەیان لە ئەنقەرە و بەئامادەبوونی ئەمریکیەکان کردبوو، بەڵام ئەمریکیەکان ئەوەیان ڕوونکردۆتەوە کە ئەوان لەگەڵ ئەوەنین بەهیچ جۆرێك بەعس بگەڕێتەوە، هەروەها تەئکیدیشیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە بەهیچ شێوەیەك ڕێگاش نادەن بەعس بگەڕێتەوە،ئەمریکییەکان پێیانگوتوین بەعس پێش ئەوەی دوژمنی ئیوە بێت دوژمنی ئێمەشە، لەکۆبوونەوەکەدا بەدرێژی باسی ئەم مەسەلەیەکرا، سەرۆك وەزیرانی عێراق لەکۆبوونەوەکەدا جەختی لەسەر ئەوەکردەوە، لەسەردانەکەیدا بۆ واشنتۆن ئەمریکییەکان لەسەر ئەم مەسەلەیە دڵنییان کردۆتەوەو کە ئەو کۆبوونەوەی ئەنقەرە هیچ لەهەڵوێستی ئەمریکا ناگۆڕێت بەرامبەر بەعسیەکان و سەدامیەکان، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش لەکۆبوونەوەی دوکان ئەم مەسەلەیە وەك یەکێك لەو تەحەددی و هەڕەشانەی ڕووبەڕووی عێراقی نوێدەبێتەوە باسکرا، هەربۆیە لایەنی کوردستانی یان هاوپەیمانی کوردستانی بەناوی خەڵکی کوردستانەوە پابەندبوونی خۆیان دووپاتکردەوە، بەوەی لەگەڵ هەموو ئەو هێز و لایەنە نیشتمانی و دیموکراتی و ئیسلامیانە دەبێت، کە دژی هەردوو لایەنی تەحەددیەکان دەبنەوە و هەروەها دژی گەڕانەوەی بەعس رادەوەستن.

٤- تەوەرێکی دیکە کە بەکورتی باسکرا، باس لەهەڵبژاردنەکانی ئایندەکرا، ئەگەر لە ٢٠١٠/١/١٦ هەڵبژاردن بکرێت، بەشێوەیەك دەبێت ئەو هاوپەیمانیەی نێوان لیستی کوردستانی و ئیئتیلاف، یان هەر هاوپەیمانیەکی دیکە بکرێت، دەبێت بمێنێتەوە لەنێوان هەردوولادا و نەهێڵرێت ئەو دەسکەوتانەی بەدەستهاتوون لەدەستبدرێن.

*** ئێوە لەوەڵامی پرسیارەکانی ئێمەدا، ئاماژەتان بەوەکرد، بۆ نەهێشتنی ئەو باربەستە دەروونیانەی تەمومژیان لەسەر پەیوەندییەکان دروستکردبوو، باستان لەچەند هەوڵێکی ناوخۆیی کرد، بەڵام وەك بەرپرێشت ئاگاداری لەمانگی رابردوو، دووبەرپرسی پایە بڵندی ئیدارەی ئۆباما سەردانی عێراقیان کرد، کە بریتیبوون لەبەرپرسان جۆزیف بایدن جێگری سەرۆك ئۆباما و رۆبەرت گیتس وەزیری بەرگری ئەمریکا، ئایا لایەنی ئەمریکی چەند کاریگەری هەبووە لەسەر رێکخستنی ئەم کۆبوونەوەیە؟**

- لەراستیدا ئەمریکیەکان هیچ رۆڵیکیان لەرێکخستنی کۆبوونەوەکەدا نەبوو. کۆبوونەوەکە بەئیرادەی کورد و حکومەتی بەغدا رێکخراو هیچ ئیرادەیەکی دەرەکی تیدانەبوو، بەڵام ئەمریکیەکان ئێستا دەیانەوێت و مەبەستیانە کێشەکانی نێوان هەرێم وبەغدا چارەسەر بکرێن، کاتێك بەرێز جۆزێف بایدن سەردانی بەغدای کرد، بەداخەوە لەبەر نارێکی کەشوهەوا نەیتوانی سەردانی هەرێم بکات، بەڵام بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ سەرکردایەتی کورد کرد لەهەولێر و هەروەها لەسلێمانیش، تیمێکی دروستکردووە، ئەم تیمە ئێستا دیراسەتی بارودۆخی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا دەکات، ئەوان واتە ئەمریکیەکان لەو باوەڕەدان کە نابێت بەهیچ شێوەیەك بەر لەکشانەوەی یەکجارەکی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراقدا واتە هەتا کۆتایی ساڵی ٢٠١١، کێشە کانی نێوان هەرێمی کوردستان چارەسەرنەکرابن، جۆزێف بایدن پێیوایە دەبێت کێشەی ناوچە دابڕاوەکان بەکەرکوکیشەوە دەبێت چارەسەر بکرێت، بۆیە ئەمریکییەکان بەمەزندەی خۆیان بەو جۆرە سەیری ئەو کێشەیە دەکەن، ئەگەر بێتو کێشەی نەوت چارەسەرکرا، ئەوا ئەو گوشارانەی ئێستا هەن و بوونە ئاستەنگ لەبەردەم چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەدابڕاوەکان و کەرکوك کۆتاییان پێدێت، هەورەها لەسەردانی د.مالکیش بۆ واشنتۆن هەموو لایەنەکان بەتایبەتی (سەرۆك ئۆباما، جۆزێف بایدن، رۆبەرت گیتس، هیلاری کلینتۆن) ئەم مەسەلەیەیان لەگەڵ د.مالکی باسکردبوو، هەروەها ئاگاداریان کردبۆوە، بەتایبەتی جۆزیف بایدن د.مالکیی ئاگادار کردبۆوە کە ئەو جارێکی دیکەش دەگەڕێتەوە بۆ عێراق، بۆئەوەی قسە لەگەڵ بەغداو هەولێر بکات و رێگە چارەیەك بۆ چارەسەرکردنی ئەم ٣ کێشەیە (نەوت، پێشمەرگە، ناوچە دابڕاوەکان بەتایبەتی کەرکوك) بدۆزنەوە، بۆیە ئەمجارە ئەمریکییەکان لەدەرەوەی یاریگاکە تەماشاکەر نابن، بەڵکو ئەمجارە دەبنە یاریزان و دێنە ناو یاریگاکە و یاریی دەکەن، ئینجا رۆڵیان لەیاریەکەدا یاریزان دەبێت یان حەکەم، گرنگ ئەوەیە لەدەرەوەی یاریگاکە نابن و لەناو یاریگاکەدا بوونیان دەبێت. بەبڕوای من وا دەزانم هەردوولا (کورد و بەغدا) ئەم یاریزانەیان پێ قەبووڵە هەروەها ئەم حەکەمەیان پێ قەبووڵە. بەتایبەتیش جۆزێف بایدن کە چ وەك کەسایەتێکی گرنگی ئەمریکاو جێگری سەرۆکی ئەمریکا زۆر ئەم مەسەلەیەی لاگرنگە. هەروەها رۆبەرت گیتسیش کە هاتبوو بۆ بەغدا ئەم مەسەلەیەی باسکردبوو، وابڕیارە بۆ سەرەتای مانگی دادێ ( ئەیلول) لەوانەیە جارێکی دیکە جۆزێف بایدن بگەڕێتەوە، هەروەها وابڕیارە لەناوەڕاستی ئەم مانگەش جۆن مەکین لەگەڵ سیناتۆرێکی دیکە دێنە بەغدا و

**ئەمریکیەکان ئێستا دەیانەوێت و مەبەستیانە کێشەکانی نێوان هەرێم وبەغدا چارەسەر بکرێن**

**ئەمریکییەکان بەمەزندەی خۆیان بەو جۆرە سەیری ئەو کێشەیە دەکەن، ئەگەر بێتو کێشەی نەوت چارەسەرکرا، ئەوا ئەو گوشارانەی ئێستا هەن و بوونە ئاستەنگ لەبەردەم چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەدابڕاوەکان و کەرکوك کۆتاییان پێدێت**

هەولێر و ئەم مەسەلانە تاوتوێ دەکەن.

*** سەبارەت بە رۆڵی ئەمریکا لەچارەسەرکردنی ئەم پرسە گرنگەدا، ئایا ئەمریکییەکان تەنها وەك میانگیرو ناوبژیوان بەشدار دەبن، یان گوشاریش دەخەنە سەرهەردوولا بۆئەوەی کێشەکان بەزوویی چارەسەربکەن؟**

- لەوانەیە گوشاریش بەکاربهێنن، لەگەڵ ئەوەی من نازانم شێوەی گوشارەکانیان چۆن دەبێت، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە رۆڵی ئەمجارەی ئەمریکا وەك جاران نابێت، بەڵکو کاریگەرتر دەبێت، پێشتر زۆر بایەخیان بەمەسەلەکە نەدەداو لەدوورەوە سەیری مەسەلەکەیان دەکرد، بەڵام ئەوەی ئێستا من ئاگام لێەتی و لەخودی ئەمریکیەکانم گوێ لێبوە، لەبەرپرسی دۆسیەی کورد کە قسەی لەگەڵ کردووم پێی گوتووم، ئەمجارە ئەمریکییەکان وەك تەماشاکەر لەدەرەوەی یاریگا ڕاناوەستێت، بەڵکو دەبێت یەکێك لەو کەسانەی کە لەناو یاریگاکە بوونیان هەیە و بەشێکن لەیاریەکە، ئەوجا لەناو یاریگاکە وەك یاریزان بەشداری دەکات یان حەکەم دەبێت لەنێوان هەردوولادا، ئەوە دواتر ئەو رۆڵە ئاشکرا دەبێت.

*** ئێوە پێشتر باسی ئەوەتانکرد، ئەمجارەش لیژنەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان خراونەتەوەگەڕ، بەڵام ساڵی پاریش هەر چارەسەرکردنەکە بە لیژنەکان سپێردراو ئاکامێکی ئەوتۆشی نەبوو، هەروەها تۆ دەڵێیت ئەمجارە جیاوازە لەساڵی رابردوو، ئایا ئەو جیاوازیە چییە؟**

- بەڵی ئەمجارە جیاوازە، لەبەرئەوەی ئەمجارە ئەو لیژنەی دروستکراوە لەنێوان نوێنەرانی هەرێم و بەغدا بەتایبەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان بەغداو هەولێر دروستکراوە، بەڵام لەپێنج لیژنەکەی کە پێشتر دروستکرابوون، هاوپەیمانی کوردستان بەشێك بوو لەهەر لیژنەیەکەدا بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشە نیشتمانییەکانی عێراق، ئەمەش واتە لیژنەکان تایبەت نەبوون بۆ کێشەکانی نێوان بەغداو هەرێم، بەڵکو کێشەکانی هەرێم بەشێك بوون لە تێکڕایی کێشە نیشتمانییەکانی عێراق، هەربۆنموونە کە ئەو ٥ لیژنەیە دەهاتنە سەر دۆسێی سەربازی، لای لایەنی سونە هاوسەنگی گرنگ بوو، دەیپرسی چەند سونە لەناو یەکە سەربازیەکاندا هەیە، ژمارەی ئەفسەرەکانی سونە چەندن، بەلای کوردەوە راستە مەسەلەی هاوسەنگی گرنگ بوو، بەڵام مەسەلەیەکی دیکەش هەبوو، کە ئەویش مەسەلەی پێشمەرگە بوو، چۆن پێشمەرگە ببێتە سیستمی بەرگری نیشتمانی، بۆیە ئەو پێنج لیژنەیەی کە بەردەوام باسدەکرێت، تەنها باسی لەکێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا نەدەکرد، بەڵکو باسی هەموو ئەو کێشانەیان دەکرد کە رووبەڕووی پرۆسەی سیاسیی لەعێراقدا ببووەوە،بەڵام ئەم لیژنەی ئێستا تایبەتە بەگەڕان بەدوای کێشە گرنگەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، ئەگەر بتوانین ئەم دەرفەتە بقۆزینەوە، من لەو باوەڕەدام دەتوانین زۆربەی کێشەکان تاوتوێ بکەین و چارەسەری بۆ بدۆزینەوە،ب ەتایبەتی دۆسێی نەوت و دۆسێی پێشمەرگە، چونکە رەنگە کێشەی ناوچە دابڕاوەکان کاتێکی زۆرتری بوێت، بەڵام کێشەی ئەو ناوچانەی کە پێیاندەڵێن کێشەی (ا) واتە کێشەی ناوچە ئاسانەکان لەم ماوەیەدا چارەسەربکرێن.

*** ئەوەی ئێوە باستانکرد، دەتوانین بڵێین دەکرێت بەوەرچەرخانێکی دابنێین لەنزیکبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان بەغداو هەولێر یان بەغداو کوردستان، بەڵام لەهەمانکاتدا هەندێك کەس لەکوردستان کە بەخۆی دەڵێت شرۆڤەگەری سیاسیی یان سەرۆك حزبێکە، تەفسیرێکی ناجۆر بۆ ئەم کۆبوونەوەیە دەکات، ئایا ئەوانە لەسەر چ بنەمایەك ئەو بۆچوون و شرۆڤانە دەردەبڕن لەکاتیکدا وەك ئێوە ئاگاداری ناوەرۆك و وردەکاریەکانی ئەو کۆبونەوەیە نین؟**

- من لەو باوەڕەدام هەموو ئەوانە لەناوەرۆکی کۆبونەوەکان ئاگادارن و دەشزانن چی باسکراوە، لەبەرئەوەی من



جۆزیف بایدن د.مالکیی ئاگادار کردبۆوە کە ئەو جارێکی دیکەش دەگەڕێتەوە بۆ عێراق، بۆئەوەی قسە لەگەڵ بەغداو هەولێر بکات و رێگە چارەیەک بۆ چارەسەرکردنی ئەم ٣ کێشەیە (نەوت، پێشمەرگە، ناوچە دابڕاوەکان بەتایبەتی کەرکوک) بدۆزنەوە، بۆیە ئەمجارە ئەمریکییەکان لەدەرەوەی یاریگاکە تەماشاکەر نابن

ئەوانەی کە دەیانەوێت گرنگی کۆبونەوەکە و هەوڵەکانی سەرکردایەتی کورد بەکەم ببینین، یان گرنگی سەردانی مالکیی بەکەم لە قەڵەمبدەن، من ئەوەندە دەڵێم ئەوانە گرووەکانیان دۆڕاوە

یەكێك بووم لەرێكخەری ئەو كۆبوونەوانە، لەگەڵ سەرۆك وەزیران و شاندەكەی بەغدا هاتووم، وەك پێگەی خۆشم وتەبێژی فەرمی هاوپەیمانی كوردستان بۆ زۆربەی میدیاكانی كوردستان قسەمكردووە، رەنگە بەم تێروتەسەلیەی بۆ گوڵان قسەمكردووە بەوجۆرە قسەم نەكردبێت، بەڵام لێدوانم داوە، ئەوانەی باس لەوە دەكەن ئەم كۆبوونەوەیە كۆبوونەوەیەكی گرنگ نەبووە، ئێمە ناڵێین بەڵكو بەشاهیدی خۆیان كە جاران شاندەكانی دیكەی حكومەت دەهاتنەوە بۆ بەغدا، هیچیان نەدەگوت، بەڵام ئەمجارە خۆیان باس لەوەدەكەن، كە ئەم كۆبوونەوەیە سەركەتووترین كۆبوونەوە بووە، ئەمەش لەبەر چەند هۆیەك، یەكەم كەشوهەوای كۆبوونەوەكان زۆر دۆستانە بوو، دووەم ئەمجارە لایەنی حكومەتی عێراقیش گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی ئەگەر كێشەكان چارەسەرنەكرێن لەوانەیە بارودۆخەكە زیاتر ئاڵۆز بێت، ئەوانەی كە دەیانەوێت گرنگی كۆبونەوەكە و هەوڵەكانی سەركردایەتی كورد بەكەم ببینین، یان گرنگی سەردانی مالكیی بەكەم لە قەڵەمبدەن،من ئەوەندە دەڵێم ئەوانە گرەوەكانیان دۆڕاوە لەبەرئەوەی لەكاتێكدا ئەو مافە بەخۆیان دەدەن جەخت لەسەر ئەوە بكەنەوە كێشەكان چارەسەربكرێن، ئاماژە بەوەدەكەن كورد لەبەغدا هیچی نەكردووە و كورد واو كورد وا، یان سەركردایەتی كورد كەمتەرخەمی كردووە لەئاستی چارەسەركردنی ئەو مەسەلانە، لەكاتێكدا هەوڵێك بەو ئامانجە بێتەئاراوە و ئەوانە لەدژی رادەوەستن، ئەمە جۆرێكە لەهاودژی. جۆرێكە لەدووڕوویی سیاسیی، من لەو باوەڕەدام دەبێت پێش ئەوەی سەیری بیروڕای سیاسیی جیاواز یان ناكۆكییەكانمان بكەین،دەبێت هەمووومان هەوڵەكانمان بۆ ئەوەبێت، هیچ كێشەیەك لەنێوان بەغداو هەرێم نەمێنێت، ئەم مەسەلەیە مەسەلەی مافەكانی كوردە، نەك پەیوەندی نێوان بارزانی و مالیكی یان چارەسەركردنی كێشەی نێوان بارزانی و مالیكی، ئەگەر مەسەلەكە كێشەی كورد نەبێت، من

**من پێموایە پەیوەندی هیچ كەسێك، هێندەی پەیوەندی نێوان بارزانی و مالیكی بەهێز نییە، هەربۆیە هەردوو سەركردە زۆرجار باس لەوەدەكەن، كە پەیوەندییەكانی بارزانی ومالیكی زۆر لەوە قووڵترە، كە زۆرجار هەندێك كەس باس لەوەدەكەن پەیوەندی نێوان بارزانی و مالیكی خراپە**

پێموایە پەیوەندی هیچ كەسێك، هێندەی پەیوەندی نێوان بارزانی و مالیكی بەهێز نییە، هەربۆیە هەردوو سەركردە زۆرجار باس لەوەدەكەن، كە پەیوەندییەكانی بارزانی ومالیكی زۆر لەوە قووڵترە، كە زۆرجار هەندێك كەس باس لەوەدەكەن پەیوەندی نێوان بارزانی و مالیكی خراپە، نەخێر پێوەندییەكان هەر بەهێزن، بەڵام مەسەلەكە بۆچوونی جیاوازە، لەعێراقی فیدراڵدا، كە وڵاتێكە تازە خەریكین بونیادی دەنێینەوە، سیستمەكە تازەیە، بۆیە ئەمجۆرە جیاوازیی و كۆسپانە لەنێوان حكومەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتی فیدراڵی عێراقدا بەئاسایی دەزانم، لەلایەكی دیكە ئەم كێشەیە تەنها كێشەی نێوان هەرێمی كوردستان و بەغدا نییە، بەڵكو كێشەی نێوان ئەو پارێزگایانەشە لەگەڵ بەغدا، كە نەبوونەتە هەرێم، بەڵام بەردەوام هەوڵدەرێت لەبەر دوو هۆ كێشەكانی نێوان بەغداو هەرێم گەورە بكرێت:

**١-** لەبەرئەوەی هەرێم هەرێمی كوردستانە و لەرووی ئیتنییەوە جیاوازە.

**٢-** لەبەرئەوەی هەرێمی كوردستان هەرێمە و كۆمەڵێك دەسەڵاتی هەیە بەپێی دەستووری عێراق، ئەم دەسەڵاتە بۆ كولتووری سیاسیی عێراق شتێكی تازەیە.

ئەمە جگە لەناوخۆی هەرێمی كوردستان كە هەندێك كەس هەن دەیانەوێت ئەم هەوڵانە بەكەم سەیربكەن، لەناو بەغداش هەندێك لایەن هەن لەوە ئاسوودەنین كە دەبینن هەولێر و بەغدا لێكنزیكبوونەتەوە، لەوە نارەحەتن تەمومژی پەیوەندییەكان رەویوەتەوە، لەوە نارەحەتن وا خەریكە پەیوەندییە سیاسییەكان نوێدەبێتەوە، لەوە نارەحەتن كە هەڵوێستی هاوپەیمانی كوردستان و حكومەتی هەرێمی كوردستان لەگەڵ حكومەتی بەغدا لەیەك تای تەرازوو خۆیان دەبینەوە لەبەرامبەر ئەو تەحەددیانەی رووبەڕووی عێراق دەبێتەوە، لەبەرئەوەی ئەمانە سوود لەناكۆكیەكانی نێوان بەغداو هەولێر



وەردەگرن، دەتوانن لەئاوی لێڵی ئەو پەیوەندیانە مەلە بکەن.

*** سەردانەکی د.مالیکی بۆ کوردستان تەنها بریتی نەبوو لەکۆبونەوەکە، بەڵکو سەردانی شاری هەڵەبجەی کردوو، هەروەها لەگەڵ میدیاکارانی کوردستان کۆبووەوە، ئایا ئەمە بەشێك بوو لەو بەرنامەیەی کە پێشتر داڕێژرابوو، یان لەکوردستان بیر لەوە کرایەوە؟**

- لەوکاتەی ئێمە بەرنامەی سەردانەکەی مالیکمان ڕێکدەخست، د.مالیکی جگە لە مەسەلە سیاسییەکان دوو مەسەلەی لاگرنگ بوو، یەکەمیان سەردانی هەڵەبجە، لەبەرئەوەی هەڵەبجە شارێکە، نە بەسەردانێك و نە بەوەی هەرچی پێماندەکرێت بۆی بکەین ناتوانین قەرەبووی ئەو زەرەرو زیانەی بۆ بکەینەوە کە لەسەر دەستی بەعس لێیکەتووە. هەروەها پێشی گووتین حەزدەکەم چاوم بەمیدیای کوردی بکەوێت، لەهەڵەبجە خەڵك کۆکرابۆوە، چووینە مۆنۆمێنتەکە و لەوێش خەڵکی بینی و قسەی بۆکردن، قائیمقامی هەڵەبجە چەندین داواکاری پێشکەشکرد، سەبارەت بەخزمەتگوزاری و قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوانی چەکی کیمیاوی و ناردنەدەرەوەی ئەو کەسانە هەتا ئێستا چارەسەرنەکراون، جگە لەمانە داوای ئەوەی کرد، بۆئەوەی هەڵەبجە زیاتر بایەخی پێبدرێت بکرێتە پارێزگا. مالیکی لەکاتی گەڕانەوەی تەنانەت لەناو فڕۆکەش گوتی من بەگەڕانەوەم بۆ بەغدا یاداشتێك پێشکەشی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم بۆئەوەی شتێك بۆ هەڵەبجە بکەین، بەڵام گوتی پێویستم بەوە هەیە راوێژ لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیرە کوردەکان بکەم، بۆئەوەی بزانین چی باشە ئێستا بۆ هەڵەبجە بکرێت، سەبارەت بەبوونی هەڵەبجەش بەپارێزگا، گوتی منیش پێمخۆشە ببێتە پارێزگا، بەڵام ئەمە دەبێت لەبەغدا قسەی لەسەر بکرێت، بۆ مەسەلەی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی کیمابارانیش، خۆی بەر لەئێستا لیژنەیەکی لەوەزارەتی تەندروستی حکومەتی فیدراڵ ناردبوو، دیارە راپۆرتێکی کۆتاییان پێشکەشکردبوو، دوێنێ (٢٠٠٩/٨/٥) داوای راپۆرتەکەی کردبوو، بەپێی ئەو راپۆرتە و راسپاردەکانی ناو ئەو راپۆرتەی کە ئەو تیمەی وەزارەتی تەندروستی بەسەرۆکایەتی بریکاری وەزیر ئامادەیان کردبوو، بڕیاردرا هەموو ئەو راسپاردانەی لەو راپۆرتەدا هاتوون جێبەجێ بکرێن.

هەر لە هەڵەبجە وتارێکی خوێندەوە، وتارەکە وتارێکی ویژدانی بوو، جەختی لەسەر ئەوەکردەوە ئەو تاوانبارانەی دەستیان لەمەسەلەی هەڵەبجە و گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا هەیە، دەبێت سزای عادیلانەی خۆیان وەربگرن، زۆر بەتوندیش هێرشی کردە سەر ئەو کەسانەی کە نایانەوێت ئەو کەسانە ئیعدام نەکرێن. سەبارەت بە کۆبوونەکەش لەگەڵ میدیا، هەموو میدیاکان هەموو رەگەکان ئامادەبوون، من خۆم کۆڕەکەم بەڕێوەدەبرد، بەئەنقەست ویستم هەموو میدیاکاران بیروڕای خۆیان بخەنەڕوو.

*** ئەگەر شتێکت مابێت و بتەوێت لەرێگەی ئەم دیمانەیە بیڵێیت و ئێمە پرسیارمان نەکردبێت، بەڕێزت دەتوانیت بەخوێنەرانی گۆڤارەکەمانی بگەیەنیت.**

- ئەمە دەرفەتێکی باش بوو، لەبەرئەوەی خاڵێکی گرنگ هەیە دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە، کە لەستوونە هەفتانەکەی خۆشم ئاماژەمپێکردووە، گرنگترین خاڵ ئەوەیە پێویستە بەدواداچوونە هەبێت بۆ کارەکان، بۆئەوەی ئەم لیژنەیە زوو پێکبهێنرێت، هەروەها خاڵێکی گرنگی دیکە ئەوەیە، بەڕێز سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شاندە باڵاکەی هەرێم کە بڕیارە بێنە بەغدا زوو بێنە بەغدا، لەبەرئەوەی کات کەم بەدەستەوەماوە، بۆیە ئەگەر زوو سەردانی بەغدا بکەن هیچ نەبێت دەتوانین لیژنەکە دروستبکەین و هەندێك لەم کێشانە چارەسەربکەین.



**مالیکی لەکاتی گەڕانەوەی تەنانەت لەناو فڕۆکەش گوتی من بەگەڕانەوەم بۆ بەغدا یاداشتێك پێشکەشی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم بۆئەوەی شتێك بۆ هەڵەبجە بکەین**

چارلس کۆپچان لە سەنتەری ئەنجوومەنی پەیوەندیەکانی دەرەوە بۆ گوڵان:

# بۆئەوەی دوای کشانەوەی هێزەکان عێراق دابەشنەبێ دەبێت ئەمریکا هاریکاری بەغداو هەولێر بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان

■ ■ ■

**پرۆفیسۆر چارلس کۆپچان، کە ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لەزانکۆی جۆرجتاون، یەکێکە لەپسپۆرە دیارەکانی سەنتەری ئەنجوومەنی پەیوەندیەکانی دەرەوە (CFR)و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و دۆسیێ ئێران و عێراق بەتایبەتی، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای عێراق و کێشەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەندی عێراق، پرۆفیسۆر کۆپچان بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتەئاخاوتن.**

■ ■ ■



*** وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەسەروبەندی کشاندنەوەی هێزەکانیدایە لەعێراقدا، بەڵام ئەگەر ئەمەریکا بیەوێت عێراق سەقامگیربێت، دەبێت یارمەتی بدات لەچارەسەرکردنی کیشە هەڵپەسێردراوەکانی و بۆ گەیشتن بەدیموکراسی، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمەریکا تا چ ڕادەیەك ئامادەی ئەم هاوکاریکردنەیە؟**

- وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەکاتی کشاندنەوەی هێزەکانی لەشارەکان و لەکاتی کشاندنەوی لە وڵاتەکەدا کار بۆ باشترکردنی سەقامگیری عێراق دەکات، بۆ نموونە حاڵی حازر هێزەکانی عێراق جڵەوی دۆخە ئەمنیەکەی شارەکانیان بەدەستەوەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێزەکانی ئەمەریکا کاریان لەگەڵدا دەکەن و مەشقیان پێدەکەن. هەروەها لەبەر ئەوەی حکومەت و گەلی عێراق بە ڕاشکاوی ئەوەیان ڕاگەیاندووە کە خوازیاری ئەوەنین هێزەکانی ئەمەریکا بۆ ماوەیەکی نادیار لە وڵاتەکەدا بمێنێتەوە، ئەوا بوونی سەربازی ئەمەریکا لە عێراقدا کەم دەبێتەوە، لە بری ئەوە پتر لە ڕووی سیاسیەوە پشتگیری لە حکومەتی عێراق دەکات.

*** هەرێمی کوردستان هەرێمێکی ئارام، گەشەکردو و سەقامگیرە، بەڵام چەندین کێشەی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا هەیە، وەك کێشەی کەرکوك، کێشەی دابەشکردنی داهاتی نەوت، بودجەی هەرێم و هتد، بەڵام تا ئێستا حکومەتی**

**عێراقی هەنگاوی جیددی نەناوە بۆ چارەسەرکردنیان، ئێوە هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێننەوە؟**

- پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزی یەکێکە لەو تەحەددیاتانەی ڕووبەڕووی عێراق دەبێتەوە، لەبەرئەوەی هێشتا کێشەگەلێکی وەك کەرکوك و دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت هتد بەچارەسەرنەکراوی ماونەتەوە. من پێموایە دەبێت ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا کار لەگەڵ هەردوولادا بکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، بۆ ئەوەی لەدوای کشاندنەوەی هێزەکانی لە عێراقدا ولاتەکە بەرەو دابەشبوون و پارچە پارچەبوون نەچێت.

*** دەتوانین بڵێین عێراق دەستورێکی باشی هەیە، کە دەکرێت پشتی پێ ببەسترێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ولاتەکە، لەم ڕووەوە هەمیشە کوردەکان ئامادەبوونە پەنابببەنەبەر دەستوور، ئەمە لەکاتێکدا حکومەتی مەرکەزی هەوڵی دورستکردنی کۆسپی داوە لەبەردەم جێبەجێکردنیدا، ڕاوبۆچونی ئێوە چیە لەم ڕووەوە، یاخود هۆکاری ئەم هەڵوێستەی حکومەتی عێراقی بۆچی دەگەڕێنێتەوە؟**

- یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانە پێویستی بەسازشی هەمولایەك هەیە، لەڕاستیدا من ئۆباڵەکە بە تەنها ناخەمە ئەستۆی حکومەتی عێراقی، من لەو باوەڕەدام کە سازشکردن و گەیشتن بەئیجماعێك لەنێوان تێکڕایی لایەنەکاندا مەرجی سەرەکی هێنانەدی و چەسپاندنی سەقامگیرین لە ولاتەکەدا.

*** بەڵام زۆرجار کۆبونەوە ئەنجامدراوە بە ئامادەبوونی سەرۆك کۆماری عێراق و سەرۆك وەزیرانی عێراق و سەرۆکی حکومەتی کوردستان و دواتر ڕاگەیاندراوە کە چارەسەر بۆ کێشەکان دۆزراوەتەوە، کەچی لەسەر ئەرزی واقیع هیچ هەنگاوی عەمەلی بەدی ناکرێت، ڕاوبۆچونی ئێوە چیە لەم ڕووەوە؟**

- ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بەدۆزینەوەی زەمینەیەکی هاوبەش لەنێوان لایەنەکاندا، لەڕاستیدا من پێموایە هۆکاری بەردەوام بوونی گفتوگۆ و کۆبوونەوەکان بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە هیچ لایەك نایەوێت ئۆباڵی شکستەکە بکەوێتە سەرشانی بەوەی دەست لە گفتوگۆکردن هەڵبگرێت، هەرچەندە هێشتا نەگەیشتوینەتە ئەو ئاستەی چارەسەرێك بۆ ئەو کێشانە بدۆزرێتەوە.

*** ئایا تا چەند ئەمەریکا ئامادەی هاوکاری کردن و هاندانی لایەنەکانە بۆ ئەوەی پێکەوە کاربکەن بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشانە؟**

- من پێموایە ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بەردەوام دەبێت لەسەر پشتیوانی سیاسی و هاندانی لایەنەکان بۆگەیشتن بەچارەسەر، بەڵام لەبەرئەوەی ئەمەریکا



لەسەروبەندی کشاندنەوەی هێزەکانیدایە لەعێراقدا، ئەوا مەسەلەکە ڕووبەڕووی عێراقیەکان خۆیان دەبێتەوە، زیاتر لەئەمەریکا بۆئەوەی کار بەئاڕاستەی یەکلاکردنەوەی ئەم کێشانەدا بکەن.

*** ئەمەریکا و حکومەتی عێراقی ئەو ڕاستیە دەزانن کە کێشەی کەرکوك هێڵی سوورە و هیچ سەرکردە و حکومەتێکی کوردی ئامادەنییە سازشی لەسەربکات، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی لەگەڵ زانینی ئەم ڕاستیەدا فشار دەخەنەسەر کوردەکان بۆئەوەی سازش لەبارەی کەرکوکەوە بکەن؟**

- بەلای منەوە بنەما سەرەکیەکە ئەوەیە کە دەبێ هەوڵی دۆزینەوەی کۆدەنگی و زەمینەی هاوبەش بدرێت لەبری ئەوەی هەرلایەنێك پابەندبێت بەو هەڵوێستانەوە کە لایەنەکانی دیکە قەبووڵی ناکەن.

*** لەم ڕۆژانەی دواییدا سەرۆك وەزیرانی عێراق، نوری مالیکی سەردانی کوردستانی کرد و لەگەڵ لەگەڵ سەرۆك بارزانی بە ئامادەبوونی سەرۆك تاڵەبانی کۆبووەوە، ئەم سەردانە گەشبینی لای کوردەکان دروست کرد بەوەی بە جۆرێك لە جۆرەکان کێشەکان چارەسەربکرێت و لێکدانەوەی ئێوە چیە؟**

- ئەمە دەستپێشخەریەکی باش بوو، هۆکارێك دەبێت بۆ بەرەوپێشچوونی گفتوگۆکان، هەرچەندە هێشتا نەگەیشتونەتە چارەسەر، بەڵام گەشبینی دروستکرد کە گفتوگۆکان بەردەوام دەبن.

*** ئایا چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان کوردستان و حکومەتی مەرکەزی چ دەرئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە لەسەر دۆخی سیاسی لە عێراقدا؟**

لەماوەی چەند ساڵی ڕابردودا، هەندێ کێشە بەرەوپێشچوونی باشیان بەخۆیانەوە بینی، بۆ نموونە ناکۆکی تائیفی تا ئاستێکی زۆر باش پاشەکشەی کردووە، بەلای کەمەوە لە ئێستادا، بەو پێیە ئێستا کێشەی گەورە و ناکۆکی گەورە پەیوەندیەکانی نێوان حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستانە و چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر سەقامگیری عێراق.

**ئەمەریکا بەردەوام دەبێت لەسەر پشتیوانی سیاسی و هاندانی لایەنەکان بۆگەیشتن بەچارەسەر، بەڵام لەبەرئەوەی ئەمەریکا لەسەروبەندی کشاندنەوەی هێزەکانیدایە لەعێراقدا، ئەوا مەسەلەکە ڕووبەڕووی عێراقیەکان خۆیان دەبێتەوە**

**دەبێ هەوڵی دۆزینەوەی کۆدەنگی و زەمینەی هاوبەش بدرێت لەبری ئەوەی هەرلایەنێک پابەندبێت بەو هەڵوێستانەوە کە لایەنەکانی دیکە قەبووڵی ناکەن**

گاریس پۆرتەر لەسەنتەری ئەنجوومەنی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەراستەوە بۆ گوڵان:

# بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەوت و کەرکوک لەوانەیە ئەمریکا رۆڵی میانگیر بگێڕێت

**پرۆفیسۆر گاریس پۆرتەر یەکێکە لەتوێژەرە دیارەکانی سەنتەری ئەنجوومەنی سیاسیەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دبلۆماتکارێکی سەربەخۆ و شرۆڤەگەرێکی سیاسی و رۆژنامەنووسێکی دیاریشە، پرۆفیسۆر گاریس پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دۆسێی عێراق ودەوڵەتانی کەنداو، هەروەها گاریس پۆرتەر لەسەر دۆسێی عێراق وەك لێکۆڵەرێکی سیاسیی بەناوبانگ لەسەر ئاستی جیهان لەهەموو میدیاکانی جیهانەوە پێوەندی پێوە دەکرێت بۆ قسەکردن لەسەر رۆڵی ویلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا. سەبارەت بەکێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق پرۆفیسۆر پۆرتەر بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتەئاخاوتن.**





*** هەندێك لەچاودێران باس لەوە دەکەن پێش ئەوەی ئەمریکا هێزەکانی لەعێراق بکێشێتەوە دەبێت هەوڵبدات کێشەکان چارەسەر بکات، ئایا تاچەند لەرووە ئەمریکا هاریکار دەبێت؟**

- ئەوەی پەیوەندی بەمەسەلە و پرسە دیموکراتیەکانەوە هەبێت ئەوا ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەستڕۆیشتوییەکی زۆر سنورداری هەیە لەم ڕووەوە و من لەو باوەڕەدام ئەمەریکاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر سنوردار دەخاتەگەڕ بۆ کاریگەربوون بەسەر دامەزراوە سیاسیەکانی عێراقەوە. ئەوەی پەیوەندی بە کێشە هەڵپەسێردراوەکانەوە هەبێت بە تایبەتی ناکۆکی نێوان کورد و حکومەتی مەرکەزی لەسەر کێشەی کەرکوك و کێشەکانی دیکە، ئەوا من پێموایە ئەمەریکا هەوڵی میانگیری دەدات و و کار دەکات بۆ دووبارەنەبوونەوەی توندوتیژی، بەڵام بەحوکمی ئەوەی لە ماوەی ساڵ و نیویێك یان دوو ساڵدا هێزەکانی پاشەکشەپێدەکات، ئەوا دووبارە دەستڕووۆیشتوی کەم دەبێتەوە.

*** تۆ وای پیشاندەیت کە ئەمریکا هاریکار دەبێت بۆ کێشەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی عێراق،بەڵام هەست ناکرێت لەم رووەوە هەنگاوی جدی هەڵگیرابێت، ئایا ئێوە ئەمە بۆچی دەگێرنەوە؟**

- من پێموایە پاڵنەری سەرەکی پشت هەڵوێست و کردارەکانی حکومەتی عێراقی لەئاست هەرێمی کوردستاندا ئەوەیە کە رێگەنەدرێت سنووری ئەم هەرێمە فراوانبێت، بە چەشنێك سەرچاوەی سروشتی زیاتی بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە، بەڵام پرسارەکە ئەوەیە ئایا حکومەتی عێراقی ئامادەیە لەم پێناوەدا پەنا بۆ شەڕ ببات یان نا. لەم پێناوەدا حکومەتی مالیکی هەوڵی بەهێزکردنی هێزی سەربازی خۆی دەدات بە تایبەتی لە رووی بنیاتنانی هێزی ئاسمانی و کڕینی فڕۆکەی جەنگیەوە، بۆ نموونە مالیکی هەوڵی ئەوەی داوە بەئەمەریکا رابگەیەنێت کە ئەگەر هاوکاری نەکات لەم ڕووەوە ئەوا ڕەنگە بەرێککەوتنامە ئەمنیەکەی نێوانیاندا بچێتەوە.

*** هۆکاری ئەم هەڵوێستەی حکومەتی عێراقی بۆچی دەگەڕێنێتەوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی ئاڵۆزە و لە ڕاستیدا مشتومڕێکی زۆر هەیە دەربارەی کێشەی کەرکوك و سنوری هەرێمی کوردستان، هەم سنوری یاسایی و هەم سنوری ئەمری واقیعی ئەم هەرێمە، لێرەدا ئەگەر بە ڕاشکاوی بدوێین ئەوا سیاسەتی هێزەکانی کوردی ئەوەبووە کە هەوڵی فراوانکردنی ناوچە و هەرێمەکەیان داوە، ئەمەش بۆتە هۆی خراپبونی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ شیعە و سوننەکاندا، لە هەمان کاتدا حکومەتی عێراقیش کەمتر ئامادەبووە گفتوگۆ و سازش لەسەر مەسەلەکان بکات، لە نێوانیاندا مەسەلەی دابەشکردنی داهاتی نەوت کە بەلای کورد و سوننەکانەوە عەدالەت بەرجەستە دەکات. کەواتە دەتوانین و دەکرێت لەم ڕووەوە ڕەخنە لەهەردوولایەنەکە بگرین.

*** بەڵام زۆرجار کۆبونەوە ئەنجامدراوە بە ئامادەبوونی سەرۆك کۆماری عێراق و سەرۆك وەزیرانی عێراق و دواتر ڕاگەیاندراوە کە چارەسەر بۆ کێشەکان دۆرزراوەتەوە، کەچی لەسەر ئەرزی واقیع هیچ هەنگاوی عەمەلی بەدی ناکرێت، ڕاوبۆچونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- من لەگەڵتاندا هاوڕام کە حکومەتی مەرکەزی مرونەتی نەنواندووە لەکاتی گفتوگۆکانیدا لەگەڵ کوردەکاندا، هۆکاری ئەمەش، هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، بریتیە لەوەی حکومەتی مەرکەزی پێیی وایە هەرێمی کوردستان لە هەوڵی بەرفراوانکردنی سنورەکانی خۆیدایە. دەبێت ئەوە بڵێم کە لە ڕوانگەی کەسێکی دەرەکییەوە ئەمە گەمەیەکی ئاڵۆزە کە هەردوولا تێوەیگلاون. بەچاوپۆشین لە پەیوەندییە مێژوییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ کوردەکاندا، ئەوا من پێموایە ئەمەریکا پتر بەلای حکومەتی مەرکەزیدا دایدەشکێنێتەوە، لەبەر هۆکارە جیوپۆلەتیکییە ڕوونەکان، واتە من پێموایە ئەمەریکا پەیوەندیەکی سیاسی و دیبلۆماسی گەورەتری دەبێت لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا و گریمانەی ئەوە دەکرێت پتر بەرژەوەندی خۆی لەبوونی پەیوەندیەکانی لەگەڵ عێراقدا دەبینێتەوە، زیاتر لەوەی لەئارامی و سەقامگیری کوردستاندا، ئەمە تەقریبەن دەرئەنجامێکی حەتمی تیڕوانینی بەرپرسەکانی ئەمەریکایە لەئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی ئەمەریکا بە شێوەیەکی گشتی.

*** بەڵام لەم ڕۆژانەی دواییدا سەرۆك وەزیرانی عێراق، نوری مالیکی سەردانی کوردستانی کرد و لەگەڵ لەگەڵ سەرۆك بارزانی بە ئامادەبوونی سەرۆك تاڵەبانی کۆبووەوە، ئەم سەردانە گەشبینی لای کوردەکان دروستکرد بەوەی بەجۆرێك لەجۆرەکان کیشەکان چارەسەربکرێت و لێکدانەوەی ئێوە چییە؟**

- ڕەنگە مالیکیش حساباتی مەترسی ڕوودانی شەڕی کردبێت لەگەڵ کوردەکاندا و ئەمەش وای لێکردبێت ئەم هەنگاوە بنێت، بەڵام ئەمەش دەوەستێتەسەر تەرازوو و هاوسەنگی هێزی نێوان هەردوولا.

*** ئایا چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان کوردستان و حکومەتی مەرکەزی چ دەرئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە لەسەر دۆخی سیاسی لە عێراقدا؟**


- بەدڵنیاییەوە ئەمە کاریگەریەکی زۆر گەورەی دەبێت لەسەر سەقامگیرکردنی دۆخی عێراق و لەسەر دەوڵەتی عێراق، هەروەها ڕێککەوتنی ئاشتی، یاخود چارەسەرکردنی ئەم کێشانە خزمەت بە بەرژەوەندی تێکڕای عێراقیەکان دەکات لە مەودای دووردا. بەپێچەوانەشەوە شەڕ وێرانکاری بۆ هەموو لایەك دەهێنێت.

*** ئێوە گرنگی کێشەی کەرکوك دەزانن، لەبەرئەوە چ ڕاسپاردەکتان هەیە بۆ کوردەکان بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە و کێشە هەڵواسراوەکانی دیکە؟**

- من خۆم لەپێگەیەکدا نابینمەوە کە ڕاسپاردەم بۆ حکومەتی کوردستان هەبێت، بەڵام وەك چاودێرێکی سیاسەتی نێودەوڵەتی و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەمیشە تەفزیلی چارەسەری ئاشتیانە دەکەم لەبری پەنابردن بۆ شەڕ، هەمیشە بەدیلی باشتر هەیە لەبری بەرپاکردنی شەڕ، لەبەرئەوەی هەمیشە چارەسەری دیکە هەیە لە بری شەڕ کە بەرژەوەندی هەموو لایەك بپارێزێت.

**من پێموایە پاڵنەری سەرەکی پشت هەڵوێست و کردارەکانی حکومەتی عێراقی لەئاست هەرێمی کوردستاندا ئەوەیە کە ڕێگەنەدرێت سنووری ئەم هەرێمە فراوانبێت**

**مالیکی هەوڵی ئەوەی داوە بەئەمەریکا ڕابگەیەنێت کە ئەگەر هاوکاری نەکات لەم ڕووەوە ئەوا ڕەنگە بەرێککەوتنامە ئەمنیەکەی نێوانیاندا بچێتەوە**



# ئەنجامدانی هەڵبژاردن وەک هەنگاوێک بەرەو جیهانی یەکەم نەک چەقبەستن لەجیهانی سێیەمدا



ئێمە دەمانەوێت بەجۆرێک مامەڵە لەگەڵ ئەنجامی هەڵبژاردن بکەین کە هەنگاوێک لەجیهانی یەکەم، جیهانی لیبراڵ دیموکراتی نزیکمانبکاتەوە، یان بەوجۆرە مامەڵە لەگەڵ ئاکامەکان بکەین، کە هێشتا ئێمە لەجیهانی سێیەم چەقیوین

ئەرکی هیچ لایەك بەراگەیاندنی ئاکامە فەرمییەکانی هەڵبژاردن کۆتایی نایەت، ئەوەشی لەلایەن گەلەوە متمانەی پێدراوەتەوە، ئەوجا زۆرترین دەنگی بەدەستهێناوە یان کەمترین، رووبەرووی ئەرك و بەرپرسیاریەتییەکی تازە کراوەتەوە، بۆیە هەستکردن بەم ئەرك و بەرپرسیاریەتییە تازەیە دەسپێکی ژیانێکی نوێ لەکۆمەڵگە دروستدەکاتەوە و خۆدزینەوەش لەم بەرپرسیاریەتییە بێجگە لەچەقبەستن و گەڕانەوە بۆ دواوە هیچی دیکە بەرهەمناهێنێت، لێرەوە ئەو پرسیارە دەبێتە دەروازە بۆ باسەکەمان، ئایا ئێمە دەمانەوێت بەجۆرێك مامەڵە لەگەڵ ئەنجامی هەڵبژاردن بکەین کە هەنگاوێك لەجیهانی یەکەم، جیهانی لیبراڵ دیموکراتی نزیکمانبکاتەوە، یان بەوجۆرە مامەڵە لەگەڵ ئاکامەکان بکەین، کە هێشتا ئیمە لەجیهانی سێیەم چەقیوین و ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ دواوە توانای هەنگاو هەڵگرتنمان بۆ پێشەوە نییە؟ ئەگەر بمانەوێت هەنگاو بەرەو جیهانی یەکەم هەڵبگرین ئەوا دەبێت هەموو بەگشتی و رۆژنامەنووسان و رۆشنبیران بەتایبەتی، بەدوای ئەو ئەرکانەدا بگەڕێین کە لەم قۆناخە دەکەوێتە سەرشانمان، بەتایبەتی

رۆژنامەنووسان و رۆشنبیران دەبێت، شانی خۆیان بدەنە بەر ئەو ئەرکەی کە نیشتە بەهەنگاوی یەکەمی رۆشنبیری دەزانێت بۆ ئەوەی بەرگەی ئەو ئەرکە بگرێت، دەبێت لەئیدعای حزبە سیاسییەکانەوە هەنگاوەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامانە بخوێنینەوە کە لەهەڵبژاردنەکاندا بۆ دەنگدەران خراونەتەڕوو.

کەواتە ئەرکی رۆژنامەنووسان و رۆشنبیران لەدوای کۆتایی هاتنی پرۆسەی دەنگدان و راگەیاندنی ئاکامە فەرمیەکانی هەڵبژاردن، خۆخزاندنەوە ناو ئایدۆلۆژیەتی حزبەکان و وەعزدانی ئایدۆلۆژی نییە بۆ چەواشەکردنی دەنگدەر، بەپێچەوانەوە دووبارە گەڕانەوەی رۆشنبیر و رۆژنامەنووسانە بۆ پێگە ئەسڵییەکەی خۆیان کە یەکەمیان بەوروژاندنی پرسیارە گرنگەکانی بە ئاشکراو بەدەنگی بەرز دەسەڵات ناچار دەکات پابەند بێت بەو بەرنامەیەی لەهەڵبژاردندا رایگەیاندوەو، هەورەها بە رووبەڕووکردنەوەی ئەوانەشی دەبنە ئۆپۆزسیۆن بۆ ئەوەی ئەرکی

راستەقینەی ئۆپۆزسیۆن راڤە بکەن، رۆحێکی ئەکتیڤ لەپەرلەماندا دروستبکەن، ئەم رۆحە ئەکتیڤە نابێت وەك پەرلەمانی عێراقی بێت، کە حکومەتی کردووە بەحکومەتی راوێژکارەکانی سەرۆك وەزیران و پەرلەمانیشی کردووە بەنمایشی کێشە سیاسییەکان نەك چارەسەرکردنی کێشەکان لەبەردەم زوومی کامێرای میدیاکان، لایەنی دووەمیشیان کە دەبێت میدیا لەدوای هەڵبژاردن بگەڕێتەوە شوێنی ئاسایی خۆیی لەسەر لاپەڕەکانی بەجۆرێك کەشوهەوای تاگرتووی رۆژانی هەڵبژاردن خاو بکاتەوە و نەیهێڵێت کە هاوڵاتی هەستبکات بەردەوامیەك لەبەشداری ئەو لەپرۆسە سیاسیەکەدا هەیە، میدیا کاتێك دەتوانێت ئەم رۆڵە گرنگە راڤە بکات، کە شوێنی خۆی ون نەکات و هەوڵبدات شوێنی دامەزراوە حزب یان قەوارەیەکی سیاسیی بگرێتەوە. میدیا دەبێت بزانێت ئەرکی ئەو تەنیا گەیاندنی زانیاری دروستە بۆئەوەی رای گشتی دروست ببێت، ئەمەیە داوامان لێدەکات دەبێت دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەکان پێش هەرلایەك میدیا و رۆشنبیر شوێنی خۆی لەناو کۆمەڵگە جارێکی دیکە بدۆزێتەوە، هۆکاری خۆدۆزینەوەی میدیا و رۆشنبیر ئەوەیە پرۆسەی هەڵبژاردن کۆتایی بەدنیا نەهێناوە، بەڵکو دنیایەکی جوانتری دروستکردووە، کە پێویستە میدیا و رۆشنبیر رۆڵیکی جوانتری تێدا بگیرێت.

## لێپرسینەوە و هەڵسەنگاندن لەجیهانی یەکەم نزیکماندەکاتەوە

لەدەسپێکی خۆسازدان بۆ پیکهێنانی پەرلەمانی نوێ و دامەزراندنی کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گرنگە لەو خاڵەوە سەیری ئەم رووداوە مێژووییە گرنگە بکەین، کە ئەرکی هیچ لایەکمان دژایەتی



**دەبێت میدیا لەدوای هەڵبژاردن بگەڕێتەوە شوێنی ئاسایی خۆیی لەسەر لاپەڕەکانی بەجۆرێک کەشوهەوای تاگرتووی رۆژانی هەڵبژاردن خاو بکاتەوە و نەیهێڵێت کە هاوڵاتی هەستبکات بەردەوامیەک لەبەشداری ئەو لەپرۆسە سیاسیەکەدا هەیە**

**دەبێت ڕۆشنبیر ئەو لەو بازنە بچووکە بێتە دەرەوە، کە یان دەبێت گۆشەگیر بێت، یان وەفاداری خۆی بۆ لایەک ڕابگەیەنێت**

پێدا هەڵگوتنی ئەم دەســـەڵاتە تازەیە نییە، بەڵکو ئەرکی سەرەکی ئێمە بریتیە لەدووخاڵی گرنگ کـــە گرنگە لەســـەرەتاوە هەموومان لەسەری کۆك بین:

١- پابەندبـــوون بەبنەمـــا گشـــتییەکانی بەرژەوەندییە گشتیەکانی گەلی کوردستان.

٢- وروژاندنی ئەو پرســـیارانە کە پێویســـتە بوروژێنرێت، بەڵام بەبوێری و بەدەنگی بەرز. ئەم دووخاڵـــە وەك بنەما کۆمەڵێك هەنگاوی گرنگـــی بـــەرەو جیهانـــی یەکەم لەســـەر بونیاد دەنرێت و شـــێواندنی پێناســـەی بنەما گشـــتیەکانی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵێك نائومێدی بە دوای خۆیدا دەهێنێت.

مەبەست لەشێواندنی ئەو بنەما گشتیانەش کە بەرژەوەندی گشتی لەسەر پێناسە دەکرێت، ئەو پێناسەیە کە ئایدۆلۆژیەتی لایەنە سیاسییەکان بـــۆی دەکەن و، لەروانگـــەی ئایدۆلۆژیەتی جیاوازەوە پێناسەی جۆراوجۆر بۆ بەرژەوەندی گشـــتی دادەتاشـــن، بۆیە گرنگـــە میدیا و ڕۆشـــنبیر هیچ کام لەم پێناسانە وەك دەقێکی پیرۆز ســـەیر نەکات و زمانی پرسیارکردن و ڕەخنەیـــی لاڵ نەکات، کاتێـــك بتوانین بەم ئاراســـتەیە و لەســـەر بنەمـــای بەرژەوەندی گشـــتی مامەڵە لەگەڵ واقیعی تازە بکەین و واقیعی تازە بخوێنینەوە، ئەوا ڕۆشنبیر نەك هەر لەدەسەڵات دوورنابێت، نەك هەر دەتوانێت گەیەنەری دەنگە نەبیستراوەکان بن بۆ بەردەم پەرلەمان و حکومـــەت بەڵکو دەتوانێت لەناو پرۆسەی دەسەڵاتدا ڕۆڵی کاریگەری بگێڕێت و، لێرەدا دەتوانین بە چەند خاڵیك دەستنیشانی بکات:

**دەبێت ڕۆشنبیران و ڕاگەیاندکارانی ناو پارتی جەماوەر دڵنیابکەنەوە کە پارتی دروشم و گوتاری ناواقیعیانە بەرزناکاتەوە**

١- ئەگەر ڕۆشنبیرانی ئێمە ڕۆڵی ڕۆشنبیری ئۆرگانی بگێـــڕن، دەتوانن ڕۆڵ و کاریگەری ڕۆشـــنبیری تەقلیدی کەمبکەنەوە، مەبەستیش لەڕۆشـــنبیری تەقلیدی ئەو کەسانەن کە لەبوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگە پەیوەندی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە ڕێکدەخەن، یان کارێکی مەعریفی دەکـــەن، ئەم توێـــژە زۆر بەدەگمەن هەوڵی گۆڕینی بارودۆخەکـــە دەدەن، هەروەها مرۆڤـــی کۆنزێرفاتیڤن و هێندەی خۆیان دووبارە دەکەنەوە، بەرهەمی تازەیان نییە.

٢- ڕۆشـــنبیرانی ئێمە ئەگەر ڕۆڵی ڕۆشنبیری ئۆرگانـــی بگێڕن، دەتوانن ببنە دروســـتکەری ئەو چیینـــە ناوەندەی کە هاوســـەنگی لەنێوان پەیوەندییەکانی تاك و دەسەڵات، سەرمایە و بازاڕ لەژێر چەتری سەروەری یاســـا ڕێکدەخەن، ئەم حاڵەتە بۆ وڵاتی ئێمە کە بەقۆناخی ئینتیقالی تێدەپەڕین و زۆر زۆر گرنگە، دەبێت ڕۆشنبیر لەم

کایە گرنگەدا بتوانێت ئەم ئەرکە قورسە لەبیانی بونیادنانەوەدا بگرێتە ئەستۆی خۆی.

٣- ڕۆشنبیر دەتوانێت داهێنەری ڕۆشنبیرییەکی تـــازە بێت، بۆئەوەی پابەندبوون بەسیســـتەمی یاسایی وڵاتەوە دروستبکات، ئەم ڕۆشنبیریە تازەیـــە فاکتەرێکـــی گرنـــگ دەبێـــت بۆ چەسپاندنی کەڵچەری دیموکراتی، دەرخستنی بەهای پابەندبوونی ئەخلاقی بەبەها مەدەنی و مرۆییەکانی کۆمەڵگاوە.

٤- ڕۆشـــنبیر دەتوانێت، پێناسەیەکی نوێ، گونجاو، بـــۆ ڕۆڵی خۆی لەناو کۆمەڵگەی خۆی دووبارە پێناسە بکاتەوە، دەبێت ڕۆشنبیر ئـــەو لەو بازنە بچووکە بێتـــە دەرەوە، کە یان دەبێت گۆشەگیر بێت، یان وەفاداری خۆی بۆ لایەك ڕابگەیەنێت، بەپێچەوانەوە دەتوانێت لەناو پرۆسە سیاسیەکە بوونی هەبێت، سەربەخۆیی خۆیشی بپارێزێت، دەتوانێت ڕاوێژکاری باشی حکومەتی خۆی، دامەزراوەکانی وڵاتی خۆی بێت، دەتوانێت بیرۆکراسیەتێکی ئیجابی بێت، لەهەڵسوراندنی کاروبارەکانی ڕۆژانەی خەڵك پیادەبکات هۆکارێـــك بێت بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین و دیاردەی گەندەڵی و دروســـتکردنی شەفافیەت لەکاروباری دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت و وڵاتدا.

٥- لەوڵاتانی جیهانی یەکەمدا ڕۆشـــنبیران لەکۆمەڵێـــك لایەنی هەســـتیار و جیاوازەوە هاریـــکاری دەســـەڵات و حکومەتی خۆیان دەکەن و پێشـــنیار و ڕێگەچـــارەی گونجاو بۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەکانی کۆمەڵگە پێشکەشـــی حکومەتی خۆیـــان دەکەن، ئەم هاریکارییە ڕێگەی ئـــەوەی لێنەگرتوون کە نەتوانـــن ئەرکی خۆیان وەك ڕۆشـــنبیر لەناو کۆمەڵگە بزر بکەن، بۆیە گرنگە ڕۆشنبیرانی وڵاتی ئێمەش لەو جوغزە تەســـکە بێنە دەروە و پێناســـەی ڕۆشـــنبیر لەدژایەتـــی کردنی دەسەڵاتدا بچووکبکەنەوە.

٦- خاڵێکـــی دیکـــە کە گرنگە لەســـەری هەڵوەستە بکەین، ئەو کادرو ئەندامانەی حزبن لەدەزگا ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی حزبەکاندا کاردەکەن، ئەگەر ئـــەم توێژە گرنگە خۆیان لەبازنەی ڕۆشـــنبیری تەقلیدی ڕزگار بکەن و ڕۆڵی ڕۆشـــنبیری ئۆرگانی پیادەبکەن و لەوە تەنهـــا خەمیـــان پارێزگاریکردن نەبێت بەکورســـی و پۆســـتەکانیانەوە، ئەوا دەتوانن خۆیـــان لەخۆدووبارەکردنـــەوە و بێزارکردنی خەڵـــك ڕزگاربکەن، لەوانەیە بۆ ئەم باســـە باشـــترین نموونە کادر و ئەندامەکانی پارتی دیموکراتـــی کوردســـتان بێت، بۆیـــە دەبێت

بوێرانەتـــر، تێکەڵاوی کێشـــەکان بن، لەبری ئەوەی پاکانە بـــۆ کەموکورتیەکان بدۆزنەوە، یان موزایـــەدە بکەن، دەتوانن بەشـــێوەیەکی ئەقڵانـــی هاریکاری حزبەکـــەی خۆیان بن، کە بەر لەهـــەر لایەنێکی دیکەی گۆڕەپانی سیاســـیی کوردســـتان دروشـــمی سەروەری یاســـا و یەکســـانی هەمووانی لەبەردەم یاسا بەرزکردۆتەوە، ئەم دروشـــمە بەکردەوە دەبێت ڕەنگدانـــەوەی گوتاری ڕۆشـــنبیرەکانی ناو پارتـــی دیموکراتی کوردســـتان بێت، دەبێت توێژە ڕۆشـــنبیرەکەی نـــاو پارتی پێش هەر لایەکی دیکە بەرهەمهێنەری گوشـــاربن بۆ جێبەجێکردنی دروشـــم و گوتاری حزبەکەی خۆیان، دەبێت ڕۆشـــنبیران و ڕاگەیاندکارانی ناو پارتی جەمـــاوەر دڵنیابکەنەوە کە پارتی دروشـــم و گوتاری ناواقیعیانە بەرزناکاتەوە، هەر کاتێك بزانێت کە ناتوانێت شتێك جێبەجێی بـــکات ئەوا هەرگیـــز وەك دروشـــم بەرزی ناکاتەوە، ئەمەیە هانی ئێمەی وەك گۆڤاری گوڵان داوە پێش هەر لایەکی دیکە بەگەرمی ئەو پرسانە تاوتوێ بکەین کە لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بەڵێنمان بەخەڵکداوە.

## مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو توخمە سەرەکیانەی لەسەر ئەرزی واقیع بوونیان هەیە و دەبێت یەکتری قەبووڵکردن بەرنامەی هەموولایەک بێت

لایەنێکی دیکەی گرنگ، کە دیسان لەجیهانی یەکەم نزیکماندەکاتەوە، مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەو توخمە سەرەکیانەی لەهاوکێشەی واقیعی سیاســـیی تازە بوونیان هەیە و هەموو پێکەوە دەبنە پێکهاتەی دەســـەڵات، یان دەســـەڵات و ئۆپۆزســـیۆن لەئاییندەیەکـــی نزیکدا، ئەم خوێندنەوە تازەیە کە دەبێتە بنەمای یەکتری قەبووڵکـــردن و پێکەوەکارکردن بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشـــتی، دەبێت لەخوێندنەوەی هەمـــوو لایەنەکاندا ڕەنگبداتەوە، کە جێگەی خۆشـــحاڵییە ئەم خوێندنەوە گرنگە لەیەکەم پەیامی بەڕێز مسعود بارزانی وەك سەرۆکی هەڵبژێردراوی کوردســـتان نەك هەر ڕەنگی دابۆوە، بەڵکو وەك بنەمـــای کاری داهاتوو ئاماژەی پێکرابوو، ســـەرۆکی کوردســـتان لەیەکەم پەیامی خۆیدا بۆ گەلی کوردســـتان هیچ توخمێکی لەتوخمە ســـەرەکییەکانی ناو ئەم هاوکێشـــە سیاســـییە تازەیە فەرامۆش نەکردبوو، بۆیە گرنگە ئەم پەیامەی سەرۆکی کوردستان ســـەرەتای خوێندنەوەیەکی تازەی هەموو لایەنەکانی ناو پرۆسە سیاسیەکە بێت، کە ئەمەش ئومێدی هەموو لایەکمان دەبێت.

هادی مەحمود (روناکبیر و سیاسەتمەتدار) بۆ گوڵان:

# ئێستا بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەموو کوردستانە، هەر ئەوەی لێ چاوەڕێدەکرێت بەیەک چاو سەیری هەموو لایەنە سیاسییەکان بکات

**پێش ئەوەی ئەم دیمانەیە ئەنجامبدەین، ئەمجارە لەگەڵ بەڕێز هادی مەحمود وا رێککەوتین کە وتوێژەکەمان وەك گۆڤاری گوڵان و ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی نەبێت، بەڵکو وتوێژەکەمان لەسەر بنەمای ئەوەبێت هادی مەحمود وەك روناکبیرێك چۆن واقیعی سیاسیی ئێستای کوردستان دەخوێنێتەوە، بۆیە پێش هەموو شت دەمانەوێت ئەوە بەخوێنەرانی گوڵان رابگەیەنین، ئەو بیروبۆچوونانەی بەڕێز هادی مەحمود لەم دیمانە دەریبڕیون، رەنگدانەوەی سیاسەتی حزبی شیوعی کوردستان نییە، ئەمە نەك لەبەرئەوەی سیاسەتی حزبی شیوعی کوردستان لەگەڵ بۆچوونەکانی بەڕێزی یەکناگرنەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی ئێمە وەك گوڵان لەم دیمانەیە ئامانجمان ئەوە نییە، هەڵوێستی پارت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بخەینەڕوو، لەبەرئەوەی پارت و قەوارە سیاسییەکان بەلیستی کوردستانی (پارتی ویەکێتی)شەوە، لەماوەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و لەدوای هەڵبژاردنیشەوە تا راگەیاندنی ئاکامی فەرمی هەڵبژاردنەکان بۆچوونی خۆیان بەتەواوی راگەیاندووە، بۆیە بەدیدی ئێمە لەم قۆناخەدا ئەرکی میدیای راستەقینە ئەوەیە، چۆن میدیا رۆڵی خۆی دەگێڕێت بۆ نەهێشتی تای هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و هێنانەکایەی زەمینەیەکی نوێ بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاکامەکانی هەڵبژاردن و خۆئامادەکرن بۆ قۆناخی ئایندە، بەبڕوای ئێمە ئەم هەنگاوە دەبێت لەو خەڵکانەوە دەستپێبکات، کە واقیعیانە و دوور لەهەڵچوونی حزبایەتی سەیری هاوکێشەکان دەکەن و بابەتیانە هاوکێشەکە دەخوێنیتەوە، لەم روانگەیەوە وتوێژەکەمان لەگەڵ هادی مەحمود، وتوێژیکە بۆ هینانەکایەی بارودۆخێکی نوێ، نەك هەڵوێستی ئەم لایەن یان ئەو لایەن، یان پێداهەڵدانی لایەك و شکاندنی لایەکی دیکە، بەپێچەوانەوە ئاراستەی ئەم وتوێژە کە لەم دیمانە دەیخوێننەوە، ئاراستەیەکی نیشتمانییە و رووی هەموو لایەنەکان و رۆشنبیران و هاوڵاتیانی کوردستانی گرتۆتەوە، ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.**

بارودۆخی ئێستای دوای هەڵبژاردنەکان دانەبڕاوە لەتابلۆی سیاسیی رووداوەکانی پێشتر



*** بارودۆخی دوای هەڵبژاردنەکان، باردۆخێکە تاڕادەیەك تای هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی پێوە دیارە و لەهەمانکاتدا بەرەو قۆناخی هێوربوونەوە هەنگاو هەڵدەگرێت، بۆیە وای بەباش دەزانین پێش هەموو شتێك هەڵوەستەیەك لەسەر ئەم بارودۆخە بکەین، ئایا بەڕێزتان وەك رۆشنبیرێك نەك سیاسەتمەدار چۆن بارودۆخی ئێستا هەڵدەسەنگێنن؟**

- بەمەزندەی من بارودۆخی ئێستای دوای هەڵبژاردنەکان دانەبڕاوە لەتابلۆی سیاسیی رووداوەکانی پێشتر، دیارە لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیش زۆرجار ئەو پرسیارە وروژێنراوە ئایا لەدوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان چی روودەدات؟ هەڵبەت ئەوکاتیش مەزندەی من بەو جۆرە بوو، ئەوەی پێی دەڵێن بومەلەرزە و وەرچەرخانی گەورە روونادات، بەڵام ئەوەی پێی بڵێن گۆڕانکاری سیاسیی لەریزبەندی ئەو هێزە سیاسیانەی کە لەگۆرەپانە سیاسیەکەدان، ئەوا ئەو گۆڕانکاریە بەریزبەندیەکی نوێ روودەدات، ئەمەش مەسەلەیەکی ئاساییە، دیارە لێرەشدا کە دەڵێن ئەو گۆڕانکاریە لە ریزبەندی هێزە سیاسییەکان روودەدات، ئەمە بەو مانایە ناڵێین هێزێکی سیاسیی تازە لەناکاو هەڵدەتۆقێت، ئێمە پێش هەڵبژاردنەکانیش گوتوومانە ئەو هێزە

سیاسییەنەی لەئاکامی ئەم هەڵبژاردنە دەچنە ناو پەرلەمانەوە، هەمان ئەو هێزانەن کەپێشتر لەناو پەرلەماندا بوونیان هەبووە، بەڵام لەوانەیە دەستێوەردانێك هەبێت لەریزی ئەو هێزانە، ئەگینا هێزێکی سیاسیی تازە کە لەبارودۆخی کوردستان هەڵتۆقیبێت و بەوپەری نوێیەتییەوە بێتە ناو ئەو هەلومەرجە سیاسییەوە، ئەو بارودۆخەشی هاتۆتە پێش دوورنییە لەو حەڵەتانەی کە چەندین جاری دیکەش پێش ئێستا ئەو پرسیارەم رووبەڕووکراوەتەوە، پرسیار ئەوەیە کێ بڕیار لەسەر سروشتی ئەو هێزانە دەدات؟ بێگومان سروشتی بارودۆخی سیاسیی و ململانێ سیاسییەکان، کە تائێستا دانەبڕاوە لەتابلۆی سیاسی هەموو عێراق بەگشتی، دانەبراوە لەدەستێوەردانی دەرەکی، بەدەستێوەردانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیشەوە، لەلایەکی دیکە دانەبڕاوە لەخودی ژیانی سیاسیی نێو هەرێمی کوردستان، ئەمەش واتە چ پەیوەندی حزب و قەوارەسیاسییەکانی کوردستان لەگەڵ یەکتری، هەروەها چ پەیوەندی ناوخۆی هەرحزبێك لەناو خۆیدا، پێموایە هەردوو لایەنەکە فاکتەری سەرەکی بوون لەئاراستەکردنی ململانێکاندا، خاڵێکی دیکەش کە پێشوەختە دەسنیشانکراوبوو، ئەوەی پێی دەگوترێت گوتاری نیشتمانی کە مەسەلەی یەکلاکەرەوە بێت لەهەڵبژاردنەکاندا، دەبینن ئەو گوتارە نیشتمانییە پاشەکشە بەخۆیەوە دەبینێت، ئەو پرسیارەی لێرەدا رووبەڕوومان دەبێتەوە، ئایا پاشەکشەی گوتاری نیشتمانی بەو مانایەیە کە مەسەلەی نیشتمانی کوردستانی کۆتایی پێهاتووە؟ من پێموایە ئەگەر وا بەراورد بکرێت تووشی هەڵەدەبین، پێموایە ئەوەی پێی دەگوترێت مەسەلەی نیشتمانی کوردستانی کۆتایی پێنەهاتووە، کەواتە لێرەدا دەبێت بپرسین ئایا چۆن دەتوانین هاوسەنگییەك لەنێوان گوتاری نیشتمانی و کێشە ناوخۆیەکانی کوردستان دروستبکەین؟ واتە چۆن بتوانین خەڵك گوتاری نیشتمانی لەبیر نەچێتەوە و هەروەها بایەخ بەکێشە ناوخۆییەکانیش بدات؟ بۆیە بۆ دۆزینەوەی وەڵام بۆ ئەم پرسیارە و خوێندنەوەی بارودۆخی تازە، جۆرە خۆئامادەکردنێکی دەوێت بۆئەوەی بتوانین مامەڵەی لەگەڵدابکەین، لەبەرئەوەی واقیعێکی تازە هاتۆتە پێش، ئەم واقیعە دانەبڕاوە لەڕابردوو، هەروەها وەك پێشتریش گوتم وەرچەرخانێکی گەورەشی لەگەڵ خۆیدا نەهێناوە.

*** ئێوە لەم خوێندنەوەیە ئاماژەتان بەدووخاڵی گرنگ کرد، یەکەم پاشەکشەی گوتاری نیشتمانی، دووەم خۆئامادەکردن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بارودۆخە تازەیە، لێرەدا ئەگەر راشکاوانەتر دەستبخەینە سەر خاڵەکان و بپرسین ئایا چی بکەین بۆئەوەی لای تێکڕایی قەوارە سیاسییەکان گوتاری نیشتمانی پاشەکشە نەکات؟**

- لێرەدا کە باس لەوەدەکەم و دەڵێم گوتاری نیشتمانیمان پاشەکشەی کردووە، مەبەستم ئەوەیە گوتاری نیشمانی رۆڵی نەبووە لەیەکلایکردنەوەی ئیرادەی خەڵك لەکاتی دەنگداندا، ئەمە مەزندەی منە و مەرجیش نییە ئەم مەزندەیە راست بێت، من هاوکێشەکە بەمجۆرە دەبینم، بەڵام دیسان ئەمە بەو مانایە نییە لەنێو بانگەشەی لیستەکاندا گوتاری نیشتمانی نەبووە، دەبێت جیاوازی لەنێوان ئەم دوو حاڵەتە بکەین، بۆیە مەبەستی من ئەوەیە ئایا تاچەند ئەو گوتارە نیشتمانییە کاریگەری لەسەر ئەو کەسە هەبووە لەکاتی دەنگداندا؟ ئەمە لەلایەك، لەلایەکی مەبەستیشم لەخۆئامادەکردن بۆ ئایندە ئەوەیە، ئایا تۆ چۆن لەگەڵ مەسەلە جیاکارییەکاندا مامەڵە دەکەیت، ئەو مەسەلانەی تۆ بیروبۆچوونی جیاوازت لەگەڵیدا هەیە؟ ئەمەش لەو خاڵەوە دەسپێدەکات چۆن هەر قەوارە یان لایەنێکی سیاسیی سروشتی ئەم قۆناخە دەخوێنێتەوە؟ چۆن سروشتی خودی کۆمەڵگە دیاری دەکات؟ لێرەدا سەبارەت بەسروشتی خودی کۆمەڵگە پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئایا کۆمەڵگەی لەریزی ئەو کۆمەڵگایانە پۆڵین دەکرێت کە لەقۆناخی ئینتیقالیدایە یان قۆناخی ئینتیقالی تێپەڕاندووە؟ دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە. ئەگەر لەقۆناخی ئینتیقالیدا بین، دەبێت ئەوە بزانین قۆناخی ئینتقالی جۆرێك لەپێکەوە گونجان و تەوافقی سیاسیی دەخوازێت، ئەمە وەك زەرورەتێك دێتە پێشەوە، بۆیە دەبێت کاربکەین ئەم پێکەوەگونجان و تەوافقە سیاسییە دروستبکرێت، لێرەدا لەسەر ئەم تەوافق و پێکەوەگونجاون و هاریکاری و هەمانگییە سیاسییە، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەمە بەبڕیار دەکرێت، یان تەنها زەرورەت بەسە بۆئەوەی ئەمە دروستبکرێت یان دەبێت ئیرادەیەك هەبێت لەپشت ئەو زەرورەتەوە؟ لەبەرئەوەی زۆرجار واقیع دوور لەئیرادەی من و تۆ پێداویستیەك دێنێتە پێشەوە، بەڵام مەرج نییە کار بۆ ئەو پێداویستییە بکرێت، ئەمە لەچەمکە فەلسەفیەکانیشدا بەهەمان شێوەیە، لەبەرئەوە لەفەلسەفەدا جیاوازی کراوە لەنێوان ئەوەی پێی دەگوترێت پێداویستی (زەرورەت) هەروەها ئەوەی پێی دەگوترێت هەستکردن بەو پێداویستیە (ئیدراکی زەرورەت)، بۆیە مەزندەی من بۆ بارودۆخی ئێستا پێداویستیمان بۆ کاری هاوبەش و هەماهەنگی سیاسیی بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو تەحەددیانەی لەئایندە رووبەڕوومان دەبێتەوە هەیە و ئەو پێداویستیە داوامان لێدەکات کاری هاوبەش بکەین، بەڵام مەرج نییە کاری هاوبەش بکەین، بۆیە دەبێت بۆ خاڵی دووەم بۆئەوەی پێیدەگوترێت هەستکردن بەو پێداویستیە (ئیدراکی زەرورەت)، کە هەستمان بەم پێداویستیە کرد، دەبێت زەمینەی بۆ بڕەخسێنین، ئەم زەمینە رەخساندنەش پەیوەندی بەهۆکاری زاتیەوە هەیە، ئەو هۆکارە زاتیەش دەگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوەی هەر لایەنێك کە بوونی لەواقیعەکەدایە و ئەو بوونەش دوور لەئیرادەی من هەیە وجاری واهەیە حاڵەتێکی سیاسیی فەرزی دەکات، بۆیە لەو کۆمەڵگایانەی بەقەیرانی سیاسیی تێدەپەڕن، ئیدراکی زەرورەت بەئاسانی نایەتەدی، لەوانەیە رای گشتی بەشێوەیەك ئاراستە بکرێت بەپێچەوانەی ئەو زەرورتە بێت کە لەواقیعی قۆناخەکەدا هەیە، مەرج نییە ئەم حاڵەتە بەردەوام بێت، من پێموایە بەردەوام نابێت، لەبەرئەوەی لە زۆر وڵاتدا لەدوای هەڵبژاردنەکان هەندێك ئاراستە دروستدەبن، دەبینین پاش ماوەیەك خودی ئەو خەڵکە مەزندەکانی بەرامبەر ئەو ئاراستەیە دەگۆڕێت، بۆیە کاتێك دەڵێین دەبێت خۆئامادەکرن هەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعی نوێ، دەبێت هەموو ئەم ریزبەندیانە لەبەرچاوبگرین بەوەی لەحاڵەتی گۆڕانکاری بەردەوامدان نەك جێگیر، بۆیە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم واقیعە لەرێگەی پیلان و شتی ژێربەژێر ناکرێت، بەڵکو مامەڵکردن دەبێت

**ئەوەی پێی دەڵێن بومەلەرزە و وەرچەرخانی گەورە، روونادات**

**گوتاری نیشمانی رۆڵی نەبووە لەیەکلایکردنەوەی ئیرادەی خەڵک لەکاتی دەنگداندا**

بەرەنجامی خوێندنەوەیەکی زانستیانەی تەواوی بارودۆخەکە بێت، بۆئەوەی لایەنەکان کاریگەریان لەسەر ئەو واقیعە هەبێت، ئەگەر ئەمە نەبوو مەرج نییە ئەوەی زەرورەتی قۆناخەکە بێت کاری بۆ بکرێت، هەربۆنموونە، یەکێك لەکارە هاوبەشانەی پێویستە بیکەین ئەوەیە، ئایا لەبەغدا چۆن کاردەکەین؟ لەوانەیە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە لەهەر چاودێریکیش بپرسێت پێتدەڵیت کاری هاوبەش زەرورەتە. بەڵام ئایا مەرجە ئەو کارە هاوبەشە لەبەغدا دروستببێت؟ لەوانەیە دروست نەبێتەوە. لەبەرئەوەی زەرورەت بەتەنها بەس نییە، لەوانەیە کۆمەڵێك فاکتەر و بەرژەوەندی هەبێت کار لەسەر ئیدراکی ئەو زەرورەتە بکات و کاری هاوبەش بەزەرورەت نەبینێت. ئەمەش بەبڕوای من سروشتی ململانێکانی ئێستایە. چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم ململانێیانە دەکرێت، ئەمە زۆر گرنگە، هەروەها گرنگە چۆن بەرامبەریش دەخوێنیتەوە نەك تەنها هەر لایەنێك خۆی بخوێنێتەوە.بۆئەوەی بتوانن نەرمی بنوێن و ئەوەی پێی دەگوترێت رایەڵەی هاوبەش دروستبکرێنەوە.

*** با لەم خاڵەوە باسی لیستی کوردستانی بکەین پێش هەر لایەنێکی دیکە، لەبەرئەوەی بەپێی ئاکامەکانی هەڵبژاردن میللەت زۆرترین متمانەی پێداوە، بۆیە بەرپرسیاریەتی گەورەشی دەکەوێتە سەرشان، هەنگاوی یەکەم پێش هەرلایەك دەکەوێتە سەرشانی لیستی کوردستانی، ئایا بەڕای ئێوە چۆن لیستی کوردستانی دەتوانێت ئەم هەنگاوە هەڵبگرێت بۆ دروستکردنی رایەڵی هاوبەش لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا؟**

- بەبڕوای من ئەرکەکانی لیستی کوردستانی کۆمەڵیك ئەرکن و دەبێت بیریان لێبکاتەوە، یەکێك لەو مەسەلە گرنگانەی دەبێت بیری لێبکاتەوە مەسەلەی پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی هەرێمی کوردستانە،لێرەدا دەبێت لەسەر گریمانەی ئەم بیرکردنەوەیە کاربکەین و بپرسین، ئایا بەوجۆرە بیردەکاتەوە حکومەتێکی بنکە فراوانی نیشتمانی دروستبکات؟ یان بەو جۆرە بیر دەکاتەوە حکومەت حکومەتی زۆرینەبێت؟ ئەمانە بەتەنها لیستی کوردستانی بڕیاری لەسەر نادات، لەبەرئەوەی لایەنی دیکەش هەیە، ئایا ئەو لایانە ئامادەباشیان تێدایە بەشداری بکەن؟ خاڵێکی دیکە ئەوەیە ئەوەی پێی دەگوترێت گوتاری نیشتمانی، من پێموایە لیستی کوردستانی بەهەردوو لایەنی (پارتی ویەکێتی) پێویستە پێداچوونەوەیەك بەو حاڵەتەدا بکەنەوە، مەبەستم لەو پێداچوونەوە ئەوەیە، ئەگەر لیستی کوردستانی لەو قەناعەتەدایە گوتاری نیشتمانی یەکلاکەرەوە نەبووە لەکاتی دەنگداندا، ئایا چۆن چارەسەری ئەو حاڵەتە دەکرێت؟ ئەم حاڵەتەش تەنها بەدروشم و هاندان چارەسەرناکرێت. هەر بۆنموونە لەقۆناخی خەباتی شاخدا دەمانتوانی بەسرودی ئەی رەقیب، بەیادکردنەوەی داستانێکی پێشمەرگانە یان بەشەهیدەکانمان خەڵك هانبدەین، بەڵام ئایا ئێستا لەم هەلومەرجە تازەیەدا بەو شێوازە دەکرێت؟ من پێموایە بەو شێوازە ناکرێت، بەڵکو بەو شێوازە دەکرێت، ئەگەر جۆرە ناحاڵیبوونێك یان نەبوونی متمانە لەنێوان تاکی کوردستانی و دەسەڵاتی سیاسیدا هەیە، دەبێت چاو بەو حاڵەتە بخشێنرێتەوە. کە دەشڵێم دەسەڵاتی کوردی مەبەستم تەنها پارتی و یەکێتی نییە، هەرکێ لەدەسەڵاتدا بێت، دەبێت چاو بەو حاڵەتەدا بخشێنێتەوە، دەمێنێتەوە ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین، ئایا ئێمە وەك تاك چۆن مۆرکی دەسەڵاتی کوردی دەخوێنینەوە؟ ئەمە خاڵێکی زۆرگرنگە، پێموایە دەسەڵاتی کوردی یان کوردستانی دوو مۆرکی هەیە، یان مۆرکەکەی دوولایەنەیە، یەکەم وەك هەر دەسەلاتێك حاکم و مەحکوم هەیە، لەم حاکم و مەحکومە کۆمەڵێك دیاردە دروستدەبێت،یەکێك لەو دیاردانە ئەوەیە چۆن دەسەڵات بەکاردەهێنرێت، کە زۆرجار هەیە ئەو دەسەڵاتە بۆ بەرژەوەندی توێژێك، بۆ بەرژەوەندی کەسانێك بەکاردەهێنرێت، ئەمە کۆمەڵێك دیاردە لەگەڵ خۆی دەهێنێت، کە ئازایەتی نییە باسبکرێتەوە لەبەرئەوەی ئەوەندە باسکراوە تەنانەت لەراگەیاندنی پارتی و یەکێتیشەوە، بێ تام بووە، وەك مەسەلەی گەندەڵی، کەموکوڕییەکان و... هتد. بۆیە پرسیار



**ئەگەر لەقۆناخی ئینتیقالیدا بین، دەبێت ئەوە بزانین قۆناخی ئینتقالی جۆرێک لەپێکەوە گونجان و تەوافقی سیاسیی دەخوازێت**

**پێداویستیمان بۆ کاری هاوبەش و هەماهەنگی سیاسیی بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو تەحەددیانەی لەئایندە رووبەڕوومان دەبێتەوە هەیە و ئەو پێداویستیە داوامان لێدەکات کاری هاوبەش بکەین**

ئێستا ئەوەیە حکومەتی ئایینده چۆن ئەم کێشانە چارەســەردەکات؟هەروەها لیستی کوردســـتانی کۆمەڵێك بەڵینی داوە، ئەم بەڵینانە ٦٠٪ی دەنگی بۆداوە، ئایا چۆن ئەو بەڵێنانە جێبەجــێ دەکات؟ ئەرکێکی دیکــەی دەســەڵاتی کوردســـتان ئەوەیە داکۆکی لەمەسەلە نیشتمانییەکانی گەلی کوردســـتان بــکات لەبەغدا،چونکە من نامەوێت پارتی و یەکێتی نوێنەری من بن لەبەغدا، بەڵکــو من دەمەوێت حکومەتی هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتی من لەبەغدا بکات،یان پەرلەمانتارە کوردســـتانییەکان نوێنەری من بــن لەبەغدا،یان پەرلەمانی کوردستان بەتێکڕایی قەوارە سیاسیەکانییەوە نوێنەرایەتــی من بکات بۆ ململانێکردنی لەســەر مافەکانی من لەبەغدا، پرســیار ئەوەیــە چۆن ئەم حاڵەتە دروســتبکەین؟ بەبڕوای من هــەردوو حاڵەتەکە دانەبڕاوە لەیەکتــری، لەبەرئــەوەی متمانەی تاك بەدەسەڵات بۆ کێشە نیشتمانییەکان، بەندە بەمتمانەی تاك بۆ کێشــە ناوخۆییەکان، ئەمــەش بەچارەســەرکردنی کێشــە ناوخۆییەکان دروســـتدەبێت. بۆیە ئەمەش بەندە بــەوەی پەرلەمان چەنــد دەتوانێت چاودێــری کارەکانی حکومــەت بکات، چەند دەتوانێت شــەفافیەت بڵاوبکاتەوە، چەنــد دەتوانێت ســنوور بــۆ دیاردەی گەندەڵی دابنێت، بۆیە پێویستە دەسەڵاتی کوردســـتانی ئەژێندایەکی هەبێت، باشترە ئەگــەر ئــەو ئەژێندایــە رابگەیەنێت، لەبەرئەوەی ئــەو بەرنامەیە بەس نییە کە لەهەڵمەتەکانی هەڵبژارندندا راگەیەنراوە، هۆکاری ئەمــەش ئاســانە لەبەرئەوەی وڵاتی ئێمە نەگەیشــتۆتە ئەو ئاســتەی بەرنامــەی هەڵبــژاردن یەکلاکەرەوە بێت. بۆیە بۆئەوەی باردۆخێکی چۆنایەتی نوێ دروستبێت، دەبێت حکومەت بەرنامەیەکی نــوێ دابڕێژێتــەوە. ئەولەویاتــی خۆی دیاریبــکات و ســەقفی زەمەنیــش بۆ ئەولەویەتەکانــی رابگەیەنێــت، لەمەش زیاتــر دەبێت چاودێــری هەبێت و خەڵك لەهەنگاوەکانــی ئاگاداربکاتــەوە، ئەمە دەبێتە هۆکاری دروستکردنی شەفافیەت، ئەم شەفافیەتەش متمانە دروستدەکاتەوە.

*** ئێســتا دوو ڕێگاچارە بۆ دروستکردنی حکومــەت لەئارادایــە، یەکەمیان بەپێی ئیســـتیحقاقی هەڵبــژاردن، دووەمیــان حکومەتێکــی بنکەفراوانــی یەکێتــی نیشتمانی، هەردوو حکومەتەکەش لایەنی ســلبی و ئیجابیــان هەیە، ئێــوە لەگەڵ پێکهێنانی کام جۆرە حکومەتەدان؟**

- لێرەدا من تەنها بیروبۆچونی شەخســی خــۆم دەردەبڕم و ئەمــە تێڕوانینی حزب نییە، من لەگەڵ پێکهێنانی حکومەتێکی هاوپەیمانــی بنکە فراوانــدام، بەڵام لەم حاڵەتەشــدا دەبێت لایەنی زۆرینە هەندێ سازش بکات، تەحەمولی هەندێ تەنازول بکات، مەبەســتم ئەوەیە نابێت سنوورێکی کۆنکرێتــی لەبــەردەم بەشــداربوونی لایەنکانی دیکــەدا دابنێت، چونکە دەبێت لەم حاڵەتەدا ئایندەت لەبەرچاوبێ و کاری بۆ بکەیت. لەهەمــان کاتدا دەبێت ئەوەت لەبەرچاو بێت کە ڕەنگــە ئەو لایەنانەی زۆرینە داوایان لێدەکات بەشــداری بکەن لەحکومەتــدا ئەم داوایە بــۆ بەرژەوەندی حزبی خۆیــان بەکاربهێنن. لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بۆ ئەوە بکــەم کە گرنگە لەکاتی راگەیاندن و پێکهێنانی حکومەتدا ئەژێندا و بەرنامــەی حکومەتەکــە رابگەیەنرێت و ئەولەویاتەکان دیــاری بکرێت، چونکە زۆرجار لەهەڵبژاردنەکانی ئێمەدا بەرنامەی هەڵبژاردن مەسەلەی دەنگدان یەکلاناکەنەوە، کە شتێکی باش دەبوو ئەگەر ئەم متمانەیە تەنها لەســەر ئەو بنەمایــە بووایە، بەڵام ئێوەش دەزانن کۆمەڵگەکەی ئێمە چۆنە. دووەم ئــەوەی لەفیکری سیاســی ئێمەدا بەدی دەکرێت ئەوەیــە لەکاتی پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانێتیدا دەبێت هەموومان وەك یــەك بیر بکەینــەوە و نابێت دەنگی جیاواز هەبێت لەپەرلەمان یان حکومەتدا، من لەگەڵ ئەم بۆچونەدا نیم، من پێموایە دەکرێت لەگەڵ بوونــی حکومەتێکی لەم چەشنەدا پەراوێزێك هەبێت بۆ نەفەسێکی بەرهەڵســتکاری، چونکە بەرهەڵستکاری تەنهــا لەبوونی پارتێك یــان پارتگەلێکی دیاریکــراودا کورتنابێتەوە کــە لەدەرەوەی دەســەڵاتدابن و بەشــدارنەبن. بەبــڕاوی مــن مانــەوەی ئــەم بۆچوونــە ڕێگرە لەبەردەم دروســتبوونی حکومەتی یەکێتی نیشتمانی، ئەمە بەو مانایە دێت کە ئەگەر لەحکومەتیشــدا بەشداربێت ئەمە ڕێگەی ئەوەت لێناگرێت ســەرنج و هەڵوێســتی تایبەتــی خۆت هەبێــت لەهەندێ پرس و مەسەلەدا، تەنانەت ئەگەر لەحکومەتیشدا بیت. لەڕاســـتیدا لەهەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستان و لەکاتی پێکهێنانی حکومەتی نیشــتمانیدا، دەبێــت زەمینــەی ئــەوە خۆشــبکەیت کە بەرهەڵســتکاری لەناو حکومەتەکەدا دروســتبێت، چونکە هێشتا هەلومەرجەکە لەوڵاتی ئێمەدا نەگەیشتۆتە ئــەو ئاســتەی بەچەشــنی ئەمەریکا و وڵاتانی ئەوروپا کار بەچەمکی دەسەڵات و موعارەزە بکرێت، هەروەها لەکاتی قۆناخە هەستیارەکانیشدا ڕێککەوتن دروستدەبێت، لێرەدا دەتوانــم ئاماژە بەڕاپۆرتی بەیکەر-هاملتــۆن بکەم کە دوو کــەس یەکێکیان کۆمــاری و ئەوی دیکەیــان دیموکراتی هەڵسان بە نووسین و داڕشتنی ڕاپۆرتەکە و گۆڕانکاری لەسیاســەتی ئەمەریکادا دروســتکرد و هەر ئــەو گۆڕانکاریانەش بوو کەســێکی وەك ئۆبامای هێنایەســەر دەسەڵات. کەواتە پرســیارەکە ئەوەیە ئایا پرس و مەسەلە نیشتمانی و کوردستانیەکان لەســەرو بەرژەوەندیــە تایبەتیەکانــەوە لەبەرچاوەدەگیرێــت؟ مــن پێموایــە لەم بارودۆخانــەدا، لەم قۆناخــە ئینتیقالیەدا دەبێــت جۆرێك لەڕێککەوتــن و تەوافوق دروستبێت، لەڕاســتیدا دروستبوونی ئەم تەوافوقە زەرورەتە. لێرەدا من باســی ئەوە ناکەم دروستدەبێت یان نا، بەڵام من پێموایە زەرورەتە، چونکە دروستبوونی ئاسان نییە، بۆ نموونە ئەو لایەنانەی بە بانگەشــەی بەرهەڵســتکاربوون و بەم خیتابە و بەڵێنە بوونە بەرهەڵستکار توانیان خەڵکانێك بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، ئەگەرهاتوو هاوکاریان کرد لەمەسەلە نیشــتمانی و کوردستانیە بەرفراوانەکاندا، ئەوا ڕەنگە ئەم خیتابەیان بکەوێتە ژێر پرســیار و گومانەوە، ئەمە یەکێکە لەگرفتەکان، دواتر مەســەلەیەکی دیکە هەیە ئەویش بریتیــە لەو بزووتنەوە جەماوەری و کۆمەڵایەتیەی دروستدەبێت، یاخود ئــەو نارەزاییەی دێتەئاراوە کە من پێموایە شــتێکی ڕەوایە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بەچ ئاڕاســتەیەکدا جڵەو دەکرێت، بەچ ئاڕاستەیەکدا تەوزیف دەکرێت، لێرەدا ئەو مەســەلەیە دێتەپێشەوە کە زۆرجار تۆ خۆت بەرپرســیاریی لەدروســتبوونی ئەو حاڵەتــی ناڕازیبوونە و هەر خۆشــت وەك لایەنێك خــۆت تەرحدەکەیت کە دەتوانیت چارەســەری بکەیت، لێرەدا مــن پێموایە بەرژەوەنــدی بەرتەســکی حزبایەتی زاڵە

**لەو کۆمەڵگایانەی بەقەیرانی سیاسیی تێدەپەڕن، ئیدراکی زەرورەت بەئاسانی نایەتەدی، لەوانەیە رای گشتی بەشێوەیەک ئاراستە بکرێت بەپێچەوانەی ئەو زەرورەتە بێت کە لەواقیعی قۆناخەکەدا هەیە**

**کاتێک دەڵێین دەبێت خۆئامادەکرن هەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعی نوێ، دەبێت هەموو ئەم ریزبەندیانە لەبەرچاوبگرین بەوەی لەحاڵەتی گۆڕانکاری بەردەوامدان نەک جێگیر، بۆیە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم واقیعە لەرێگەی پیلان و شتی ژێربەژێر ناکرێت**

لەدەستنیشانکردنی بەرپرسیارێتیەکەدا، چونکە نابێت پێمانوابێت ئەمە تەنها لەم یەك دوو مانگەی ڕابردودا دروستبووە، نەخێر بەڵکو ئەمە دەرئەنجامی کەڵەکەبوونی کۆمەڵە سیاسەتێکە، بەڵام ئێستا بێت و لەپڕ خۆت بەفریشتە و فریادڕەس بزانیت، ئەوا ئەگەر هۆشیاریەکە بەرەو ئەو ئاست و ئاڕاستەیە بڕوات، پێموایە هۆشیاریەکی مەترسیدار دروستدەبێت، ڕەنگە ماوەیەکی کەم بەردەوام بێت، بەڵام دواتر خەڵك ڕاستیەکەی بۆ دەردەکەوێت، من لێرەدا ناڵێم ئەم بزووتنەوەی ناڕەزایی دەربڕینە ڕاستی تێدانییە و ڕەوا نییە، بەپێچەوانەوە، بەڵام هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئاڕاستە دەکرێت. واتە نابێت تابلۆکە بەسادەیی بیخوێنینەوە، گەورەترین گرفتی ئێمە سادەکردنەوەی خوێندنەوەمانە بۆ واقیع، دانانی دوانەییە، یان ڕەش یان سپی، ئەم حاڵەتە دروستدەبێت و دروستیش بووە، کە زۆرجار ئەگەر بەرژەوەندی ئاسان لەبەرچاو بگرێت ئەوا ئاسانترە بەم شێوەیە مامەڵە بکەیت، چونکە زۆرجار گلەیی دێتەسەر حزبی شیوعی کە خیتابتان نەرم بوو، عەقڵانی بوو، مەنتیقی بوو، بەڵام ئەگەر خیتابتان بەجۆرێك لەجۆرەکان «بەرز» بووایە، یان تەنانەت ڕەنگە ئەگەر شەڕەجنوێشی تێکەوتایە، ئەوا مەقبولتر دەبوو، کەواتە لێرەدا تۆ باجی عەقڵانی بوون، مەنتیقی بوون و لەبەرچاوگرتنی ئاسۆکانی ئایندە دەدەیت، یەکێك لەوانە چارەنووسی کوردستانە، زۆرجار ئێمە باس و مشتومڕ لەوبارەیەوە دەکەین کە ئێمە باجی زەقکردنەوەی مەسەلە نیشتمانیەکانمان داوە، بەڵام دەبێت قەبووڵی بکەین چونکە قەناعەتمان پێیەتی، ئەمە بەو مانایە نایەت کە تۆ نابێت هەوڵی گۆڕینی واقیعەکە بدەیت و کاریگەریت نەبێت بەسەریەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە واقیعەکە کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەیت.

*** بۆ یەکەمجارە سەرۆك ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێرێت و متمانەی لەسەدا ٧٠ ی خەڵك بەدەستدەهێنێت و ئەمەش بەرپرسیارێتیەکی گەورە دەخاتەئەستۆی، لێرەدا دەبێت سیاسییەکان و ڕۆشنبیرەکانیش تموحاتی خۆیان لەم ڕووەوە بخەنەڕوو، لێرەدا پرسیارەکەی ئێمە چۆن ئەم تموحاتەی خۆمان دەربڕین؟**



- من لێرەدا بیروبۆچوونی شەخسی خۆم دەردەبڕم، یەکەمیان من تەممەنام دەکرد کە ئەو دوو هەڵبژاردنە بەیەکەوە نەبووایە و بەجیا بکرانایە، دووەمیان من تەممەنام دەکرد کە سەرەڕای ئەوەی لایەنەکان لەکێبڕکێ و ململانێدابوون بۆ کورسیەکانی پەرلەمان، بەڵام ڕێکبکەوتنیایە لەسەر سەرۆکێکی تەوافوقی، ئەمە بەو مانایە نا کە نابێت پێشبڕکێ و ڕکابەریتی نەبێت، یان دیموکراسی نەبێت، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە گرنگە بۆ ئێمە وەك کورد ئەگەر سەرۆکێکی تەواوفوقیمان هەبووایە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکێکی تایبەتی دەکەوێتە ئەستۆی سەرۆکی هەرێم، ئێستا کاك مەسعود سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، نەك سەرۆکی پارتی، دەبێت لەم چوارچێوەیەدا لەئەرکەکانی بڕوانین، هەروەها دەبێت وەك سەرۆکی هەرێم ئیبراز بکرێت نەك وەك سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان.

*** ئایا دەبێت سەرۆك چۆن سەیری ئەم لیستانە بکات و چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا بکات؟**

- دوو لایەن هەیە لێرەدا، لایەنی ڕەسمی، لێرەدا مەسەلەکە ئەوەیە لیستی کوردستانی براوەی هەڵبژاردنەکانە و لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، وەك مەسەلەیەکی دەستووری و یاسایی تەکلیفی پێکهێنانی حکومەتی لێدەکرێت، لایەنی دووەم ئەوەیە ئەو سەرۆکی هەرێمە و دەبێت لەیەك ئاستدا مامەڵە لەگەڵ تێکڕایی لیست و قەوارەکاندا بکات و، من پێموایە هەر بەم شێوەیەش کاردەکات و هەر ئەوەشی لێ چاوەڕوان دەکرێت. چونکە ئێستا ئەو سەرۆکی هەمموو کوردستانە و تەنها سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان نییە.

*** ئێستا دابەشبوونی ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنوسان بەدیدەکرێت و خەریکە زمانی نەرمی نێوانیان زیردەبێت، لێرەدا دەبێت چی بکرێت بۆئەوەی خۆمان لەبەکارهێنانی ئەمجۆرە زمانە لابدەین، دەبێت لەم ڕووەوە چ کارێك بکەین؟**

- ئێمە پێشتریش ڕامانگەیاندووە کە نەك تەنها لەنێوان ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنوساندا، بەڵکو لەناو سیاسییەکانیشدا، یاخود

**ئەگەر لیستی کوردستانی لەو قەناعەتەدایە گوتاری نیشتمانی یەکلاکەرەوە نەبووە لەکاتی دەنگداندا، ئایا چۆن چارەسەری ئەو حاڵەتە دەکرێت؟ ئەم حاڵەتەش تەنها بەدروشم و هاندان چارەسەرناکرێت**

**لیستی کوردستانی کۆمەڵێک بەڵێنی داوە، ئەم بەڵێنانە ٦٠٪ی دەنگی بۆداوە، ئایا چۆن ئەو بەڵێنانە جێبەجێ دەکات؟**

**ئەركی حكومەتە كار بۆ دارشتنی پەیوەندییەكی مەدەنی بكات لەرێی دروستكردنی بناخەی كۆمەڵگەیەكی مەدەنی راستەقینەوە، بەڵام نەک ئەم كارە بۆ ئەوەبكات بۆ بەرژەوەندی سیاسی خۆی بەكاربهێنێت و ببێتە سێبەرێك بۆخۆی**

تەنانەت لەگەڵ بەغداشدا، نابێت قسەكانمان، هەڵوێستەكانمان، هەڵچوون و كاردانەوەبن، چونكە ئەمە نیشانەی لاوازی زمانی مەنتیقە، ئێمە دەبێت لەبری ئەوە پەنا بۆ زمانی مەنتیق و مەعریفە ببەین و رانەكێشرێینە نێو ئەو مشتومرەوە، تەنانەت ئەگەر لایەنی بەرامبەریش بیەوێت ئەوەت بەسەردابسەپێنێت، هەرچەندە زۆرجار پیشان نەدانی ئەم كاردانەوەیەش بەلاوازی لێكدەدرێتەوە، یاخود بەوە لێكدەدرێتەوە كە وەڵامی مەنتیقت پێ نییە. دواتر من پێموایە خەریكە وردو وردە ئەو هەڵچوونە دادەمركێتەوە، ئەو لایەنانە شتی خراپی یەكیان زۆرلایە ئەگەر بیانەوێت هەڵیبدەنەوە، هەروەها شتی باشی یەكیشیان لایە، كە دەبێت ئیش لەسەر لایەنە باشەكان بكەن، دواتر رەنگە ئیستیعابكردنی دروستبونی ئەم حاڵەتە نەوعیە ئاسان نەبێت، بەڵام من پێموایە ئەو رۆشنبیرەی نوێنەرایەتی لا یە نێكی دیاریكراو دەكات، تەنانەت سیاسییەكەش دەبێت مەسافەیەك بهێڵێتەوە، یاخود تایبمەتمەندی خۆی بپارێزێت، بەبڕوای من ئەم هەمەجۆرییە خزمەت دەكات.

*** كە باس لەپەیوەندی نێوان رۆشنبیر و دەسەڵات دەكرێت، ئەوا هەمیشە باس لەوە دەكرێت دوژمنایەتیان لەنێواندا هەیە، بۆ نموونە لەبری ئەوەی دەسەڵات سنگفراوان بێت لەئاست رەخنەی رۆشنبیران كە چاوی ئێشكگرن و كەموكوڕیەكان بەدەسەڵات دەڵێن، ئەوەیە كە بە ناحەز لەقەڵەم بدرێت، لێرەدا دەپرسین چۆن ئەم بۆشاییەی نێوانیان پڕبكرێتەوە، چۆن رۆشنبیر بتوانێت رۆڵی كاریگەر و گەورەی خۆی بگەڕێنێتەوە، چونكە ئێمە دەبینین لەهەموو كۆمەڵگەكاندا رۆشنبیران ئەم رۆڵە دەبینن؟**

- بەتێڕوانینی من ئەم مەسەلەیە دوو لایەنی هەیە، یەكەم دەبێت دەسەڵات بوار و دەرفەتی ئازادییەكان فراوانتر بكات و چاودێری لەسەر دانەنرێت، دووەمیان ئەوەیە رۆشنبیر بەرپرسیارانە مامەڵە بكات. لەڕوانگەی منەوە لەكوردستان ئەو ئازادیە لەئارادایە، بەڵام دەبێت فراوانتریش بكرێت، لەڕاستیدا كە من دەڵێم ئازادی هەیە، ئەوەیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنەكان ئەوا هەر لایەنێك ئەوەی ویستویەتی بیلێ وتویەتی، تەنانەت زۆرجار چوونە ناو وردەكاریە تایبەتیەكانیشەوە، هەروەها زۆرجار ئەگەر یاسا هەبووایە رەنگە موحاسەبەشی لەسەر هەبوایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا كەسمان نەبینی بدرێتە دادگا، لەگەڵ ئەوەشدا من دەڵێم دەبێت ئەو ئازادییە بپارێزرێت.

*** بەڵام هەندێجار هەوڵی ئەوە دەدرێت ئازادی بەئاژاوە یەكسان بكرێت، هەندێجاریش هەوڵی سنوورداركردنی دەدرێت، پرسیارەكەی من ئەوەیە حاڵەتی ئاسایی ئازادی چۆن بپارێزرێت؟**

- حاڵەتی ئاسایی ئەوەیە كە یاسا هەبێت بۆ نموونە ئێستا یاسای رۆژنامەگەری هەیە و تا رادەیەكیش ئیجماعێك هەیە لەسەری و باوەڕناكەم -تاك و تەرا- نەبێت كەسمان دژی بین، بەڵام پرسیارەكە ئەوەیە تاچەند پابەندبووینە بەو یاسایەوە، تاچەند پاراستومانە. ئازادی بەرپرسیارێتی لەگەڵدایە، دەبێت بەهۆشیاری و بەرپرسیارێتیەوە ئەو ئازادیە بەكاربهێنێت، واتە مومارەسەی ئازادی خۆت دەكەیت، بەڵام نابیت بەرپرسیارێتی خۆت وەك ئەندامێكی ئەو كۆمەڵگەیە لەبیربچێت، نابێت تەنها خۆت بەچاودێر یان میوان بزانیت، بەڵكو دەبێت خۆم بەبەشێك لەكۆمەڵگەكە بزانم. دواتر زۆرجار واباس دەكرێت كە ئازادی و بەرپرساریێتی ناكۆكن بەیەك، بەپێچەوانەوە هاوشانن بەیەك، بەڵام پرسیارەكە ئەوەیە چۆن دەتوانین ئەو هاوكێشەیە بدۆزینەوە. خاڵێكی دیكە مەسەلەی رۆشنبیری دیموكراتییە، كە چەند بەرفراوانە و چەند گەشەی كردووە، ئەمەش لەماوەی شەو و رۆژێكدا روونادات، بەڵكو كاتێكی زۆری دەوێت، بۆچوونی من ئەوەیە چەند ئەم رۆشنبیرییە فراوانتر بێت ئەوا ئەو پێشێلكاری و تەجاوزاتانە كەم دەبنەوە، مەرجیش نییە هەر تەنها بەدەسەڵاتی یاسا كەم بكرێتەوە، بەڵكو زۆرجار بەهۆی گەشەكردنی ئەم هۆشیاری و رۆشنبیرییەوە بەرە بەرە كەم دەبێتەوە.

***تۆ پێشتریش ئاماژەت بۆ ئەوە كرد كە تەنها بەرنامەی ئینتیخابی مەسەلەكە یەكلا ناكاتەوە، ئایا تا چ رادەیەك ئەو**



**ئەرکە دەکەوێتە سەر شانی حکومەتی داهاتوو، کە هەوڵی چەسپاندنی کولتووری دیموکراتی بدات و تەنها لەسندوقەکانی دەنگداندا کورت نەکرێتەوە؟**

- هەروەك ئێوەش ئاماژەتان پێکرد، ئەمە ئەرکی حکومەتە، بەڵام لایەنێکی دیکە هەیە کە پێی دەڵێن «التنمیە السیاسیە»، گەشەپێدانی سیاسی و بوژاندنەوەی سیاسی، کە ئەمە تەنها ئەرکی پارتە سیاسییەکان نییە، بەڵکە ئەرکی حکومەتیشە کە زۆرجار پەیوەندییە تەقلیدییەکان زاڵن و خەڵکیش لەسەر بناخەی ئەو پەیوەندیانە ئیختیاراتی سیاسی خۆی دەکات، ئەرکی حکومەتە کار بۆ داڕشتنی پەیوەندییەکی مەدەنی بکات لەڕێی دروستکردنی بناخەی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی ڕاستەقینەوە، بەڵام نەك ئەم کارە بۆ ئەوەبکات بۆ بەرژەوەندی سیاسی خۆی بەکاربهێنێت و ببێتە سێبەرێك بۆخۆی، مەترسییەکە لێرەدایە، واتە حکومەت ئەم کارە بەو پاساوە بکات کە ئەمە بوژاندنەوە و گەشپێدانی سیاسییە، لەکاتێکدا ئەمە دوورکەوتنەوەیە لەم ئامانجە، مەسەلەکە ئەوەیە چۆن بەبێلایەنیەوە ئەم کارەبکات.

*** بەڵام ئایا میکانزیمەکان چین؟**

- میکانیزمەکان زۆرن، لەڕاستیدا ئەگەر بچینە ناو میکانزیمەکانەوە ئەوا دەکرێت بەرنامەیەکی دووروودرێژی بۆ دابنێین، بیکەینە پرۆژەیەك و بیدەینە حکومەت ئەوە دەستنیشانبکرێت کە دەبێت کار لەسەر کام بوارانە بکرێت تا لەئاکامدا کار بەچەمکی هاوڵاتیبوون بکرێت، نەك بەناوچەگەریتی، بۆ نموونە ڕۆژنامەنووس کە خۆی بەڕۆژنامەنوسێکی ئازاد دەزانێت دێت پرسیار لەمن دەکات و دەڵێت جیاوازی لەنێوان هەڵمەتی هەڵبژاردن لەسلێمانی و هەولێر چییە؟ کە من پێموایە دیسان ئەمە ئەقڵییەتی دوو ئیدارەیی، دوو کانتۆنی و ناوچەگەرێتیە، سەیر ئەوەیە ڕۆژنامەنوسێکی ئازادیش دێ ئەم پرسیارە لەمن دەکات، پێمگوت ئەگەر بەنەسیحەتی من دەکەیت ئەم ڕیپۆرتاژە نەکەیت باشترە، چونکە ئەو دەیەوێت ئەو دابەشبوونەی هەیە کە زۆرجار گەیشتۆتە دابەشبوون لەئەقڵییەتی نوکتەکاری، ئەو دەیەوێت لەسەر ئاستی سیاسیش قوڵی بکاتەوە و بیچەسپێنێت، ئەمە گرفتەکەیە، چۆن کاربکەین بۆ دروستبونی پەیوەندییە مەدەنیەکە، چۆن بتوانین لەناو خەڵکدا ئیش بکەین، هەندێ شتی زۆر سادە هەیە کە ئەگەر کەڵەکەبوون ئەوا ئەو حاڵەتە نەوعیەی لێدەکەوێتەوە، بۆ نموونە کاتێك حکومەت بڕیاری دروستکردنی پارکێك دەدات، دێت ئەندازیار دەهێنێت و نەخشەی بۆ دادەنێت و بودجەی بۆ تەرخان دەکات، بەڵام ئەوەی لەبیردەچێت کە دەبێت خەڵکی گەڕەکەکە کۆبکاتەوە و ڕایان وەربگرێت کە چ جۆرە پارکێك دروستبکرێت. نمونەیەکی دیکە ئەوەیە لەزۆربەی وڵاتاندا لەنێوان چەند گەڕەکێکدا شتێك هەیە پێی دەڵێن «کڵەپی گەڕەك» با ناوی لێبنێین «دیوەخانی گەڕەك»، کە شوێنێك بێت و هۆڵی هەبێت و بۆ نموونە ڕۆژێکی دیاریکراو هەبێت ئافرەتانی گەڕەك تێیدا کۆببنەوە.

*** بەڵام هەر بۆ نموونە، با باسی پارتی و یەکێتی بکەین نەك لایەنێکی دیکە، ئایا پارتی ئەم کڵەپە ناکات بەڕێکخراو و یەکێتی بەکۆمیتە؟**

- خۆی مەترسیەکە لێرەدایە، من پێشتر گوتم دەبێت بەبێلایەنی بێت، بۆ نموونە تۆ کۆمەڵەی ڕۆشنیری دروستدەکەیت و پارەی بۆ تەرخان دەکەین و وەزارەتی ڕۆشنبیری مۆڵەتی پێدەدا و گۆڤار و ڕۆژنامە دەردەکات چۆن ئەو کۆمەڵە ڕۆشنبیریە دامەزراوە، لەسەر چ بناخەیەك، ئەگەر تۆ مەرجی ئەوەت بۆ داناوە کە ڕێکخراوەکە سەر بە پارتی بێت یان یەکێتی بێت یان شیوعی بێت یان هەر کەسێك بێت لەدەسەڵاتدا، ئەگەر ئەمانە هەموی کۆبکەیتەوە ئەوا هەموی خاڵن ئەو حاڵەتە دروستدەکات کە پێی دەڵێن گەشەکردنی سیاسی، بەڵام گەشەکردنی سیاسیی بەمشێوەیە دروستنابێت، ئەگەر بەمشێوەبە کاربکەیت ئەوا دیسان تۆ لەجوغزە داخراوەکە دەسوڕێیتەوە، ئەمە پێی دەڵێن خۆبەرهەمهێنانەوە، ئەمە مەترسیدارتیرن شتە کە دروستدەبێت و گرفتی سیاسی لێدەکەوێتەوە، بۆچی ئەم خۆبەهەرهەمهێنانەوەیە ڕوودەدات، لەبەرئەوەی هێشتا پەیوەندییە تەقلیدیەکان زاڵن، زۆرجار ئەمە لەچوارچێوەی سەرکردایەتیشدا دروستدەبێتەوە، بۆ نموونە لەحزبە چەپەکانیشدا زۆرجار لەبەرئەوەی سکرتێر ناتوانێت کوڕی خۆی یان کەسی خۆی دابنێتەوە، ئەوا کەسێك دادەنێت کە وەك خۆی بیربکاتەوە، ئەمە حاڵی کۆمەڵگە تەقلیدییەکانە، گرامشی دەڵێت مەترسیداترین شت ئەوەیە لەم کۆمەڵگەیانەدا کۆن بمرێت و تازە لەدایك نەبێت.

*** مەترسی ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان لەم مەسەلەیە ئەوەیە، گەشەکردن یان پەرەپێدانی سیاسیی وەك کەسبی سیاسی لێکبدرێتەوە، ئێوە لەسەر ئەم مەترسییە چی دەڵێن؟**

- گەشەپێدانی سیاسی دەوڵەت پێی هەڵدەستێت، بە بێلانیەوە ئەم کارەدەکات، کار بۆ چەسپاندنی بەهای مەدەنیەت و عەلمانیەت و بەهاکانی پێشکەوتن دەکات، کار بۆ پەرەپێدانی مرۆیی و پەرەپێدانی بەردەوام دەکات. لێرەدا کار لەسەر گەشەپێدانی مرۆڤ دەکات، بەچاوپۆشین لەوەی سەر بەچ نەتەوەیەك، یان ئاینیك یان ناوچە و عەشیرەتێکە. واتە حکومەت سەیری ڕەنگی کەسەکان ناکات، بەڵکو بوژاندنەوەیەك دروستدەکات کە بەقەناعەتەوە دەنگی خۆی بدات، ئەمە پێی دەڵێن گەشەپێدان، ئەمە پێچەوانەوەی کەسبی حزبیە و ئەگەر بەئالیەتی کەسبی حزبی بکرێت ئەوا دووبارە دەچینەوە ناو بازنە داخراوەکەوە و خۆمان بەرهەمدەهێنینەوە و ئەمەش ئەنجامی باشی لێناکەوێتەوە.

*** ئەگەر بتەوێت شتێك بڵێیت، ئێمە پرسیارمان نەکردووە لەبارەیەوە؟**

- زۆرجار بەوە وەڵام دەدرێتەوە کە من گەشبینم یان ڕەشبینم و سیاسییەکانیش دەڵێن واقیعبینم، بەڵام منیش دەڵێم واقیعبینم و کەرەستەی مەعریفی بۆ خوێندنەوەی واقیع بەکاردەهێنم، بەڵام لەهەمانکاتدا گەشبینیشم، پێموایە نابێت نائومێدی دروستبکەین، لەبەرئەوەی ئاسۆی کراوەمان لەبەردەمدایە، بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، بۆ فراوانکردنی ئازادی لەبەردەم ئەوەی ڕۆشنبیر ڕۆڵی کاریگەر ببینێت و چیتر ئەو حاڵەتە نامێنێت هەر لایەنێك ببێتە زوڕناژەنی لایەنێکی دیاریکراو و کۆمەڵگەش ساغڵەمی خۆی بۆ دەگەڕێتەوە ئەگەرچی لەچوارچێوەی ململانێشدابێت.

**من لەگەڵ پێکهێنانی حکومەتێکی هاوپەیمانی بنکە فراواندام، بەڵام لەم حاڵەتەشدا دەبێت لایەنی زۆرینە هەندێ سازش بکات**

**لەحزبە چەپەکانیشدا زۆرجار لەبەرئەوەی سکرتێر ناتوانێت کوڕی خۆی یان کەسی خۆی دابنێتەوە، ئەوا کەسێک دادەنێت کە وەک خۆی بیربکاتەوە، ئەمە حاڵی کۆمەڵگە تەقلیدییەکانە، گرامشی دەڵێت مەترسیداترین شت ئەوەیە لەم کۆمەڵگەیانەدا کۆن بمرێت و تازە لەدایک نەبێت**

پرۆفیسۆر داری تۆماس بۆ گوڵان:

# دەبێت خۆتان کار و کۆشش بکەن بۆ گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی دیموکراسی بکەن لەوڵاتەکەتاندا

**پرۆفیسۆر داری تۆماس ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی پەنسلڤانیا و سەرۆکی بەشی دیراساتی ئەفریقیا و جیهانی سێیەمە، بۆ قسەکردن لەسەر پرۆسە دیموکراسی و گەشەپێدانی کەلچەری دیموکراتی لەوڵاتانی جیهانی سێیەم پرۆفیسۆر تۆماس بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** گرنگترین هەنگاو لەوڵاتانی جیهانی سێدا بۆ بنیاتنانی دیموکراتی ئەوەیە لەدیموکراسیەتی ڕۆژئاوا نزیك ببێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە هەنگاوە سەرەتاییەکانی بەرەوپێشبردنی دیموکراسی لەجیهانی سێدا چین، بەچەشنێك لەدیموکراسیەتی ڕۆژئاوایی نزیك ببنەوە؟**

- ئەگەر لەهەندێ لەوڵاتانی کیشوەری ئەفریقیا، وەك کینیا و غانا، هەروەها چەند وڵاتێکی دیکەی ئەمەریکای لاتین بڕوانین ئەوە بەدی دەکەین کە هەڵبژاردن لەم وڵاتانەدا ئەنجام دراوە، بەڵام پرسیارە سەرەکیەکە ئەوەیە ئایا دوای بوونی ئەو هەموو نەهامەتیانەی بەسەر ئەو وڵاتانە هاتوون، ئەم هەڵبژاردنانە هەڵبژاردنگەلێکی دیموکراسی بوونە بە چەشنێك دەرفەت بۆ بەشداری هاوڵاتیان و تێکڕایی چینەکان برەخسێنن بۆ ئەوەی بتوانن بەشداری لە دەرکردنی ئەو بڕیارانەدا بکەن کە کاریگەری دەبێت بۆ سەر ژیانیان.

*** تا چ ڕاددەیەك ئەنجامدانی هەڵبژاردن بە سەرەتایەك، یان دەستپێشخەریەك دادەنرێت بۆ بنیاتنانی دیموکراسی؟**

- دەکرێت ببێتە سەرەتای پرۆسەیەك بۆ بەشدارییپێکردنی ژمارەیەکی زیاتری هاوڵاتیان بە تایبەتی لە چینە هەژار و پەراوێزکراوەکان بۆ ئەوەی ڕۆڵیکی زیاتریان هەبێت لە پرۆسەی دەرکردنی بڕیار و لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیاندا کە بایەخ بە پاراستن و پەرەپێدانی بەرژەوەندیەکانیان دەدەن، لەم ڕووەوە دەکرێت ئاماژە بە هیندستان بکەین کە دیموکراسیەتێکی بەهێز و دووردرێژتری



هەیە و دەکرێت بکرێتە نموونە بۆ وڵاتانی جیهانی سێ.

*** زۆرجار لەوڵاتانی جیهانی سێدا دیموکراسی کورت دەکرێتەوە لەئەنجامدانی هەڵبژارندا، بێ ئەوەی بایەخ بەسەروەری یاسا، بەمافی موڵکداریێتی و فەردانیەت بدرێت، ڕاوبۆچونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- لەڕاستیدا تەنها هەڵبژاردن بەس نییە، بەڵکو دەبێت سەروەری یاسا بچەسپێنرێت، دەبێت دەزگایەکی قەزائی سەربەخۆ هەبێت و بتوانێت بێ ترس و سڵەمینەوە لەدەزگای جێبەجێکردن یان یاسادانان بڕیار و حوکمەکانی خۆی دەربکات، بۆ نموونە ئێمە هەمومان ئەوەمان بینی کە چۆن لەپاکستاندا خۆپیشاندان و ناڕەزایی ڕوویدا کاتێك حکومەت دەستێوەردانی لەدەسەڵاتی قەزائیدا کرد، لەڕاستیدا ئەم دەستێوەردانە کێشەیەکی جیددیە و دەبێت ڕێگری لێبکرێت. هەروەها لە لایەکی دیکەوە دەبێت کار بۆ ئەوە بکرێت هاوڵاتیانیش پشتگیری لە پرۆسەکە بکەن و بەشداری تێدا بکەن. مەبەستم ئەوەیە دەبێت کار بۆ پەرەپێدان و قوڵکردنەوەی ئەو هۆشیارە بکەین لای هاوڵاتیان کە دەبێت بۆ چارەسەرکردنی جیاوازیەکانی نێوانیان پەنا بۆ توندوتیژی نەبەن و دەکرێت لە ڕێی ئاشتیانە و لە ڕێی گفتوگۆوە کۆشش بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو جیاوازی و ناکۆکیانە بکرێت.

*** زۆرجار لەوڵاتانی جیهانی سێدا ئازادی بۆ دروستکردنی پشێوی ئیستیغلال دەکرێت، لە بری ئەوەی بەرکابهێنرێت بۆ ئەوەی پرۆسەی دەنگدان بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێوەبچێت، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ڕەتکردنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لەبری ئەوەی قەبووڵ بکرێن، چۆن ئەم کێشانە چارەسەردەکرێن؟**

- ئەمە خۆی لە خۆیدا کێشەیەکە، بۆ نموونە ئێمە دەرئەنجامی ئەم حاڵەتەمان لە وڵاتی جەزائیردا بینی کە چ دۆخێکی لێکەوتەوە. من پێموایە دەبێت هەموو لایەك کار بۆ بەردەوامی پرۆسەکە بکەن و نابێت ئەو لایەنانەی سەرنەکەوتوونە ئەو باوەڕیان لادروست بێت کە چیتر دەرفەتی ئەوەیان نییە جارێکی دیکە سەرکەوتن بەدەست بهێننەوە، پێموایە ئەمە کاریگەری باشی لێناکەوێتەوە.

*** زۆرێك لە شارەزایانی بواری دیموکراسی باس لەوە دەکەن کە دەبێت سەرەتا کار بۆ چەسپاندنی کەلتوری دیموکراسی بکرێت لە وڵاتی جیهانی سێدا، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانین ئەم کەلتورە بچەسپێنین؟**

- دەکرێت ئەم کارە لەڕێی دووبارەکردنەوەی

هەڵبژاردنـــەکان و دەرفەت ڕەخســـاندن بـــۆ گفتوگۆکـــردن و ئاڵوگۆڕکردنـــی بیروبۆچونەکان و پەرەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنـــی بکرێت، بە چەشـــنێك هەروەك پێشـــتریش ئاماژەم پێکرد خەڵکی فێری ئەوەبـــن کـــە نابێت بـــۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکانی نێـــوان پەنا بۆ توندوتیژی و زەبـــر و زەنگ ببـــەن. دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە هیندستان بکەین کە سەرەڕای بوونی گروپی ئایینی جیاواز توانیویەتی تا ڕاددەیـــەك پێکەوەژیان بهێنێتەدی، بە تایبەتی بەهۆی بەخشـــینی جۆرێك لە دەســـەڵاتی مەحەلی بە خەڵکی ناوچە جیاوازەکان.

*** ئەوە ڕاستە لەجیهانی سێدا یاسا هەیە بەڵام سەروەری یاسا بوونی نییە، هەروەها بازاڕی ئازاد هەیە، بەڵام هاوســـەنگی بازاڕ نەهاتۆتەدی، چی بکەین بۆئەوەی بتوانین هەم سەروەری یاسا بچەسپێنین و هەم کارێك بکەین کەرتی تایبەت بتوانێت هاوسەنگی بازاڕ بهێنێتەدی، هەنگاوەکان چین لەم ڕووەوە؟**

- ئەگەر لەو قەیرانە داراییە بڕوانین کە سەریهەڵدا و تەشەنەی کرد، ئەوا ڕەنگە پێویســـت بکات بەو تێڕوانینەدا بچینەوە کـــە دەڵێت لێگەڕێن بازاڕ هەمو شـــتێك چارەســـەردەکات، چونکە ڕەنگە پێویست بکات کە ڕێوشـــوێن و ڕێســـای دیکە بسەپێنرێت بۆ پاراستنی دۆخەکە، ئەمە لەگەڵ دەرفەتپێدان و زەمینەخۆشـــکردن بۆ چالاکی و جموجوڵە بازرگانییەکان و بۆ کەرتی تایبەت.

*** کێشـــەیەکی دیکە ئەوەیە زۆرجار ئەو لایەنانەی بەشداری لەهەڵبژاردندا دەکەن لە بنەڕەتـــدا باوەڕیان بە دیموکراســـی نیـــە، بۆ نموونـــە پارتە ئیســـلامیەکان تەنها بۆ گەیشـــتن بەدەسەڵات بەشداری دەکەن و لەکاتی ســـەرکەوتنیاندا کاری پێناکەن، بەهەمان شێوە هەندێ لەلایەنە مارکسیەکانیش بەشداری دەکەن چونکە ناچارن و ڕێگـــەی دیکەیان لەبەردەمدا نییە بۆ گەیشـــتن بەدەســـەڵات، بەڵام ئەوانیش باوەڕیان بەدیموکراسی نییە، چۆن دەتوانرێت ئەم کێشانە چارەسەربکرێت؟**

- من پێموایە ئەم مەســـەلەیە پێویستی بەبوونـــی لێپرســـینەوە و لێپێچنەوە هەیە لەدەســـەڵات، بۆئـــەوەی هـــەر لایەنێك دەســـەڵاتی گرتەدەســـت لەچوارچێوەی ڕێســـاکانی گەمەکـــەدا دەرنەچێـــت و ناچاربێـــت پابەنـــد بێـــت بەڕێســـا و یاســـاکانەوە، ئەمەش پێویستی بەبوونی دامەزراوەگەلێکی دیاری کراوە، لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا دادگاکان و سیســـتمی قەزائی بەم ئەرکە هەڵدەستن، زۆرجـــار ئەم دەزگایانە هـــەم چاودێری هەڵبژاردنـــەکان دەکـــەن بۆ ئـــەوەی بە شێوەیەکی پاك و نەزیە بەڕێوەبچن و هەم لەدوای ســـەرکەوتنی لایەنێکی دیاری کراوەوە بەردەوام دەبن لە چاودێریکردنیان بۆ ئەوەی دڵنیابن کـــە لە چوارچێوەی ڕێساکانی گەمەکەدا هەڵدەسوڕێن، یاخود ڕەفتار دەکەن.

*** ئایا ئەو میکانیزیمە پێویســـتانە چین بۆ بنیاتنانی دیموکراسیەتێك، بە چەشنێك هەڵبژاردنـــەکان دیموکراســـیەتیەکی تەندورستیان لێبکەوێتەوە؟**

- من پێموایە دەبێت بایـــەخ بەپەرەپێدان و باشـــترکردنی کەرتی پەروەردە بدرێت، هەوڵوکۆشش بۆ بەرەوپێشچوونی بدرێت، هەروەك دەبێت ڕۆژنامەگەریەکی سەربەخۆ و ئـــازادی ڕادەبڕین و گوزارشـــتکردن لەبیروبۆچونەکان لەئارادابێت، لە هەمان کاتـــدا دەبێت کۆمەڵگەیەکـــی مەدەنی زینـــدوو و چـــالاك هەبێت بـــۆ ئەوەی خەڵـــك بتوانن خۆیانی تێـــدا ڕێکبخەن و بتوانـــن خواســـت و داواکاریەکانیان بە سیاســـیەکان بگەیەنن، بەگشتی دەبێت بواری مشـــتومڕ و گفتوگۆکردن لەسەر تێکڕایی مەســـەلە و پرسەکان هەبێت بۆ ئەوەی هاوڵاتیان هۆشیاریەکی زیاتریان هەبێـــت و بتوانن داوا لەسیاســـییەکان و دەسەڵاتداران بکەن بۆئەوەی بەدەم خواست و داواکاریەکانیانـــەوە بچـــن، بێ ئەوەی ترسی ئەوەیان هەبێت لە لایەن کاربەدەست و بەرپرســـانی دەســـەڵاتەوە ڕووبەڕووی سەرکوتکردن دەبنەوە. من پێم وایە ناکرێت دیموکراسی لەوڵاتانی ڕۆژئاواوە بهێنن و لەوڵاتانی خۆتاندا پیادەی بکەین، دەبێت خۆتان کار و کۆشش بکەن بۆ گەشەپێدان و بەرەوپێشـــبردنی دیموکراســـی بکەن لەوڵاتەکەتاندا.



**دەبێت بایەخ بەپەرەپێدان و باشترکردنی کەرتی پەروەردە بدرێت، هەوڵوکۆشش بۆ بەرەوپێشچوونی بدرێت، هەروەک دەبێت ڕۆژنامەگەریەکی سەربەخۆ و ئازادی ڕادەبڕین و گوزارشتکردن لەبیروبۆچونەکان لەئارادابێت**

**ناکرێت دیموکراسی لەوڵاتانی ڕۆژئاواوە بهێنن و لەوڵاتانی خۆتاندا پیادەی بکەین، دەبێت خۆتان کار و کۆشش بکەن بۆ گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی دیموکراسی بکەن لەوڵاتەکەتاندا**

پرۆفیسۆر ئیدوارد کریشناو بۆ گوڵان:

# لەکوردستاندا دەرفەتی باش هەیە بۆئەوەی دیموکراسی گەشەبکات، بەڵام پێتانوانەبێت ئەوە لەشەو و رۆژێکدا روودەدات

**پرۆفیسـۆر ئیدوارد کرییشناو ئوستادی سیسـۆلۆژیە لەزانکۆی ئۆهایۆ و پسپۆر و تایبەتمەندە لەرەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵایەتی لەسەر بونیادی دیموکراسی و هەروەها ئەو رەهەندە کۆمەڵایەتیانە لەسەر کێشەو گرفتەکانی ئەو وڵاتانە، کە ئەم رەهەنددانە رۆڵیکی کاریگەر و رەنگدانەوەیەکی راستەوخۆی لەسـەر کولتووری دیموکراتی و بیرکردنەوەی هاوڵاتیان هەیە لەبونیادی دیموکراتیدا بۆ قسـەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە، پرۆفیسۆر کرینشاو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** گەشـەپێدانی دیموکراتـی و هەنگاوهەڵگرتـن بـەرەو جیهانی یەکەم، دووهەنـگاوی گرنگن بۆ چەسـپاندی دیموکراتی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا، ئایا ئەو میکانیزمانی چین کە بەپرۆسەی دیموکراتی دەدەن؟**

- دەبێت دامەزراوەکان تا دوا ڕاددە شەفاف بن، دەبێت خەڵکی بزانێ کاروبارەکان لە ناو حکومەتدا چۆن بەڕێوەدەبردرێت، واتە دەبێت متمانەیان بە حکومەت هەبێت، لە هەمان کاتدا دەبێت لە نێو خۆیاندا متمانەیان بەیەك هەبێـت، چونکە ئەم کێشـەیە لە عێراقدا بەدی دەکرێت کە گروپی ئاینی و ئیتنی جیـاوازی تێدایە، لەبەر ئەوە پێویسـت بە شەفافیەت و نوێنەرایەتیکردنی یەکسانی گروپە جیاوازەکان دەکات.

*** تـۆ باسـی عێراقت کـرد ئایا چۆن دەتوانین ئاسـتەنگەکانی بەردەم پرۆسەی دیموکراسی لە عێراقدا لاببەین ؟**

- مـن پێموایە هەنگاوی سـەرەتای لە عێراقدا بریتیە لەچارەسـەرکردنی کێشەی داهاتی نەوت لەوڵاتەکـەدا، لەبەرئەوەی هێشتنەوەی ئەم کێشەیە بێ چارەسەر دەبێتە سـەرچاوەی دروستبوونی ناکۆکی لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا، بەچارەسەرکردنیشی زەمینەی هاوکاری کردنی نێوان گروپەکان دێتەئـاراوە و ئەمەش سەردەکێشـێت بۆ سـەقامگیری حکومەتەکە. ئەو کاتە نە سوننەکان نیگەرانی ئەوە دەبن کە کوردەکان دەست بەسەر سـەرچاوە نەوتیەکاندا بگرن و نـە کوردەکانیش ترسـی ئەوەیان دەبێت سوننەکان ئەم کارە بکەن. دواتر من پێموایە دەبێت کار بەسیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بکریـت و من لەو بـاوەڕەدام بەدیلەکەش



بریتیە لە جیابوونەوە و دابەشبوونی وڵاتەکە لەمەودای دووردا.

*** بەڵام کورد ئەم هەنگاوە بە هەنگاوێکی تەندروسـت سەیردەکات، کێشـەکە ئەوەیە لایەنەکانی دیکـە هاوکارنیـن، ئایا تۆ لەمیارەوە چی دەڵیت؟**

- ئەمە کێشـەیەکی بنەڕەتیـە کە بریتیە لـە چۆنیەتی دابەشـکردنی داهاتەکانی نەوت، لەبەرئەوەی هێشتا لە عێراقدا نەوت پیشەسازی سـەرەکیە. لە ڕاستیدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو نەدەبوو عێراق وڵات بووایـە، بەڵام هەرچۆنێك بـوو یەکخرا و کرا بە دەوڵەت، کەواتە لەبەرئەوەی ئێسـتا دەوڵەتە و کەسیش خوازیاری دابەشکردنی نییە ئەوا دەبێت ئەم کێشەیە چارەسەربکرێت و نـەوت بکرێتـە هۆکارێـك بۆئەوەی دانیشـتوانی عێراق لەبری ئەوەی خۆیان بەئەندامی خێڵێك یان تائیفەیەك بزانن ئەوا خۆیان بەهاوڵاتی وڵاتەکە بزانن، بەتایبەتی شـیعەکان ئەوەندە بەهێزنیـن بتوانن دوو پێکهاتەکەی دیکە بخەنە ژێر دەسـەڵاتی خۆیانـەوە، لەو باوەڕدانیم کوردەکانیش ئەم خواستەیان هەبێت و سوننەکانیش بەحوکمی ئـەو مێژوویەی لە عێراقـدا هەیانە ئەوا بێدەسـەڵاتبوونە. ڕەنگە بانگەشـەکردنی من بۆ دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت بە یەکسانی بەسـەر هاوڵاتیاندا، نەك بەسەر ناوچەکانـدا بناغەیەکی پتـەو نەبێت بۆ دیموکراسـی، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەمە بەو مانایەدێت کە دەبێت کوردەکان دەسـت لەو خواسـتە هەڵبگرن کە ببنە وڵاتێکی سـەربەخۆ، شـیعەکان دەبێت بیـر لەوە نەکەنەوە بچنە پاڵ ئێران و سـوننەکانیش چیتر خەون بـەوەوە نەبینن جارێکی دیکە لە عێراقدا باڵادەسـت ببنـەوە. لێرەدا من دەمەوێت ئەوە ڕوون بکەمەوە کە مەبەستم چیـە لەوەی هەر هاوڵاتیەکی بەشـێکی یەکسـانی لە داهاتی نەوتـدا بۆ تەرخان بکرێت، مەبەستی من ئەوەیە دەبێت سەرەتا سەرژمێری بکرێت و دواتر ڕێژەیەك بۆ هەر کەسێك دیاری بکرێت لە داهاتی سامانی نەوتی وڵاتەکە، بەم شێوەیە تەحەکوم کردن بـە داهاتـی نەوتەوە لە ژێر دەسـەڵاتی حکومەتـدا نامێنێت و ئـەوا کاتە خەڵك دەتوانن ڕاوبۆچونیان هەبێت لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو داهاتە، ئەگەر پرسیاری ئەوەبکەین بۆچی ئەمـە ڕێگاچارەیەکی باشـە؟ سەرەتا من دەڵێم دەبێت لەبەرامبەر ئەم کارەدا حکومەت باج بەسەر هاوڵاتیاندا بسـەپێنێت، ئەوکاتە هاوڵاتیـان دەتوانن فشار لەسـەر حکومەت دروست بکەن کە دەبێـت شـەفافانە کارەکان بەڕێوەببات و خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان بۆ خەڵك دابین بکات. بەکورتی هاوڵاتیان دەبنە سەرچاوەی

داهاتی حکومەت و ئەمەش مەسەلەیەکی زۆر گرنگە. لێرەدا دەبێت دەستەیەك یان کۆمپانیایەکی سەربەخۆ هەڵبستێت بەم کارە، بۆ نموونە ئەگەر لەماوەیەکی دیاریکراودا داهاتی نەوت گەیشتە ١٠٠ ملیار دۆلار، ئەوا دەبێت بەشێکی تەرخان بکرێت و بەیەکسانی بدرێت بەهاوڵاتیان، لێرەدا حکومەت هەر دەمێنێت، ئەگەرچی حکومەتێکی بچوکیش بێت، بەڵام جیاوازیەکە ئەوەیە لە بری ئەوەی داهاتی حکومەت راستەوخۆ لەداهاتی نەوتەوە دابین بکرێت، ئەوا لە سەپاندنی باجەوە بەسەر هاوڵاتیاندا بەدەست دەهێنرێت. لێرەدا دەمەویت ئاماژە بەوە بکەم کە دەبێت لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا و بەهۆی ململانێی لایەنەکانەوە مەسەلە و بڕی باجەکە دیاری بکرێت، واتە لێرەدا هاوڵاتیان رۆڵیان دەبێت لەو مەسەلەیەدا، ئەمەش جەوهەری دیموکراسیە، چونکە دیموکراسی تەنها هەڵبژاردن نیە، بەڵکو وەرگرتنی مۆڵەتە لە هاوڵاتیان بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان. بۆچی سەددام ئەو هەمو دەسەڵاتەی هەبوو؟ لەبەرئەوەی داهاتێکی بێ سنووری لەبەردەستدا بوو.

*** ئایا ئەمە نابێتەهۆی دابەشبوونی وڵاتەکە؟**

- نەخێر، بەپێچەوانەوە، چونکە لێرەدا خزمەتکردنی بەرژەوەندیەکان جێی چەك دەگرێتەوە، یەکێتی هەندێ وڵات بە زەبری هێز پارێزراوە، سەددامیش ئەم کارەی کرد. لەدیموکراسیدا ناتوانیت پەنا بۆ ئەم شێوازە ببەیت، بەڵکو دەبێت قەناعەت بە خەڵکەکە بگەیت لە چوارچێوەی وڵاتەکەدا بمێننەوە، ئەمەش بەوە دەبێت کە بەرژەوەندیەکانیان بهێنرێتەدی و بپارێزرێت. واتە مانەوەی لە وڵاتەکەدا پتر خزمەت بەرژەوەندیەکانیان بکات نەك بە پێچەوانەوە.

*** بەڵام کێ دەتوانن ئەم کارە بکات و دەسەڵاتەکانی حکومەت سنورداربکات و ئەم شێوازە پیادە بکات؟**

- ئەوە پرسیارێکە ڕەنگە نەتوانم وەڵامی بدەمەوە، لەئەمەریکا و ئەوروپادا ئەگەر هاوڵاتیان بیرۆکەیەکی لەم چەشنەیان هەبێت دێنەسەرجادە و خۆپیشاندان دەکەن، وەك ئەوەی لە ئێراندا روودەدات، ڕەنگە ئەمەریکا و ئەورووپاش بتوانن پشتگیریتان بکەن، چونکە خەڵکانێکی زۆر هەن لەم دوو کیشوەرەدا کە پشتگیری لەم بیرۆکەیە دەکەن و ڕەنگە بەشێکی زۆری عێراقیەکانیش پاڵپشتی لێبکەن.

*** بەڵام ڕەنگە شیعەکان کە خۆیان بە دەسەڵاتدا دەزانن ئەمە ڕەتبکەنەوە؟**

- ئەمە کێشەکەیە، دیموکراسی پێویستی بەکاتە، ڕەنگە ئێمە هەڵەبوویتین کاتێك رووومان کردە عێراق و پێمانوابوو دەتوانین دیموکراسی لەو وڵاتە بخولقێنین لەماوەیەکی کورتدا. لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە خاڵێکی سەرەکی لەدیموکراسیدا بوونی ئابووریەکی ئاڵۆزە، مەبەستم دۆخێکی ئابووری ئەوتۆیە کە بۆ ئەنجامدانی کار و چالاکییە ئابووریەکانمان پێویستمان بەیەك بێت، بۆ نموونە ئەگەر کورد و سوننەکان هەست بە لێکدرووی و دژایەتی بکەین لە نێو یەکدا، بەڵام ئەگەر بۆ جێبەجێکردنی چالاکیە ئابوریەکان پێویستیان بەیەك بێت ئەوا ئاستی ئەم دژایەتی و دورکەوتنەوەیە کەم دەبێتەوە، ئێستا لە عێراقدا ئابوریەکی سادە هەیە و زۆربەی کارەکان حکومەت دەیکات، ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی گروپەکان تەنها جیاوازیەکان یەك ببینن. دەبێت کارێك بکەین تێکڕای دانیشتوانی وڵاتەکە هەست بکەن سەر نەتەوەیەکی دیاری کراون، چونکە حاڵی حازر هەستە ئیتنی و ئاینیەکان زۆر بەهێزن و مێژووش سەلماندویەتی لە کاتی نەبوونی متمانە لە نێو پێکهاتەکانی وڵاتەکەدا ڕەنگە دۆخەکە سەربکێشێت بۆ شەڕی ناوخۆ کە هەمیشە شەڕێکی خوێناوی دەبێت، ئەمەریکا لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردودا هەوڵی داوە ئەمە روونەدات و دڵنیاش نین دوای کشانەوەی ئەمەریکیەکان لە عێراقدا چی ڕوودەدات. ئەوەی پەیوەندی بە کوردستانەوە هەبێت من ئەوا من بەرهەڵستی سەربەخۆی کوردستان ناکەم، بەڵام لەو باوەڕەدام دووچاری دژواری دەبێتەوە، بەهۆی ئەوەی هیچ دەروازەیەکی بۆ سەر جیهانی دەرەوە نییە و بۆ ناردنەوە دەرەوە دەبێت شیعەکان هاوکاری بکەن بۆ ناوچەی کەنداو، یاخود تورکیا کە من لەو باوەڕەدانیم تورکیا ئەم هاوکاریە بکات.

*** بەڵام زۆرجار دیموکراسی کورت دەکرێتەوە لەئەنجامدانی هەڵبژاردندا، بێ ئەوەی بایەخ بەسەروەری یاسا، بەمافی موڵکداریتی و فەردانیەت بدرێت، راوبۆچونی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- من پێموایە لەپاڵ هەڵبژاردندا دەبێت دامەزراوەکانی دیکە هەبن، وەك مافی موڵکداریتی تایبەت، رۆژنامەگەری ئازاد، بوونی حکومەتی مەحەلی لەپاڵ حکومەتی نیشتیمانیدا، هەروەها لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا مافی کەمینەکاندا پارێزراوە لەرێی دادگاکانەوە، بۆ نموونە ئەگەر ئەمە لەعێراقدا نەبێت ئەوا ڕەنگە مافی کوردەکان نەپارێزرێت لەبەرامبەر زۆرینەی شیعەکاندا، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ شەڕی ناوخۆی.

*** ئایا ئەو میکانیزمە پێویستانە چین بۆ ئەوەی دیموکراسیەتی تەندروستی لێبکەوێتەوە؟**

- بوونی ئابوورییەکی ئاڵۆز هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، بوونی دامەزراوەکان، وەك مافی موڵکداریتی تایبەت، دەزگای قەزائی سەربەخۆ و هتد. ئەوەی لە وڵاتێکدا دیموکراسی تووشی گرفت دەکات، بوونی زۆرینەیەکی گەورەیە لە پاڵی کەمینەیەکی بچوکدا، چونکە ئەگەر گروپەکان بچوك بن ئەوا فرەییەکی زۆر دەبێت و کەس ناتوانێت باڵادەست بێت، لە عێراقدا دو کەمینەی تێدایە و ڕەنگە راسپاردەی من بۆ سەرکەوتنی دیموکراسی لەعێراقدا ئەوەیە لەئەزمونی سویسرا بڕوانن، سویسرا، ئابوریەکی ئاڵۆزی هەیە و دیموکراسی بۆتەهۆی دروستبوونی متمانە لەنێوان هاوڵاتیاندا و ئەمەش دەبێتە بناغە بۆ متمانەکردن بە حکومەت، لێرەدا هاوڵاتیان لە رووی ئابوریەوە پێویستیان بەیەك دەبێت و ئەکاتە لە رووی سیاسیشەوە پێویستیان بەیەك دەبێت و ئەو کاتە پەنا بۆ کوشتنی یەکتر نابەن.

*** دوا وتەت چیە؟**

- بەگشتی لەئەمەریکا هیوای خۆشبەختیان بۆ دەخوازین، بە تایبەتی کوردەکان، چونکە هەرێمی کوردستان بە باشی کاروبارەکانی بەرێوەبردووە لە ماوەی دە ساڵی رابردودا، هەرچەندە ئەمەریکا پارێزگاری لێکردون، لەبەر ئەوە من پێم وایە دەرفەتی باش هەیە لە کوردستاندا بۆ ئەوەی دیموکراسی گەشە بکات، بەڵام پێتان وانەبێت ئەوە لە شەو و رۆژێکدا روودەدات.

**ئەگەر لەماوەیەکی دیاریکراودا داهاتی نەوت گەیشتە ١٠٠ ملیار دۆلار، ئەوا دەبێت بەشێکی تەرخان بکرێت و بەیەکسانی بدرێت بەهاوڵاتیان**

**دیموکراسی پێویستی بەکاتە، ڕەنگە ئێمە هەڵەبوویتین کاتێک رووومان کردە عێراق و پێمانوابوو دەتوانین دیموکراسی لەو وڵاتە بخولقێنین لەماوەیەکی کورتدا**

پرۆفیسۆر نعۆمی کارمۆن بۆ گوڵان:

# کولتووری ڕێزگرتن لەگروپ و تاک فاکتەری سەرەکی بونیادی دیموکراسییە

**خاتوو نعۆمی کارمۆن ئوستادی سیسۆلۆژیە لەزانکۆی حەیفا و سەرۆکی سەنتەری پلاندانانەو پسپۆرو تایبەتمەندە لەبواری سیسۆلۆژی و مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، بۆ بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی ئاستی گەشەی دیموکراتی لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و دەوڵەتانی تازە پێگەیشتو، پرۆفیسۆر کارمۆن بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەروو.**

*** دیموکراسی و ئازادی بوونە جمك، واتە کە باسی دیموکراسی دەکەین، ئازادی بەردی بناغەیەتی. ئایا چۆن ئەم توخمە گرنگە ڕۆڵی خۆی لەبونیادی دیموکراسی دەگێرێت؟**

- دیموکراسی پێویستی بەهەلومەرجێکی دیاریکراوە بۆئەوەی بەرەوپێشبچێت، واتە پێویستی بەسیاقێکی کولتووری دیاریکراوە کە تێیدا ڕێز نەك تەنها لەگروپەکان بەڵکو ڕێز لەئازادی تاکەکانیش بگیرێت، بەو پێیە چەند پێشمەرجێك هەیە بۆ ئەوەی دیموکراسی گەشە بکات، من پێم وایە دەکرێت کار بۆ پەرەپێدان و خوڵقاندنی ئەم کولتووری ڕێزگرتنە بکرێت لە ڕێی پەرەپێدانی سیستمی پەروەردەوە، کە هەر لە منداڵی و لە باخچەی ساوایانەوە دەست بەم پرۆسەیە بکرێت، بۆ ئەوەی لە مەودای دووردا ئەم جۆرە کەلتورە دروست بکرێت.

*** ئایا مەبەستی بەرێزت ئەوەیە هەوڵبدرێت بەها دیموکراتی و ئازادییەکان لەناو هەناوی کۆمەڵگە رەگدابکوتێت، بەڵام پرسیاری ئیمە ئەوەیە ئەو میکانیزمانە چین بۆ سەرکەتنی ئەم کارە؟**

- من پێموایە دەبێت کار بە هەردوو ئاراستەکەدا بکرێت، مەبەستم ئەوەیە هەم لەسەرەوە بۆ خوارەوە و هەم لەخوارەوە بۆ سەرەوە، ئەوەی پەیوەست بێت بەکارکردن بەشێوازی لەخوارەوە بۆ سەرەوە ئەوەیە کە پەروەردەیەکی دیموکراسی لە قوتابخانەدا بوترێتەوە، واتە بەها دیموکراسیەکان بە قوتابیەکان فێربکرێت بۆ ئەوەی هەم لە قوتابخانە و هەم لە بزوتنەوەکانی پەیوەست بە گەنجان و لاواندا رەنگبداتەوە، لە راستیدا ئەمە بە شێوەیەکی گشتی خستنەگەڕی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە دەگرێتەوە کە دەبێت شار و شارۆچکە و گوندەکانیش لە خۆبگرێت. خاڵی دووەم شێوازی لە سەرەوە بۆ خوارەوە ئەوەیە هەوڵی سازدان و ئەنجامدانی هەڵبژاردن بدرێت، ئەمەش دو پێکهاتەی سەرەکی لە خۆدەگرێت، یەکەمیان دروستبوونی دامەزراوە دیموکراسیەکان، یاخود دامەزراوە هەڵبژێردراوەکان کە دەبێت کار بە بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی بکرێت (دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن، یاسادانان و قەزائی)، پێکهاتەی دووەم دارشتنی ئەو یاسا و ڕێسایانەی زامنی ڕێزگرتن لە مافەکان دەکەن، لە نێویاندا مافی سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان.



*** بەڵام زۆرجار ئەم دوو ئاراستیەیە وەك پرۆسەیەکی موتەکامیل سەیر ناکرێت، واتە لایەنێکی دەکرێت و لایەنێکی پشتگوێ دەخرێت، یان هەڵبژاردن دەکرێت، وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، یان بایەخ بەلایەنەکەی دیکە دەدرێت وەك دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ئایا ئێوە چۆن ئەم دوولایەنە دەبینن؟**

- هەڵبژاردن لایەنێکی گرنگە لەدیموکراسیدا، بەڵام ئەگەر دەسەڵاتێکی قەزائی سەربەخۆ بوونی نەبوو، ئەگەر مافەکانی مرۆڤ و ماف و ئازادییە تاکەکەسییەکان زامن نەکرابوون، ئەوا ناتوانین تەنها بەئەنجامدانی هەڵبژاردن بڵێین دیموکراسی لەئارادایە. من نامەوێت ڕیزبەندی بکەم و بڵێم دەبێت سەرەتا بایەخ بە لایەنێکی دیاری کراو بدرێت، چونکە بە تێروانینی من دەبێت لە یەك کاتدا گرنگی و بایەخ بە تێکرای پێکهاتە و لایەنەکانی دیموکراسی بدرێت، سێ پێکهاتەی زۆر گرنگ هەیە بۆ ئەوەی بتوانین دیموکراسیەکی تەندروست بنیاتن بنێین، یەکەمیان بونی دەسەڵاتێکی دادوەری سەربەخۆیە، دووەم پاراستن و زامنکردنی مافەکانی مرۆڤ و مافە تاکەکەسیەکان و سێیەم سازدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و نەزیە کە تێیدا هەموو کەسێك ئەوپەری ئازادی دەنگدان و هەڵبژاردنی بۆ برەخسێت.

*** ئەوەی ئاماژەمان پێکرد ئیشکالیەتی پرۆسەکانی دیموکراتین لە جیهانی سێیەمدا ئایا ئەو ئیشکالیەتە چۆن چارەسەر دەکرێن؟**

- لە ڕاستیدا چارەسەرێك، یان

سیاسی

گوڵان

ژمارە (٧٤٤)
٢٠٠٩/٨/١٠

ڕێگاچارەیەك نیە بتوانرێت لە تێكڕای وڵاتانـــی جیهانی ســێدا پیادە بكرێت، چونكــە هەر وڵاتێـــك تایبەتمەندی و كولتــووری تایبەتی خــۆی هەیە، بۆ نموونە وڵاتی چین سیستمێكی دیاری كراوی تایبـــەت بەخۆی هەیە و ڕەنگە ئەوەی لەم وڵاتەدا ســەركەوتن بەدەست دەهێنێت لە وڵاتانـــی عەرەبیدا هەمان ئەنجامـــی لێنەكەوێتـــەوە. هەروەهـــا كولتــووری ئیســلامیش جیـــاوازە لە كولتووری هیندۆســـی یان مەسیحی. ئەگــەر ئەوانــەی پێشــتر ئاماژەمان پێكــردن وەك دەســەڵاتێكی قــەزای ســەربەخۆ و پاراســتنی مافەكانــی مرۆڤ و هەڵبژاردنی ئازاد ئامانجەكە بن، ئەوا دەبێت لە ڕێی خســتنەگەڕی پرۆسەیەكی دیاری كراوەوە ئەم ئامانجانە بهێنرێنەدی، بەڵام ئەم سەركەوتنی ئەم پرۆسەیە پشت بە ڕەوچاكردنی كەلتور و تایبەتمەندی كۆمەڵگەكە دەبەستێت، بە پێچەوانەوە چارەنوسی سەركەوتن نابێت، چونكــە ئەو كاتە خەڵكــە مەحەلیەكە بەرهەڵستی دەكەن. هەروەها دیموكراسی لە شــەو و ڕۆژێكدا نایەتەدی، چونكە ناكرێــت بە تەنهــا ڕاگەیاندنی ئەوەی دەبێـــت پابەندبین بە دیموكراســـییەوە و ڕێـــگای ڕۆژئاوا بگرینەبـــەر، هزر و ئەقڵی ملیۆنەها كەس بگۆڕیت، بەڵكو دەبێت كولتـــوورە مەحەلیەكە لەبەرچاو بگیریـــت و كار لەگەڵ ئـــەو خەڵكەدا بكەیت.

*** كێشەیەكی دیكە ئەوەیە زۆرجار ئەو لایەنانەی بەشداری لەهەڵبژاردندا دەكەن لەبنەڕەتدا باوەڕیان بەدیموكراسی نییە و كاری پێناكەن، یان بەشداری دەكەن بۆ گەیشتن بەدەســەڵات، چۆن دەتوانرێت ئەم كێشانە چارەسەربكرێت؟**

- ڕەنگــە ئەمــە گشــتاندنێكی زیاد لەپێویســـت بێـــت، مەبەســـتم ئەوەیە دەبێت هـــەر حاڵەتێك بەجیا وەربگرین و لێكۆڵینەوەی لەبارەوە بكەین، بۆ نموونە ئەوەی پەیوەندی بەپارتە ئیسلامیەكانەوە هەبێت ئایا هەڵوێست و تێڕوانینی ئەوان چییە دەربارەی ئەوەی چی ڕێپێدراوە بۆ ئافرەتان و چی ڕێپێنەدراوە، ئایا هەمان ئەو یەكسانیە قەبووڵ دەكەن لەنێوان پیاو و ئافرەتدا كە لەڕۆژئاوادا هەیە. هەروەها بەداخەوە هەندێجار دیموكراســـیش وەك ئامرازێـــك بەكاردەهێنرێت بۆ ئامانجی شـــاردراوە، بۆ نموونە لەگەڵ گەیشتن بەدەسەڵاتدا پشت لەدیموكراسی دەكەن و ئەوەی خۆیان بیانەوێت ئەنجامیدەدەن.

*** ئـــەوەی تێبینی دەكەین هەندێك جار ئەوەیە یاســـا هەیە بەڵام سەروەری یاسا بوونی نییە، هەروەها بازاڕی ئازاد هەیە، بەڵام هاوسەنگی بازاڕ نەهاتۆتەدی ئایا ئەمەش گرفتێك نییە؟**

- ئەمـــە پرســـیارێكی زۆر جیـــاوازە، لەڕاستیدا بازاڕی ئازاد و سەرمایەداری ئەمەریـــكا زۆر جیاوازە لەبازاڕی ئازاد و ســـەرمایەداری فەڕەنسا، كە ئەمەی دواییان تـــا ڕاددەیەك ئاڕاســـتەیەكی سۆشیالیســـتی وەرگرتووە، هەروەها ئەم جیاوازیە بـــەدی دەكەیـــن ئەگەر ئەم بەراوردە لەنێوان وڵاتانی ئەسكەندەناڤیا بكەین لەگەڵ ئەمەریكا و بەریتانیادا.

**دیموكراسی پێویستی بەهەلومەرجێكی دیاریكراوە بۆئەوەی بەرەوپێشبچێت، كە تێیدا ڕێز نەک تەنها لەگروپەكان بەڵكو ڕێز لەئازادی تاكەكانیش بگیرێت**

**ئەگەر دەسەڵاتێكی قەزائی سەربەخۆ بوونی نەبوو، ئەگەر مافەكانی مرۆڤ و ماف و ئازادییە تاكەكەسییەكان زامن نەكرابوون، تەنها بەئەنجامدانی هەڵبژاردن بڵێین دیموكراسی لەئارادایە**



# خوێندنەوەیەکی دیکە
# بۆ سەردانەکەی مالیکی بۆ هەرێمی کوردستان



فەیسەڵ دەباغ
تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

کۆبوونەوە لوتکەکەی دوکان، نێوان سەرۆکی کۆمار و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدراڵ، بەبێ هیچ ئەنجامێکی هەستپێکراو کۆتایی هات، لە کۆبوونەوەکە تەنیا لەسەر ئەوە رێککەوتن کە جارێکی دیکە دەست بە دانووستانەکان بکرێتەوە بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەو کێشانەی کە لە نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەن و ڕیزبەندکردنی ئەولەویاتی چارەسەرکردنیان، بۆ ئەم مەبەستەش بڕیاردرا کە شاندێکی حکومەتی هەرێم سەردانی بەغدا بکات.

پرسیاری هەرە گرنگ ئەوەیە: ئایا بۆچی مالیکی لەوساتە وەختەدا سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد؟

ئایا ئەو سەردانەی هەروا رێککەوت بوو یان شتی تری بەدواوە بوو؟

بە قسەی میدیای عەرەبی و کوردی ئەم سەردانە لەسەر داوای سەرۆك کۆمار بوو، کە ئەمەشیان زۆر راستە، بەڵام ئایا مالیکی پاش ئەو هەموو دابڕانە بە بەلاش و تەنها لەبەر داوایەك هاتە کوردستان؟

لە وەڵامدا دەڵێین نەخێر، بەرای ئێمە سێ هۆکاری سەرەکی وایان لە مالیکی کرد کە سەردانی کوردستان بکات، یەکەمیان فشاری ئەمەریکا، دووەمیان ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان، سێیەمیشیان نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی بوو، کە هەر لە ئێستاوە مالیکی ترسی لێ نیشتووە، یەك بەرامبەر بە ئەمەریکا و دووش بەرامبەر بە نەیارانی لە هەندێ لایەنی شیعی، مالیکی لە دوا سەردانیدا بۆ ئەمەریکا کەوتە ژێر فشاری سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و پێشتریش فشاری جێگری سەرۆك جۆزێف بایدن، پاش ئەوەی ژەنەراڵ ئۆدێرنۆ فەرماندەی هێزە فرە رەگەزەکان لە عێراق هۆشداری دایە ئەو دوو زاتە کە لەگەڵ مانەوەی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، بەتایبەتی لەسەر ناوچە دابڕاوەکان و چارەسەرنەکردنیان بەر لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، ئەو کشانەوەیە دوا دەخرێت و ئەگەری بەرپابوونی شەڕیش لە نێوان کورد و عەرەبدا بەدوور نازانێ.

با شتێك بگێڕمەوە: کە ئەو سێ سەرکردەیە لە دوکان یەکیان گرتەوە، من لەسەرچاوەیەکی زۆر نزیکی مالیکیم پرسی، کە ئایا ئەو سەردانەی بۆ هەرێمی کوردستان دەرەنگ نییە؟ لە وەڵامدا پێی گوتم: ئەگەر بە دەستی مالیکی بوایە بەو شێوەیە سەردانی هەرێمی نەدەکرد، بەڵام کە مالیکی لە ئەمەریکا بوو سەرۆك ئۆباما و جێگری سەرۆك جۆزیف بایدن فشارێکی زۆریان خستە سەر بۆ ئەوەی سەردانی کوردستان بکات و لەگەڵ سەرۆك بارزانی کۆببێتەوە و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر بدات.

مالیکی پێیانی گوتبوو: من یەك ساڵە لەو هەرێمە دابڕاوم، چۆن داوا لەسەرۆك وەزیران دەکەن سەردانی هەرێمی کوردستان بکات، لە کاتێکدا پێویستە ئەوان بێنە بەغدا، ئایا ئێوە حیساب بۆ پۆستەکەی من ناکەن؟

لە وەڵامدا جۆزیف بایدن بە مالیکی گوتبوو: لەبەر ئەوەی تۆ سەرۆك وەزیرانی بۆیە دەبێ تۆ سەردانی هەرێم بکەیت.

کەواتە یەك لەو هۆکارانەی کە وایان لە مالیکی کرد سەردانی هەرێمی کوردستان بکات، فشاری کەسی یەکەم و دووەمی ئەمەریکا بوو، هاتنی رۆبەرت گێتسی وەزیری بەرگری ئەمەریکاش بۆ هەرێمی کوردستان هەر لەسەر راسپاردەی سەرۆك ئۆباما و جێگری سەرۆك جۆزیڤ بایدن بوو، بۆ ئەوەی قەناعەت بە سەرۆك بارزانی بهێنێ کە لەگەڵ مالیکیدا دابنیشێ و ئیتر داوایەکەی سەرۆك کۆمار هەر لە سەر ئەو بنچینەیە بوو.

لێرەدا نابێ حەزی خودی مالیکی بۆ ئەو سەردانە لە بیر بکەین، راستە ئەو دەیویست بەر لە سەردانەکەی بۆ هەرێمی کوردستان سەرۆك بارزانی سەردانی بەغدا بکات، بەڵام ئەو ویستەی بۆ نەچووە سەر و ئیتر بە مەجبوری بێت یان لەبەر چەند مەسەلەیەکی دیکە بێت بڕیاری سەردانەکەی بۆ هەرێمی کوردستان دا، ئەگینا بەپێی ئەو سەرچاوە نزیکە، مالیکی وای دانابوو و بەر لە هەڵبژاردنی داهاتوو بە بیست رۆژ سەردانی هەرێم بکات و هەندێ شت بکات کە بە دڵی سەرکردەکانیەوە بێت، مالیکی لە ناوخۆ تووشی گیروگرفتێکی زۆر بووە، ئەو دەیەوێ بەر لە هەڵبژاردن هاوپەیمانییەکەی نێوان

کورد و شیعە پتەوتر بکات لەوەی پێشوو، بەڵام ئەوە روون نییە کە ئەو هاوپەیمانییە لەگەڵ خودی خۆی و حزبی دەعوە بێت یان لەگەڵ ئیئتیلافی یەکگرتوودا، کە ماوەیەکە حزبی دەعوە و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی عێراق پێی مژولن، بەڵام هەر یەکە و بەپێی بەرژەوەندی خۆی.

مالیکی سێ کێشەی لەگەڵ لایەنە شیعییەکانی دیکەدا هەیە، بەتایبەتی لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی عێراقیدا، سێ کێشەکەش خۆیان لەسەرۆکایەتی ئیئتیلافەکە و سەرۆکایەتی وەزیران و رێژەی بەشداربوونی لایەنەکان لەو ئیئتیلافە دەبیننەوە.

حزبی دەعوە دەیەوێ سەرۆکایەتی ئیئتیلافەکە بەدەست مالیکیەوە بێت، مالیکیش هەر وەکو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بمێنێتەوە، رێژەی بەشداربوونی لایەنەکانیش بەمشێوەیە بێت:

٪٥٠ بۆ حزبی دەعوە و ٪٥٠ کەی تریش بۆ ئەنجوومەنی باڵا و لایەنەکانی دیکەی شیعە.

ئەنجوومەنی باڵا ئەم سێ مەسەلەیە رەتدەکاتەوەو پێیوایە سەرۆکایەتی ئیئتیلافەکە هەر بەدەستی ئەنجوومەنەوە بێت، مالیکیش بۆ ویلایەتی دووەم هەڵنەبژێردرێتەوە و رێژەی بەشداربوونیش بەپێی قورسایی لایەنەکان بێت.

بەڕای کەسێکی دیکەی نزیك لە مالیکی هەر لەبەر ئەم سێ کێشەیە تا ئێستا پێکهاتەی ئیئتیلافەکە رانەگەیەنراوە، هەر بەڕای ئەویش ئەو دوولایەنە بەهیچ شێوەیەك لەسەر ئەو سێ مەسەلەیە ناگەنە یەك.

مالیکی دەیەوێ بەهۆی کوردەوە پێگەی خۆی بەرامبەر ئەنجوومەن قایم بکات و هەر بەهۆی کوردەوەش سەرۆکایەتی وەزیران وەرگرێتەوە.

ئەوەی گوێی لە قسەکانی مالیکی لە دوکان بووبێ دەزانێ کە مالیکی لە قسەکانیدا، بەتایبەتی بەرامبەر بە دەستوور، تەنازولی نیشاندا کاتێ گوتی: من پابەندی گشت بڕگەکانی دەستوورم هەتا سەبارەت بەو بڕگانەی کە کاتی خۆی تێبینم لەسەریان هەبووەو ماددەی ١٤٠ یش ماددەیەکی دەستوورییە و پێویستە بێتە جێبەجێکردن.

ئەم قسەیەی مالیکی بۆ رازی کردنی کورد بوو، ئەگینا کوردیش دەزانێ ئەوەی لە ماوەی سێ ساڵ و نیودا نەکرا، بە نیوە ساڵەکەی دواییش ناکرێ و ئەو قسانەی مالیکیش هەر بەمەبەستی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراقە.

راستە هاتنەکەی بۆ کوردستان بە هەنگاوێکی ئیجابی وەسف دەکرێ، بەڵام کورد پێی وا نییە مالیکی راستگۆ بێت لە چارەسەرکردنی کێشەکان.

هۆکاری دووەمی هاتنی مالیکی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی کوردستانە، سەرکەوتنی سەرۆك بارزانی بەو رێژە بەرچاوەو هەروا سەرکەوتنی لیستی کوردستانی وایان لە مالیکی کرد کە مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعە دا بکات، ئەگینا بەر لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن هەر ئەو مالیکیە بوو کە دەیگووت چاوەڕوانی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی کوردستان دەکەین و لەگەڵ ئەو لایەنە براوە دادەنیشین و چارەسەری کێشەکان دەکەین،کە ئەمەیش ئەوکات ئەم قسەیەی مالیکی بە نیگەرانییەوە لەلایەن سەرکردایەتی کوردەوە سەیر کرا.

لەکەسی ناشارمەوە، مالیکی لەو هەڵبژاردنەی کوردستاندا دەیویست کەسێکی دیکە ببێ بە سەرۆکی هەرێم و لیستی تریش پێگەی لەهی کوردستانی بەهێزتربێت، واتە سەرکردایەتییەکی لاواز کە بتوانێ بەهۆیەوە ئیرادەی خۆی بەسەری بسەپێنێ و پێداگیریش لەسەر مافەکانی گەلی کوردستان نەکات.

بەڵام کاتێ مالیکی ئەمەی بۆ نەچووە سەر، ئیتر مەجبور بوو مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعە بکات کە خەڵکی کوردستان بە زۆرینەی دەنگ سەپاندیان، چونکە ئەو خەڵکە باش دەزانن کە بەبێ سەرۆك بارزانی کێشەکانیان لەگەڵ بەغدا نایەتە چارەسەرکردن، تەنیا کەسێکیش کە بەغدا حیسابێکی قورسی بۆ بکات خودی سەرۆك بارزانییە، دەکرێ لێرەدا ئاماژە بە مەترسییەکی دیکەی مالیکی بدەین، کە لەوانەیە ئەویش هۆکارێکی دیکە بێ بۆ خۆ نزیکردنەوەی لە سەرکردایەتی کورد کە ئەویش ترسییەتی لەوەی نەوەکو ئەمەریکا بیر لە هاوپەیمانییەکی دیکەی کردبێتەوە کە ئەلتەرناتیڤی هاوپەیمانییەکەی بێ لەگەڵ شیعەدا، وەك هاوپەیمانی بەستنی لەگەڵ حزبی بەعس و چەند کۆمەڵەیەکی دیکەی سوننی کە پەیوەندییان بە شانشینی عەرەبی سعودییەوە هەیە، مالیکیش لەم چەند کۆڕوکۆبوونەوانەی کە لەم دواییەدا ئەنجامی داوە ئەو مەترسییەی خۆی نەشاردۆتەوە و ئەو مەترسییەشی لە کۆبوونەوەکەی دوکانیشدا دووبارە کردەوە، ئەو مەترسییەی مالیکی لە چیرۆکێکی زۆر سەیر هەڵقوڵاوە کاتێ چەند نوێنەرێکی فەرمی ئیدارەی ئەمەریکا دانیشتنێکی نهێنیان لە شاری ئەستەمبۆلی تورکیا لەگەڵ ئەنجوومەنی سیاسی بەرهەڵستکاری عێراق ئەنجامی دابوو کە لە پاشماوەی بەعسیەکان و هەندێ لایەنی سوننی پێکهاتووەو تەوەری سەرەکی ئەو کۆبوونەوەیەش باسکردنی ئایندەی سیستەمی حوکم بوو لە عێراقدا.

ئیدارەی ئەمەریکا نەك هەر رووداوەکەی ئەستەمبولی بەدرۆنەخستەوە، بەڵکو ئاشکراشی کرد و خستییە چوارچێوەی کۆبوونەوەکانی خۆی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراق، بە مەبەستی هێنانەدی ئاشتەوایی سیاسی نێوان شیعە و سوننە.

پرسیارەکە لەوەدایە: بۆ ئیدارەی ئەمەریکا پێشتوەخت ئاگاداری نوری مالیکی نەکرد سەبارەت بە کۆبوونەوەکە؟ بۆ بەدرێژایی ئەو هەموو مانگە هەر لە مانگی ئاداراوە، کارێکی مەترسیداری وای شاردەوە و بۆ چی ئێستاش هەواڵەکەی پشتراست کردەوە؟

کاتێ مالیك گوێبیستی ئەم هەواڵە بوو، ترسی دایگرت، ئەوکات لە ئەمەریکا بوو، ئیتر هەر لەوێشەوە رایگەیاند کە هیچ لاری نییە بە مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق هەتا پاش کۆتایی ساڵی ٢٠١١، کە ئەمەیش ویستی ئەمەریکا بوو لەو سیناریۆیەی کە خوڵقاندنی و توانی هەر بەو هۆیەشەوە مالیکی بترسێنێ و ئەمری پێ بکات کە لەگەڵ سەرکردایەتی هەرێمی کوردستانیش دابنیشێ.

**بۆچی مالیکی لەوساتە وەختەدا سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد؟ ئایا ئەو سەردانەی هەروا رێککەوت بوو**

**مالیکی لەو هەڵبژاردنەی کوردستاندا دەیویست کەسێکی دیکە ببێ بە سەرۆکی هەرێم و لیستی تریش پێگەی لەهی کوردستانی بەهێزتربێت، واتە سەرکردایەتییەکی لاواز کە بتوانێ بەهۆیەوە ئیرادەی خۆی بەسەری بسەپێنێ**

# کوردستانی دوای هەڵبژاردن: قۆناغی تازە



سامی شۆرش

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

دوای تەواوبوونی هەڵبژاردن و ڕاگەیاندنی ئەنجامە کۆتاییەکانی لە لایەن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەوە، ئیتر کاتی ئەوە هات، بەپەلەو بەوپەڕی داهێنان و هەستکردن بە مەسئولیەتەوە، هێزە سیاسییەکانی کوردستان، هەوڵی یەکخستنەوەی هەڵوێستەکانیان بدەن لە سەر دوو ئاستی زۆر گرنگ و بایەخدار:

**یەکەم، لە سەر ئاستی ناوخۆیی لە کوردستان.** چۆن هەڵوێست و گوتارو پرۆسەی سیاسییان گەشە پێدەدەن و پێگە سیاسییەکانیان بەهێزتر دەکەن و پێکهاتە حزبییەکان لە یەکتری نزیك دەبنەوەو ناهێڵن ئەو تابلۆ جوان و گونجاوەی لە سەر ئاستی جیهانی و نێودەوڵەتیدا لە بەرامبەر ئەزموونی دیموکراسیی کوردستان دروست بووە، بشێوێنرێت؟

دووەم، لە سەر ئاستی هەموو عێراق، یان وردتر لە سەر ئاستی پرۆسە سیاسییەکەی بەغدا، کە لەوەتەی ڕژێمی پێشوو رووخاوە، کورد بەشێکی کاریگەرو یەکگرتووی ئەو پرۆسەیە پێك دەهێنێت، چۆن هەڵوێست یەکدەخەن و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کوردستان دەپارێزن و ناهێڵن ناحەزان و دوژمنان پێگەی کورد لە ناو عێراقی تازەدا لاواز بکەن و کەڵك لە جیاوازییەکان وەربگرن؟ چۆنیەتی ڕەفتار کردن و سیاسەت دارشتن لە سەر ئەو دوو ئاستە، بەشێکی گرنگی دوارۆژی کوردستان و دوارۆژی دەستکەوتە دەستوورییەکانی و بگرە چارەنووسی سیاسیی کوردیش دەست نیشان دەکات.

لە بارەی خاڵی یەکەمەوە، پێویستە پێشەکی هێما بۆ ئەوە بکرێت کە قۆناغی هەڵبژاردنی ٢٥ی مانگی رابردوو، جۆرە پشێوی و تێکەڵ و پێکەڵییەکی لە ناو بواری سیاسیی کوردستان دروست کرد، ئەگەرچی دوا ئەنجامەکانی، مایەی دڵخۆشی و شانازی بوون. لەو بوارەدا هەندێك هێزی سیاسیی تازەی ئەوتۆ لە ناو بزووتنەوەی سیاسیی کوردستاندا پەیدا بوون و لیستی تازە هاتونەتە گۆڕێ و هاوپەیمانێتیەکانی ناو پرۆسەی هەڵبژاردن، بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ساڵانی پێشوو، جۆرە گۆڕانکارییەکی بەرچاویان تێکەوتووە .

ڕاستە، هەندێك لەو گۆڕانکارییانە، بەرچاو روونی و خەمخۆری و گیانی بەرپرسیاریێتیان پێوە دیارە. هەندێکی دیکەش، پەلە پەلی و گیانی بێ ئومێدی و تۆڵەو دەماری ڕکەبەرایەتی و بوغزاندنی سەلبیانەیان پێوە دیارە. بەڵام گرنگ ئەوەیە هەر هەموویان زادەی هەڵبژاردنێکی یاسایی و خاوێنن، تەعبیر لە خواستی دیموکراسیانەی میللەت دەکەن و بەشێك لەو سەروەرییە سیاسییە گەورەیە پێك دەهێنن کە میللەتی کورد لە ژێر سێبەری سەرۆکایەتیی جەنابی سەرۆك بارزانی دایمەزراندووە.

ئێستا، ئیتر قۆناغێکی تازە لەبەردەمە: جا چ لە ناوخۆو چ لە ناو عێراق و چ لە ناوچەکە. لە دوای تەواوبوونی هەڵبژاردن و ئاشکرا بوونی ئەنجامەکانی، ئیتر مەودایەکی تازە لە ئاسۆی سیاسیی هاتۆتە گۆڕێ، کە خوازیاری ڕەفتارێکی سیاسیی مەسئولانەیە لە هەموو لایەنەکانی کوردستان. ئەم ئاسۆ تازەیە ڕەنگە پێویستی بەوە هەبێت کە هەموو هێزە سیاسییەکان دەست بەرداری نەفەسی ڕکابەری و زمانی هەڵمەتی هەڵبژاردن بن و بە گیانی یەکتر قبوڵکردن کار بکەن و بە گیانی بەرپرسیارێتی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن وەربگرن و واز لە هەناسەی ڕقەبەرایەتی و بوغزنواندن و زمانی زبر بهێنن. بە کورتی پێویستە کورد لە قۆناغی هەڵبژاردن و پێداویستییەکانی دەربچێت و بکەوێتە قۆناغی بیناو درێژەدان بە خەباتی یەکگرتووی نەتەوەیی.

لە لایەکی دیکەوە، پێم وایە هەر هەموو لیستەکان، بەوانەی پێشتر لە ناو گۆڕەپان بوون و بەوانەی تازە هاتوونەتە گۆڕەپانەکەوە، پێویستیان بەوەیە، هەوڵی خۆ گونجاندن بدەن لەگەڵ پرۆسە سیاسییەکەی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٩٢وە لە هەلومەرجێکی گەلێك سەخت و زەحمەت و بە ماندووبوون و هیلاکی هەموو لایەك دامەزراوەو موڵك و مایەی شانازیی هەموانە. لێرەدا مەبەستم لە خۆگونجاندن ئەوەیە کە هیچ لایەك هەوڵی خۆدابڕاندن نەدات و واز لە شێوازی تاکڕەوێتی بهێنێت و بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا بێتە ژێر قوببەی پەرلەمان و یارمەتیدەر بێت لە دەستپێکی دانیشتنەکانی بۆ ئەوەی کارو مەسئولییەتەکانی ناو پەرلەمان، بە بێ گرێ و گۆڵە و بە ئاسانی دابەش بکرێت.

هەروەها، پێم وایە، یەك لە ئەرکە گرنگەکانی ئەم قۆناغە تازەیە ئەوەیە کە هەموو لایەك هەوڵ و تواناکانیان بخەنە کار بۆ ئەوەی حکومەتی تازە لە سەر بنەمایەکی فراوان و لە کاتی یاسایی خۆیدا دابمەزرێت، هەموو ئەو

لایەنانە بگرێتەوە کە مەوجودیەتیان لە ناو پەرلەماندا هەیە. دامەزراندنی حکومەت کلیلە سەرەکییەکەی قۆناغی تازەی کوردستان پێك دەهێنێت،بۆیە بەوپەڕی لە خۆبوردوویی پێویستە کار بۆدامەزراندنی بکرێت و زۆر بایەخ بەوە نەدرێت کە سەرۆکایەتییەکەی دەدرێتە کێ و کام لایەن لەمبوارەدا هەق وایە، تەنیا کەفائەت و شارەزایی و لێوەشاوەیی مەحەك بێت.

لەوانەش بەولاتر، پێویستە بە جورئەت دان بەوە بنرێت کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان جیاوازییان لە نێواندا هەیە لە بواری بەرنامە و تێڕوانین و لێکدانەوەو بۆچوونی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری ، ڕەنگە زەرەری زۆر گەورە بە دەستکەوتەکان بگات ئەگەر خۆمان لە ناو بازنەی ئەو جیاوازیانە حەشار بدەین و ئامادە نەبین بۆ هێڵە هاوبەشەکانی نێوانمان بگەڕێین.

لێرەدا، جەغت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، یەك لە بەها سیاسی و یاساییە گرنگەکانی کاری لەمەودوامان ئەوەیە هەموو لایەك وەکو یەك ئیلتیزامێکی ئەمین و راستەقینەو سەرراستانە بە مەرجەعیەتی سەرۆکی کوردستان هێژا مەسعود بارزانی بنوێنن. سەرۆك هەمیشە نیشانەی یەکێتیی ئیرادەی میللەتانە، بۆیە پێویست دەکات لەو قۆناغە ناسك و زەحمەتەدا، کورد بە هەموو لایەنە سیاسییەکانەوە، یەك دەنگ و یەك خواست و یەك هەڵوێست بێت بەرامبەر بە بەهای سەرۆکایەتی و خۆ لەو پێوانە ئایدیۆلۆژیانە دەرباز بکەین کە ئیرادە بەرامبەر بە پێگەی سەرۆکایەتی پارچە پارچە دەکات.

لەمبوارەدا، پێویستە ئەوە لەبەر چاو بگرین کە جەنابی سەرۆك بە زۆرینەیەکی گەورەی هەڵبژاردن و لە ڕێگەی دەنگدانی ڕاستەوخۆوە دەرچووە، بۆیە بە پێی یاساو دەستوور، سەرۆکی هەمووانە بە بێ جیاوازی. تەنانەت سەرۆکی ئەو پێکهاتە سیاسییانەیشە کە دەنگیان بۆ نەداوە. ڕێزگرتن لەو مەبدەئە، ڕێزگرتنە لە خواستی تەواوی میللەت و لە بنەمای دیموکراسی و لە سەروەریی یاسا. بگرە مەرجی هەرە گەورەیش پێك دەهێنێت بۆ بەرەو پێشچوون و بەهێز بوونی کەسایەتییە سیاسیەکەی ئەزموونی کوردستان.

بە هەر حاڵ، لە مەسەلەی ناوخۆی کوردستان، هەق وایە ڕێز لە جیاوازییەکانمان بگرین و هەمیشە بیانخەینە ناو قەوارەی یاسا و ڕێگە نەدەین هیچ پەنجەو دەستێکی دەرەکی لە ڕێگەی ئەو جیاوازییانەوە بخشێنە ناو کوردستان. لە هەمان کاتیشدا یەکریزو یەکگرتوو و یەك دەنگ و خواست بین بەرامبەر بە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان و سەرۆکایەتی. لە هەمان کاتیشدا، بە گیانی ڕەخنەو چاوەدێری و مەسئولییەت تەماشای کارو کردەوە ناوخۆییەکان بکەین و لێیان نەسڵەمینەوەو هەوڵی چارەسەرکردنی یاساییان بدەین.

لە بارەی خاڵی دوومیشەوە، کە هەڵوێست و چۆنیەتی جولانەوەمانە لە سەر ئاستی عێراق، ئەوا جەنابی سەرۆك گوتەنی، دەبێت بە یەك دەنگ و ئیرادە کار بکەین. ئەوەی ڕاستی بێت چۆنیەتی دارشتنی هەڵوێست و جولانەوەی سیاسی و بەرنامەکان لە ناو عێراق دا یەك لە مەسەلە هەرە گرنگ و ستراتیژییەکانی ئەزموونی دیموکراسیی کوردستانە. ئەگەر لەو بوارەدا یەکگرتوو بین و لە ناو قەوارەی یەك لیستدا بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق دابەزین و بە هەموو لایەك وەك یەك دەنگ پارێزگاری لە بابەتە نەتەوەییە گرنگەکان بکەین، ئەوا گومانی تێدا نییە، دەرفەت لە دوژمنان دەبڕین لەوەی زیان لە هەموو لایەکمان بدەن و لەو ڕێگەیەشەوە دەسکەوتەکانی کوردستان سەر لە نوێ زەوت بکەنەوەو ڕۆڵی کوردیش لە ناو عێراقدا بچووك بکەنەوە.

لێرەدا، دەبێت ئەوە لەبەر چاو بگرین کە هەندێك لە ڕەوتە سیاسییەکانی عێراق بە تایبەتی لە ناو حکومەتی عێراقدا، هیوای گەورەیان بەوە هەبوو لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ٧/٢٥ وەوە درز بکەوێتە جەستەو ڕۆحی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانەوە. لە ڕێی ئەو درزانەشەوە، ئەوان بتوانن زیان بە ئامانجە ستراتیژییەکانی کوردستان بگەیەنن و سستی و سڕی بخەنە ناو پێگەو هەڵوێستە مەبدەئیەکانی جەنابی سەرۆك. پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا هێزە سیاسییەکانی کوردستان ئامادەن ئەو مەرامە گڵاوەی دوژمنان جێبەجێ بکەن؟ یا رازی نابن بەوەی هیچ درزێك بکەوێتە یەکێتیی هەڵوێستی سیاسیان لە بەغدا؟

ڕاستە، جەنابی سەرۆك نیسبەتێکی ئەوتۆی دەنگی هێناوە کە ئیتر هیچ هێزێکی بەغدا ناتوانێت نکوڵی لە هێزو شەرعیەتی بکات، بەڵام کارێکی نابەجێیە ئەگەر ئەو هێزو شەرعیەتە، بە یەکخستنی هەوڵ و توانای هێزە سیاسیەکانی دیکەی کوردستان بەهێزتر نەکرێت. کارێکی نابەجێیە، پارچە پارچەیی بخەینە ناو هەڵوێستی کوردو ئینجا داوای ئەوەیش لە جەنابی سەرۆك بکەین کە بە شێوەیەکی بێ گرێ و بێ کێشە مافەکانمان لەگەڵ بەغدا دابین بکات. لەمەودوا، بەرژەوندییە ستراتیژییەکان، پێویستیان بەوەیە هەموو لایەك لە ژێر سێبەری جەنابی سەرۆك و هەوڵ و کۆششەکانی بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ و پاراستنی هێزی پێشمەرگەو چارەسەرکردنی فایلی نەوت و غازو دابینکردنی دیموکراسی بۆ هەموو عێراق یەك بخەن.

بەغدا، لە ئەمڕۆی سیاسەتی ئەمریکاو دەوڵەتانی ئەوروپاو ناوچەکە پێگەیەکی گرنگە، مەوجودییەتی کورد لە بەغدا، لەسەر بنەمای یەکگرتوویی هەڵوێست و یەکگرتوویی قەوارەی سیاسی و یەکگرتوویی خواست، لە مەوجودیەت و کارو کۆششی کورد لە کوردستان کەمتر نییە. دیموکراسی لە عێراق مەودایەکی فراوان لەبەردەم بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دەکاتەوە، بۆیە دەبێت ئەو دەرفەتە لە دەست نەدەین و بە یەك لیست لە بەغدا کاری نەتەوەیی کورد رابپەڕێنین.

بە کورتی، قۆناغی دوای هەڵبژاردن پێویستیی بە یەك خواستی و یەکتری قبوڵکردن و باوەرهێنان بە فرەخوازی هەیە، چەندی ئەو مەبدەئانە قبوڵ کران، ئەوەندە دەسەلمێنرێت کە کورد شایەستەی هەموو مافێکە وەك میللەتە زیندووەکانی دیکەی جیهان.

**هێزە سیاسییەکانی کوردستان جیاوازییان لە نێواندا هەیە ڕەنگە زەرەری زۆر گەورە بە دەستکەوتەکان بگات ئەگەر خۆمان لە ناو بازنەی ئەو جیاوازیانە حەشار بدەین و ئامادە نەبین بۆ هێڵە هاوبەشەکانی نێوانمان بگەڕێین**

**قۆناغی دوای هەڵبژاردن پێویستی بە یەک خواستی و یەکتری قبوڵکردن و باوەرهێنان بە فرەخوازی هەیە**

## هەقیقەت سوودی چییە کاتیک هیچ کەسێک نایزانێت؟

# سیاسەت بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی هاوبەشە



د.شیرزاد نەجار

فەیلەسوفی بەناوبانگی یۆنانی (ئەرستۆ تالیس — لە ٣٢٢ پ. ز کۆچی دوایی کردووە) لەکتێبەکەیدا بەناونیشانی (سیاسەت) زۆر بەوردی مانای سیاسەتی دیاریکردووە، بەوەی سیاسەت بریتیە لەچالاکیەکی مرۆیی ئامانجی بەدیهێنانی سوودی گشتی هاوبەشە یان بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتیە. بەم مانایە سیاسەت بریتی نییە لەبیرکردنەوە سەبارەت بەشێوازێکی دیاریکراو کە بەهۆی زەمەن و مەکانەوە دیاریکرابێت، بەڵکو سیاسەت بریتیە لەبیرکردنەوە لە(مەسەلە گشتیەکان) کە لەوانەیە لەهەموو زەمان و شوێنیکدا بوونی هەبێت، ئەو مەسەلە گشتییەش بریتیە لەخێری گشتی، بەواتەیەکی دیکە بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی بۆ ئەو گروپە. بەمجۆرە، سیاسەت لەسەردەمی یۆنانەوە بریتیە لە (هەموو ئەو چالاکیانەی کە پەیوەستە بەجیهانێکی هاوبەشەوە) ئەمەش واتە پرۆسەی سیاسیی یان پیادەکردنی سیاسەت بەشداربوونە لەژیانی هاوبەش، وەك پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، بریتیە لە (چالاکییەکی ئینسانی) بەڵام چالاکییەکی پاك، ئەمە تەنها چالاکییە کە مرۆڤ لەپێناویدا قوربانی بەگیانی خۆی دەدات.

هەروەها سیاسەت تەنها بوارە کە دەسەڵاتی سیاسی تێدا پیادەدەکرێت، لەسەردەمی یۆنانیشەوە هیچ کەسێك خاوەنی نەبووە، بەڵکو دەسەڵات شوێنی ململانێ بووە لەپێناوی ئەوەی دانپێدانانی گشتی لەلایەن هاوڵاتیان یان کۆمەڵگەوە بەدەستبهێنن، بەپێی ئەو چەمکەی یۆرگن هابرمازی فەیلەسوفی هاوچەرخی ئەڵمانیا دیاریکردووە، ئەوانەی گۆڕەپانی گشتی پێکدەهێنن.

کەواتە ئەوانەی کار لەسیاسەت دەکەن و پیادەی دەکەن، ئەو کەسانەن کە بەدانپێدانانی گشتی دەسەڵاتیان هەیە، ئەمەش پێماندەڵێت دەسەڵات ئیمتیازێکە بۆ ئەوان بەڵام لەهەمانکاتدا پابەندبوونیشە لەسەریان. لەگەڵ ئەمانەشدا دیسان سیاسیەت تەنها لەسەر ئەوانە تاپۆ نەکراوە بەڵکو ئەرکی هەموانە یان ئەرکی هاوڵاتیانیشە. دەسەڵاتداران یان بەشێوەی راستەوخۆ (دیموکراتییەتی راستەوخۆ) یان بەشێوەی ناراستەوخۆ (دیموکراتییەتی ناراستەوخۆ) بابەتە پەیوەندیدارەکانی بەرژەوەندی گشتی موناقەشەدەکەن.

لەسەردەمی یۆنانیەکانەوە سیاسەتمەدار تەوەری پرۆسەی سیاسیی بووە، بۆیە پێویست بووە لەسەر هەموو سیفەتە ئەخلاقییەکان وەك (دادپەروەری، خواپەرستی و قوربانیدان) بسەلمێنێت، لە (وتویژەکانی ئەفلاتوندا) هاتووە (فەزیلەی مرۆڤ ئەوەیە، کە توانای ئەوەی هەیە سەرکردایەتی خەڵك بکات و، گۆڕەپانی سیاسیش هەموو کاروبارە مرۆییە گرنگ و باشەکان دەگرێتەوە، هیچ خێریکیش بۆ مرۆڤ لەوە گەورەتر نییە، کە بتوانێت لەکۆبوونەوەکاندا خەڵك باوەڕمەند بکات.

باروودۆخی بابەتی تازەی هەرێمی کوردستان

ئەو باروودۆخە بابەتییە تازەیەی خەریکە لەژیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەردەکەوێت، پێویستییەکی گرنگی هێناوەتە ئاراوە بۆئەوەی بەشێوەیەکی بابەتیانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.

هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥/٧/٢٥ ئاکامی تازەی پێداوین و هەندێك هێز و هاوکێشەی تازەی هێناوەتە ئاراوە کە شایستەی ئەوەن هەڵوەستەیان لەسەر بکەین، بەجۆرێك بەدرێژی لێی وردبینەوە ئاکامەکان پوخت بکەینەوە کە خزمەتی بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی و خێری گشتی هاوڵاتیان بکات.

هەڵبژاردنی تەندروست و دەقیق، وردترین پێوەرە بۆ پێوانەی زانینی رای گەل، بۆیە وای دەدەنێین، ئەو هەڵبژاردنانە دەربڕی رای گەلە لەهەرێمدا، بۆیە دەبێت رێز لەو رایە بگیرێت و ملکەچی بین و بەپێی ئەو ئاکامانە هەنگاو هەڵبگرین، ئەمەش مانای ئەوەیە هەموو ئەوانەی لەم هەڵبژاردنە سەرکەتوون، نوێنەرایەتی بەشێك لەرای گەل دەکەن، بۆیە سەرەنجام دەبێت زۆر بەجیدیی یەکتر قەبوول بکەن و هەڵوێستەکانیان بخوێنرێتەوە، بەجۆرێك

ئەو هەستە لای گەل دروستببێت کە هێزە سیاسییەکان ڕێز لەو رایە دەگرن.

کەواتە لەدوای ٢٠٠٩/٧/٢٥ ەوە، پرۆسەی سیاسیی لەهەرێمی کوردستان لەبەردەمی (بەردەوامیەکی تازە)یەو خۆی فەرز دەکات لەسەر ئەوانەی سەرکردایەتی ئەو پرۆسەیە دەکەن، بۆیە لێرەدا قەبارەو لێهاتوویی ئەوان دەردەکەوێت، لەمبارەیەوە ئەرستۆ دەڵیت: ( چەمکی سەرکردایەتی بەمەعریفە دەپێورێت، هەر توانایەك بۆ پیادەکردنی دەسەڵات دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مەعریفەیەی کە پێویستە بخرێتەگەڕ بۆئەوەی سەرکردایەتی خەڵکی پێبکرێت. هەربۆیە سیاسەتمەداری باش ئەو کەسەیە کە دەیسەلمێنیت، سیفەتی تایبەتی ئەوتۆی هەیە کە لەگەڵ ئەو گروپەی سەرکردایەتی دەکات بگونجێت و، ئامانجیشی خێری گشتییە، بەمجۆرە دەبێت پیادەکردنی ئەم پرۆسە سیاسییەی لەهەرێمدا پیادەدەکرێت، دەبێت ئامانجی بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی بێت، کە ئەم ئامانجە بۆ هەمووان ئامانجێکی دادپەروەرانەیە، لەگەڵ گەوهەری ژیانی سیاسیشدا دەگونجێت. بۆیە دەبێت بەردەوامی تازەی ژیانی سیاسیی لەهەرێمدا بەرەو بەرژەوەندی گشتی و خێری گشتی و دادپەروەری ئاراستەبکرێت.

لێرەدا پرسیارێکی پێویست و گرنگ سەرهەڵدەدات، ئەویش ئەوەیە: (چۆن دەتوانین ئەم مەسەلە پاك و جوانە (بەرژەوەندی گشتی و خێری گشتی) لەچوارچێوەی بارودۆخی ئێستای هەرێمدا بەدیبهێنین؟ لەسەرەتادا دان بەو هەقیقەتە دادەنێین، کە ژیانی سیاسی حاڵەتێکی دینامیکی بەردەوامە، بەڵام نەك بەشێوەیەکی وەستاو بەڵکو بەشێوەیەکی بەردەوام بەشێوەیەك لەشێوەکان، بەمجۆرە دەبینین بارودۆخی ئێستای هەرێم بارودۆخێکی ئاسان و سادە نییە، بەڵکو بریتییە لەبارودۆخێکی ئاڵۆز و تێکچرژاو لەچەندین سەرچاوەی هەمەجۆری ناوەوە و دەرەوە رووبەڕووی گوشاری توند و قورس دەبێتەوە، بۆیە دەبێت پێکهێنانی ژیانی سیاسیی هەرێم بەئاستی ئەو گوشارانە بێت، لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت ژیانی سیاسی لەهەرێمدا بەشێوەیەکی دینامیکی بەردەوامی هەبێت و، بارودۆخی ئێستا دەبێت بەردەوامی هەبێت، بەڵام بەشێوەیەکی دینامیکی و بەپێی هاوکێشە سیاسییە تازەکان کە ریزبەندییەکی تازەی دروستکردووە لەبەر رۆشنایی ئاکامەکانی دەنگدان بەردەوامی هەبێت، ئەم بارودۆخە تازەیە شێوازێکی تازەی مامەڵەی سیاسیی دەسەپێنێت کە دەکرێت بەچەند خاڵێك ئاماژەیان پێبکەین:

-١ دەبێت بەجیددی رێز لەڕای گەل بگیرێت کە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە هێناویەتە ئاراوە (ئەمە وێڕای ئەو رەخنانەی ئاراستەکراون).

-٢ ڕێزگرتنی ئاکامەکانی دەنگدان، کە دەبێت بەشێوەیەکی ورد و بابەتیانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.

-٣ بەوجۆرە کار بکرێت کە بەردەوامی سیاسەتی ژیانی سیاسی لەهەرێمدا، رەنگدانەوەی وردی ئەو ئاکامانەو سەرەنجام رەنگدانەوەی وردی رای گەل بێت.

-٤ ئەم واقیعە فەرزی دەکات، هەموو هەوڵی خۆمان بخەینەگەڕ بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانی یەکگرتوو بۆئەوەی توانای ئەوەی هەبێت رووبەڕووی ئاستەنگ و تەحەددییەکان ببێتەوە.

لەدوای ٢٠٠٩/٧/٢٥ ەوە، پرۆسەی سیاسیی لەهەرێمی کوردستان لەبەردەمی (بەردەوامیەکی تازە)یەو خۆی فەرز دەکات لەسەر ئەوانەی سەرکردایەتی ئەو پرۆسەیە دەکەن، بۆیە لێرەدا قەبارەو لێهاتوویی ئەوان دەردەکەوێت

چەمکی سەرکردایەتی بەمەعریفە دەپێورێت، هەر توانایەک بۆ پیادەکردنی دەسەڵات دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مەعریفەیەی کە پێویستە بخرێتەگەڕ بۆئەوەی سەرکردایەتی خەڵکی پێبکرێت

